

محەمەد موحسین، شارەزا لە بواری ئابووریی دارایی:

## لە عێراقدا سیاسییەکان لە بری ئابووریناسان بڕیار لەسەر قەیرانی ئابووری و دارایی دەدەن

# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠١)- (١٧)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٢


سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە:

# پێشمەرگە توانای تێکشکاندنی تیرۆریستان و هەڕەشە سەربازییەکانی دیکەی هەیە

چەند لیوایەکی یەکەی حەفتا و هەشتا ڕێکخراون و گواستراونەتەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە

پەکەکە لە ڕووی سەربازییەوە لە کوردستانی تورکیا هیچ کاریگەری نەماوە و ئێرەشی کردووەتە گۆڕەپانی شەڕ






**پەیامی پیرۆزبایی مستەفا بارزانی بۆ سەرکردایەتیی کاتی لە ١٩٧٥:**

## به هەموو شێوەیەک خزمەتکاریی میللەت بکەن ئەگەر وابن وەک کوڕی خۆم تەماشاتان دەکەم

وێڕای بارودۆخە قەیراناوییەکانی ناوچە، لەگەڵ ژمارەیەک کادیری دڵسۆز و ئازا و کۆڵنەدەری پارتی سەرقاڵی دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتی بووین. دواکۆبوونەوە لە ١٢هەتا ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ئەنجام درا، دوای هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخ و گۆڕینەوەی بیروڕاکان و سەرنجدان بە ڕای سەرجەم هەڤاڵان، لە پێناوی دەستپێک و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش چەندین بڕیاری گرنگ و چارەنووسساز دەران کە یەکەمین بڕیاریان «پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی کاتی بوو لەم هەڤاڵانە «ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵا، نووری شاوەیس، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم، محەمەد ڕەزا، ئازاد بەرواری، عارف تەیفوور، کەریم شنگالی». لە ڕۆژی ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ یەکەم بەیاننامەمان لەژێر ناوی «کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە» بڵاوکردەوە. کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات و تیکۆشان، بووە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانمان .

لەو دۆخە هەستیارەدا، ژمارەیەکی بەرچاوی هەڤاڵ و کادیرە بە ئەمەک و ئازا و دڵسۆزەکانی ڕێبازی بارزانی بە تەواوەتی بۆ هەر ئەرک و قوربانییەک لە پێناو شۆڕش و ئامانجەکەیاندا ئامادە بوون. ئەوان کاریگەریی بەرچاویان لە بەردەوامیدان و زیندوو هێشتنەوەی شۆڕش و گەیاندنی دەنگی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە جیهان هەبوو و، ئەو ڕاستییەمان سەلماند کە گەلی کورد خۆی ناچەمێنێت. پاش ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتی، جەنابی بارزانی-ی نەمر لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە هەڤاڵانی سەرکردایەتیی کاتی کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی: «پیرۆزبایی لە خۆیان و بیروبۆچوونیان دەکەم، داوای من لەوان ئەوەیە کە خەمخۆری گەل و نیشتمان بن، هەوڵ بدەن دڵی میللەت نەڕەنجێنن، بە هەموو شێوەیەک ئاگاداری هەست و شعووری میللەت بن و خزمەتکاری بکەن، چونکە ئەگەر میللەت نەبێت، ئەوان هیچ نین، هێدی و هێمن و لەسەرخۆ بجووڵێنەوە، دوژمن زاڵم و بێ بەزەییە، ئەگەر وابن منیش و میللەت پشتگیریی تەواویان دەکەین، وەک کوڕی خۆم تەماشایان دەکەم.»

# چاپکراوی نوێ




(هونەری ئەبستراکت) کتێبێکی تازەی نووسەرو هونەرمەند(حەمە هاشم) کە هاوکارمان (لوقمان ڕەشیدی) کاری گرافیک و دیزاینی بۆ ئەنجام داوە، بە بەرگێکی ناوازەوە کەوتە بەردەستی خوێنەران و هونەرمەندانەوە. ئەبستراکت وەک ڕێبازێکی هونەریی سەربەخۆ، مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ناتوانرێت ئەم مێژووە وەک بینگەی یەکەمی ئەم هونەرە بدەینە قەڵەم، چونکە ئەبستراکت هەروەک لە کتێبەکدا باسکراوە، شوێنی بینراو و دروستکردن و هەست پێکردنی مرۆڤ بۆ ئەم هونەرە دیرۆکێکی کۆنتری هەیە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو شێوە ئەبستراکتیانەی کە پێشتر خراونەتە ڕوو، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی ڕێکخراویان بۆ نەکراوە.

نووسەر لە کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەبەست لەم هەوڵ و شیکردنەوە بۆ ئەم ڕێبازە تێڕوانینی زانستیی ئیستاتیکییە بۆ هونەرەکەو بینینی ئەندێشەیی خۆیەتی بۆ شێوە، کە تێکڕای بابەتەکە پەلکێشمان دەکات بۆ هەندێ ڕامانی مۆدێرنانە بۆ هونەر، وەک سەرەتایەکی دەرکەوتنی کازیوەی هونەری مۆدێرن و بەردەوامێتی لە قۆناغەکانی پۆست مۆدێرنەشدا لە هونەری شێوەگەری.

نووسەر کتێبەکەی بەسەر چەندین ناونیشاندا دابەشکردووە، لەوانە: چەمکی ئەبستراکت و تایبەتمەندیی هونەرییەکەی، نەشونماکردنی ئەم هونەرە، پۆلێنکردنی هەندێک لە جۆرەکانی ئەبستراکت، پەیوەندیی بە سوریالیزمەوە، ڕوانینی ئەبستراکتیانە بۆ دیمەن، ئەبستراکت لەهەر یەک لە تەلارسازی و پەکەرسازیدا، هەروەها فەلسەفەی ئەبستراکت، لە دوا بەشی کتێبەکەشدا ئاماژە بۆ بزووتنەوەی ئەبستراکت لە کوردستان دەکات، کە تێیدا ئاماژە بە چەندین هونەرمەند دەکات کە ڕۆڵیان هەبووەو هەیە لەم بوارەدا..

پیرۆزبایی لە نووسەرو هونەرمەند (حەمە هاشم) دەکەین کە لەم بەرهەمەدا بە وردەکارییەکی هونەریی سەرکەوتووانەوە لە چەمک و ڕێبازی (هونەری ئەبستراکت) دواوە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و لە چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتر.

شێروان دووبەردانی :



پارتی دەرگای والایە بۆ هەموو هێزە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی یەک دەنگ و یەک بڕیار بین

رائیدی پۆلیس سەرکەوت کارەش :




پێشبینی دەکرێت ڕووداوە سرووشتییەکان زیاتر بن، پێویستە ئێمەش لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییانەدا بین

جۆشوا لاندیز :



سزاکانی ئەمریکا ڕێگرن لەوەی وڵاتان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سووریا ئاسایی بکەنەوە

هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی :



ئێران و سعودیە دەیانەوێت سیاسەتی پراگماتی هەڵبگرن نەک ئایدیۆلۆژی





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێلان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

ئەندازیار عەلی ئیسماعیل :



**پێوەری زیرەک کۆتایی**
**بە سەدان سەرپێچی و**
**زێدەڕۆیی لە کارەبا هێنا**




ئەندریا پێشڕەو:

**بڕوابەخۆبوون کلیلی**
**کردنەوەی دەرگا**
**داخراوەکانە**

هەردی باودین:

**سوپاس بۆ خودا جێدەستم**
**زۆر بە ڕوونی دیارە و ئێستا**
**بەرهەمەکەی دەبینرێت**



**ئامێرێک بۆ چاودێری**
**ئافرەتانی دووگیان**






**شوکولاتەی تاریک حەوت**
**سوودی تەندروستیی**

**نارین فەقە**
**وەک یەکەم هونەرمەندی کورد**
**بەشداریی لە**
**(Voice of Change)دا کرد**






### پرۆسەی سیاسیی عێراق

# لە نێوان کۆتایی تیۆری دۆمینە و دەستپێکی تەختەی شەترەنجدا



دوای یەکەمین کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگرەکەی، هەر دوو پەرلەمانتار «مەحموود مەشهەدانی و باسم خەشان» تانەیان لە شێوازی یاسایی و دەستووری بۆ دادگای فیدراڵی بەرزکردەوە، بەمەش دادگای فیدراڵی بڕیارێکی وەلائی دەرکرد، «هەتا ئەم پرسە یەکلا دەبێتەوە، کارەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕابگیردرێت». وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەم بڕیارە، موقتەدا سەدر لە تویتێکدا ڕایگەیاند: «ئەگەر بڕیاری دادگای فیدراڵی بە بێ گوشاری ئەم لا و ئەو لا بۆ ڕاگرتنی کاتی کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان درابێت، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان و پەنا نەبردنە بۆ توندوتیژی لە هەمبەر پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی»، ئەم هەڵوێستەی سەدر بەرامبەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی کە لە بنەڕەتدا لەلایەن دوو پەرلەمانتارەوە «وەك دوو کێشەی کەسی» بەرز کراوەتەوە بۆ دادگا، ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەگەر تەنیا کێشەی «کەسی» ئەو دوو پەرلەمانتارە بێت و لەژێر گوشار و بۆ بەرژەوەندیی لایەکی دیکە ئەمەیان نەکردبێت، ئەوا نەك هەر کارێکی ئاساییە، بەڵکو هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەمانی عێراق و پیادەکردنی کارەکانیان لەڕێگەی یاسا و دوور لە توندوتیژی.

هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی، چەند هێرشی چەکدارییش کراونەتە سەر «بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارەگای حزبی تەقدوم»، هەروەها چەندین هێرشی دیکەش بە کاتیۆشا کراونەتە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و لە چەند شوێنێکی دیکەی عێراقیش، لە هەمبەر ئەم هێرشانەش کە بە هێرشی « گرووپە لە یاسا دەرچووەکان» ناوزەد دەکرێن، هەڵوێستی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، بەتایبەتی «هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری و عەسائیبی ئەهلی حەق بە سەرۆکایەتیی قەیس خەزعەلی و دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی» بە سەرکۆنەکردنی ئەم هێرشانە و خۆبێبەریکردنیان لەم گرووپانە، ئەمیشیان جێگەی هەڵوەستەیە و، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە چاودێران وەك تاکتیك بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کارانە سەیری دەکەن، بەڵام سەرکۆنەی دەستەجەمعیی لایەنە دیارەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەناو ئەوانیشدا وەرچەرخانێك دروست بووە و چیتر بە گەمەی «دۆمینە» ناتوانرێت مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی عێراق بکرێت و، کارێکی ناچارییە کە هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەر تەختەی شەترەنجەکە.

**هاوكات لەگەڵ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی، چەند هێرشی چەكدارییش كراونەتە سەر «بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموكراتی كوردستان، بارەگای حزبی تەقدوم»، هەروەها چەندین هێرشی دیكەش بە كاتیۆشا كراونەتە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە بەغدا و لە چەند شوێنێكی دیكەی عێراقیش**

**سەدر و لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، ئەگەر لە هەموو شتێكدا پێكناكۆك بن، ئەوا لەسەر ئەو خاڵە كۆكن كە بە هۆی سیاسەت و حوكمڕانیی خراپی ئیسلامی سیاسیی شیعەوە، شتێك لە عێراقدا نەماوە ناوی «دەوڵەت» بێت، بۆیە هەردوو لایان پێداگری لەسەر هێزی دەوڵەت و گەڕانەوەی دەوڵەتی یاسا دەكەن**

**ئەو خەیاڵە كە تەنیا زۆرینەی شیعە حوكمڕانیی عێراق بكات، كۆتایی هاتووە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی عێراق لەلایەن نەتەوە، یان مەزهەبێكی دیاریكراوەوە ناتوانرێت حوكمڕانی بكرێت**

## ● حوکمڕانیی شیعە گەیشتووەتە لێواری هەڵدێر

سەدر و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، ئەگەر لە هەموو شتێکدا پێکناکۆک بن، ئەوا لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە بە هۆی سیاسەت و حوکمڕانیی خراپی ئیسلامی سیاسیی شیعەوە، شتێك لە عێراقدا نەماوە ناوی «دەوڵەت» بێت، بۆیە هەردوو لایان پێداگری لە سەر هێزی دەوڵەت و گەڕانەوەی دەوڵەتی یاسا دەکەن، بەڵام خاڵی سەیر کە پێویستی بە هەڵوەستەلەسەرکردن هەیە، ئەوەیە ئایا چەمکی «دەوڵەت» لای هەر دوو بەرەی سەدر و لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەمانگیی شیعە بە چ مانا و دەلالەتێك بەکار دەهێندرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا توێژەران و چاودێران ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەن:

١. بەشێك لە توێژەر و چاودێران دەڵێن: گوتاری «دەوڵەتی» کە سەدر ئاراستەی دەکات، ڕاشکاوانە ئاراستەی نێوماڵی شیعەی دەکات، ئەمەش بەو مانایەی کە «دەوڵەت» لە گوتاری سیاسیی سەدردا تەنیا دووبارە ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانییە لەناو ئەو پارێزگایانەی کە زۆرینەیان عەرەبی شیعەن و، هەر خۆیشی بە شەخسی و بەبێ ئەوەی بەناو ئەو «زۆرینە نیشتمانی»یەی پێکهێنابێت، ڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری پارێزگای نەجەف وەردەدات و پارێزگارەکەی ناچاری دەست لەکارکێشانەوە دەکات.

٢. لە بەرامبەردا، لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەش ڕاشکاوانە ئەوەیان نەشاردووەتەوە و ڕایانگەیاندووە کە مەبەستی سەدر، نە هەرێمی کوردستانە نە پارێزگاکانی عەرەبی سوننە، بەڵکو تەنیا مەبەستی کۆمەڵگەی شیعەیە، بۆیە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەم کارە بە تەنیا لەلایەن «سەدر» نەکرێت و پێکەوە ڕێکبکەون و حوکمڕانییە شکستخواردووەکەی کۆمەڵگەی شیعە ڕاست بکەنەوە، لەمەدا سەدر بە هیچ شێوەیەك نایێتە ژێر بار، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمەی کرد، شەقامی سیاسی دەدۆڕێنێت کە هەموو کات کارتە بە هێزەکەی دەستی سەدر بووە.

٣. لەلایەکی دیکەوە گوتاری سەدر بۆ پێکهێنانی « زۆرینەیەکی نیشتمانی» بۆ هەریەکە لە کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی ئەو خەیاڵەی پێشان سەبارەت بە «زۆرینە» لەلایەن ئیسلامی سیاسیی شیعەوە هەبووە، بۆ ئەوەی تەنیا زۆرینەی شیعە حوکمڕانیی عێراق بکات، ئەو خەیاڵە کۆتایی هاتووە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی عێراق لەلایەن نەتەوە، یان مەزهەبێکی دیاریکراوەوە ناتوانرێت حوکمڕانی بکرێت، ئەم ئاراستەیە لە گوتاری لایەنە سیاسییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەش ئاراستەی هەردوو لایەنی کۆمەڵگەی سوننە و هەرێمی کوردستان کراوە و، کورد و عەرەبی سوننە، ئیشکالیەتیان لەگەڵ هیچکام لەو دوو گوتارە سیاسییەی « سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» نییە، بەڵکو پەرتەوازەیی نێوماڵی شیعە و ئەو دژایەتییە گەورەیەی نێوان «سەدر و مالیکی» گەیشتووەتە ئەوەی پەنا بۆ پاشاگەردانیی ناو دانیشتنەکانی پەرلەمان ببرێت و، لە ناو ئەو پاشاگەردانییەدا کێشەکان بزر بن و کەس نەزانێت چین.

٤. لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، شەڕی ئێستای «سەدر و چوارچێوەی هاوپەیمانی» لەسەر چەمکی دەوڵەت بە مانای «دەوڵەتی عێراق» نییە، بەڵکو بە مانای «کۆمەڵگەی شیعەیە» کە بنکەی جەماوەریی هەردوو لایەنی «سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی»یە، کە ئەویش «شەڕی دەسەڵاتە»، هەر بۆیە ئەگەر سەدر بتوانێت کوتلەی گەورە پێکبهێنێت، ئەوا چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ناتوانێت «ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانی» بێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، لەمەش زیاتر ئەگەر وەك لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەش داوا دەکەن، دەبێت سەدر مل بدات بۆ سازان، یان «تەوافق»، ئەوە ئەمە مانای ئەوەیە لایەنەکانی تەیار دەیانەوێت لەسەر حیسابی سەدر جەماوەری خۆیان ئاشت بکەنەوە، کە ئەمەیان بۆ سەدر هێڵی سوورە.

ئەم واقیعە ئەوەمان پێ دەڵێت: کیشەی

**پەرتەوازەیی نێوماڵی شیعە و ئەو دژایەتییە گەورەیەی نێوان «سەدر و مالیکی» گەیشتووەتە ئەوەی پەنا بۆ پاشاگەردانیی ناو دانیشتنەکانی پەرلەمان ببرێت و، لە ناو ئەو پاشاگەردانییەدا کێشەکان بزر بن و کەس نەزانێت چین**

**شەڕی ئێستای «سەدر و چوارچێوەی هاوپەیمانی» لەسەر چەمکی دەوڵەت بە مانای «دەوڵەتی عێراق» نییە، بەڵکو بە مانای «کۆمەڵگەی شیعەیە» کە بنکەی جەماوەریی هەردوو لایەنی «سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی»یە، کە ئەویش «شەڕی دەسەڵاتە»**

**ئەگەر سەدر بتوانێت کوتلەی گەورە پێکبهێنێت، ئەوا چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ناتوانێت «ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانی» بێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە**

**لایەنەکانی تەیار دەیانەوێت لەسەر حیسابی سەدر جەماوەری خۆیان ئاشت بکەنەوە، کە ئەمەیان بۆ سەدر هێڵی سوورە**

عێراق وەك «دەوڵەت» ئێستا لەلای هەر دوو بەرەی ئیسلامی شیعە (سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە)، کێشە و شەڕی دەسەڵاتە لە ناوماڵی شیعە لە نێوان دووبەرەی ئیسلامی سیاسیی شیعەدا، بە دیوێکی دیکەدا جیاوازیی نێوان «سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی» ئەوە نییە کە لایەکیان مۆدیلێکی جیاوازی دەوڵەتداری لەوی دیکەیان دەوێت، بەڵکو جیاوازی ڕیشەیی ئەوەیە کە لایەکیان کە «سەدرە» هەست دەکات بنکەی جەماوەری لە لایەکەی دیکە (چوارچێوەی هەماهەنگی) بەهێزترە و دەیەوێت خۆی جڵەوگیری سیاسەتی ماڵی شیعە بکات، بەڵام لە بەرامبەردا لایەکەی دیکەش (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات بە «کورسی» دۆڕاندوویەتی نەك بە «دەنگ»، ئاماژەیەکی دیکەی ڕوونە بەوەی بە ئاسانی تەسلیم نابێت، بەڵام لە هەر دوو حاڵەتەکەدا چ ئاراستە بەرەو «زۆرینەی نیشتمانی» بڕوات، وەك سەدر بانگەشەی بۆ دەکات، یان بەرەو «سازان و تەوافق» بڕوات، وەك چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بانگەشەی بۆ دەکات، پرسی گرنگ ئەوەیە کە حوکمڕانیی ئیسلامی سیاسیی شیعە لەسەر هەڵدێرە و دەستی دەرەکی نەبێت، لەسەر لێواری هەڵدێر ناگەڕێتەوە.

## ● کورد و سوننە لە ناو ئەم نەخشە سیاسییە تازەیەی عێراقدا

پێکهاتەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا بە گشتی و هەر دوو لایەنی هاوپەیمان «عەزم و تەقدوم» دەیانەوێت سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و لۆژیکی سەرۆك بارزانی وەربگرن، ئەمەش بەو مانایەی «بۆ ئایندە بڕوانن، نەك بۆ ڕابردوو بگرین». لەسەر ئەم بنەمایە لەگەڵ ئەو بۆچوونە لۆژیکییەی سەرۆك بارزانی یەك دەگرنەوە کە هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ جەختی لە سەر دەکاتەوە، بەوەی دەبێت هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کورد و سوننە و شیعە» هەر یەکەیان بەپێی دەستووری عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا خۆیان حوکمڕانیی ناوچە و هەرێمەکانی خۆیان بکەن، عەرەبی سوننە کە دوای شەڕی دژی داعش هاتوونەتە سەر واقیعی چەند پارێزگایەکی کاول، ئەوا گەیشتوونەتە قەناعەت، ئەگەر خۆیان هەوڵ نەدەن شارەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، ئەوا کەس بۆیان ئاوەدان ناکاتەوە، لەمەش زیاتر لە کاتێکدا کە پاشاگەردانییە سیاسییەکە کەوتووەتە نێوماڵی شیعە، ئەوا کارێکی باشە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە مامەڵە بکەن، کە عەرەبی شیعە بە ناچاری بوار دەدات، خۆیان ئەو ڕۆڵە بۆ خۆیان بگێڕن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و ئاستی بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، شتێکی تازە لە ناو هاوکێشەکە بۆ ئاراستەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان نەگۆڕاوە و، زۆر لە مێژە سەرۆك بارزانی پێی ڕاگەیاندوون: «نابێت عەرەبی سوننە بۆ ڕابردوو بگرییێت و شیعەش خەون بەوەوە ببینێت کە بە تەنیا حوکمڕانیی عێراق بکات»، ڕووداوەکانی ١٨ ساڵی ڕابردوو گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەوە و ئێستا کەڵەکە بوون، چارەسەریان زەحمەت بووە، ئەوە ئاکامی جێبەجێنەکردنی ئەو گوتارە سیاسییە بوو کە سەرۆك بارزانی ئاراستەی دەکردن، بۆیە لە ئێستادا کە بە شێوەیەکی گشتی و ناچاری ئەو قەناعەتە دروست بووە کە دەبێت هەر پێکهاتەیەك بە قەوارەی خۆی بیر لە ئایندەی عێراق بکاتەوە و، بە قەوارەی خۆی ماف و بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا هەبێت، ئەوا بۆ لایەنی کوردی جێگەی خۆشحاڵییە کە پرۆسەکە بەرەو ڕاستکردنەوەیەکی ئەرێنی دەڕوات و، مەرجی سەرکەوتنی لایەنی کوردیش لەم هاوکێشە تازەیەدا یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی لایەنە کوردستانییەکانە بە گشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، ئەمەش ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکە دەکەوێتە سەر شانی هەمووان و گرنگیشە هەموو لایەك لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بن و، چیتر هیچ لایەك بە تیۆری دۆمینە مامەڵە نەکات و هەموو پێکەوە لەسەر ئەو تەختەی شەترەنجە کۆببنەوە کە سەرۆك بارزانی جووڵەی لۆژیکانەی لەسەر دەکات.

**کیشەی عێراق وەک «دەوڵەت» ئێستا لەلای هەر دوو بەرەی ئیسلامی شیعە (سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی)، کێشە و شەڕی دەسەڵاتە لە ناوماڵی شیعە لە نێوان دووبەرەی ئیسلامی سیاسیی شیعەدا**

**چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات بە «کورسی» دۆڕاندوویەتی نەک بە «دەنگ»، ئاماژەیەکی دیکەی ڕوونە بەوەی بە ئاسانی تەسلیم نابێت**

**پێکهاتەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا بە گشتی و هەر دوو لایەنی هاوپەیمان «عەزم و تەقدوم» دەیانەوێت سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و لۆژیکی سەرۆک بارزانی وەربگرن، ئەمەش بەو مانایەی «بۆ ئایندە بڕوانن، نەک بۆ ڕابردوو بگرین»**

**دەبێت هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کورد و سوننە و شیعە» هەر یەکەیان بەپێی دەستووری عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا خۆیان حوکمڕانیی ناوچە و هەرێمەکانی خۆیان بکەن**



**شێروان دووبەردانی**

**ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# پارتی دەرگای واڵایە بۆ هەموو هێزە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی یەک دەنگ و یەک بڕیار بین

**هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەردوو جێگرەکەی مشتومڕی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتی کە شیعەکان نەیانتوانی وەك یەك بەرە لە ناو پەرلەماندا دەنگ بدەن، ئەم پرسە و پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ شێروان دووبەردانی ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** یەکەمین کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق سوپرایزێکی گەورەی بۆ هەموو لایەك دروست کرد، بە تایبەتی کە توانرا لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگرەکەی بە سەرکەوتوویی دەستنیشان بکرێن، ئایا ئەم وەرچەرخانە چۆن دروست بوو؟**

- دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٠٢١ لەلایان کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و دادگای فیدراڵییەوە پەسند کرا، کە فراکسیۆنی سەدر ٧٣ کورسی و هاوپەیمانیی تەقەدوم ٣٧ کورسی و پارتی دیموکراتی کوردستان ٣١ کورسییان بەدەست هێنا، ئەگەرچی بەداخەوە پارتی ٣٣ کورسی بوو، بەڵام بە ناهەق پارتییان لە دوو کورسی بێبەش کرد، بۆیە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای دادگاوە ئەو دوو کورسییەش وەربگرینەوە. ئەو سێ فراکسیۆنە (سەدر و تەقەدوم و پارتی) لە کۆبوونەوەی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراقدا کە لە نۆی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجام درا، ئەو کۆبوونەوەیە بە ئیمزای سەرۆك کۆمار لەو ڕۆژەدا دەستنیشان کرا، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن سوێندی یاسایی بخۆن، پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەر دوو جێگرەکەی دابنرێن. لەو ماوەیەدا پارتی زۆر هەوڵی دا کە سوننە ببنە یەك، لە ئەنجامدا عەزم و تەقەدوم هاوپەیمانییان پێك هێنا و بوونە ٦٤ ئەندامی سوننە (کە سەرۆکی پەرلەمان بەشی ئەوانە) و دەنگیان دا کە حەلبوسی ببێتەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، هەروەها بە دڵنیاییەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بە ڕاشکاوانە پێی گوتن ئێمە لەگەڵ زۆرینەی سوننەین و ڕێز لە بڕیارتان دەگرین و لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی ئامادە دەبن و دەنگ بە بەربژێرتان (حەلبوسی) دەدەین، بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام بە داخەوە شیعە بوون بە دوو بەش کە هەندێکیان نەیانویست دەنگ بە حەلبووسی بدەن، هاوکات ئیتاری تەنسیقیی شیعە و سەدریش نەیانویست هاوپەیمانی دروست بکەن، هەر بۆیە بەم جۆرە ئێمە و کوتلەی سەدری و تەقەدوم و عەزمماینەوە کە زیاتر لە ٢٢٨ ئەندام پەرلەمان بووین، لە ئەنجامی دەنگداندا سەرۆکی پەرلەمان بە ٢٠٠ دەنگ و جێگری یەکەم بە ١٨٢ دەنگ و جێگری دووەم کە دکتۆر شاخەوان عەبدوڵا نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانە لە شاری کەرکووك بە ١٨٠ دەنگ دەستنیشان کران، ئەو ڕۆژە لە هەقیقەتدا ڕۆژێکی مێژوویی بوو کە توانیمان زۆرینەیەکی سیاسی لە ئەنجامی هەڵبژاردن بێنینەدی.

**برایانی یەکێتی لە ناوخۆیاندا ناکۆکن و کێشەی ناوخۆییان هەر بەردەوامە، ئێمە پێمان ڕاگەیاندن کە وەک پارتی لەگەڵ ئەوان زۆر بە ڕوون و ئاشکرا کار دەکەین و، لە پشتەوەی یەکێتی هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا ئەنجام نەداوە**

*** لەگەڵ ئەوەی توانرا دەنگدان لەسەر سەرۆك و دوو جێگرەکەی لە پەرلەمان بە ئاسانی بکرێت، بەڵام دانانی کاندیدێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار پێ دەچێت ئاسان نەبێت، بە تایبەتی کە لیستی یەکێتی ئامادەی دەنگدان نەبوو بۆ جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، ئایا بۆچی ئەو ئیشکالییەتە ڕووی داوە و بۆچی یەکێتی ئامادەی دانیشتنەکە نەبوو؟**

- شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز هۆشیار زێباری تا ساتی کۆتایی لە گفتوگۆ و دانیشتندا بوون لەگەڵ شاند و برایانی یەکێتی، لە دواکۆبوونەوە کە بەڕێز بافڵ تاڵەبانی ئامادە بوو، کە بڕیاریان دابوو بە یەکەوە (پارتی و یەکێتی) لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادە بن، بۆ دەنگدان بۆ سەرۆکایەتیی و هەردوو جێگری ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك کۆمار، بەڵام بەداخەوە کە چووینە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئیتاری تەنسیقیی شیعە کشانەوە لە هۆلی پەرلەمان و چوونە دەرەوە، هاوکات برایانی یەکێتیش لەگەڵ ئەوان چوونە دەرەوە و لە دەنگدان بەشدار نەبوون، بەڵام ئەندامانی

**هەر لە یەکەم ڕۆژ جەنابی سەرۆک بارزانی تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئێمە لە بەغدا لەگەڵ یەکێتی و لایەنە کوردستانییەکانی دیکە، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان یەکدەنگ و یەکڕێز بین**

**لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا ئەگەر ئیتاری تەنیسق و سەدر نەبوونە هاوبەش، ئەوە پرۆسەکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران هەر وەک ئەو ڕۆژە دەبێت کە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک پەرلەمان و دوو جێگرەکەی بەڕێوە چوو**

**پەیامی سەدر بۆ ئیتاری تەنسیقی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، کە ڕایگەیاند ئێمە لەگەڵ ماڵی سوننە و کورد دەڕۆین بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی سیاسی و، هیچ هەڕەشەیەک قبووڵ ناکەین، کە بکرێتە سەر هاوبەشەکانمان، کە مەبەستی بۆ سەر لایەنی کوردی و سوننە بوو**

**ئەوەی سەرۆک بارزانی لە عێراقی داوا دەکات، شتێکی شاراوە نییە کە یەکێتی و لایەنی دیکەی کوردستان نەیانەوێت، چونکە ئەوەی پارتی داوای دەکات، مافە یاسایی و دەستوورییەکانی گەلی کورد و کوردستانە و شتێک نییە کە تەنیا لە بەرژەوەندیی پارتی بێت**

فراکسیۆنی نەوەی نوێ و یەکگرتوو مانەوە. بۆ دەنگدان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریشدا، دەکرێت هەر ئەو ٢٢٨ ئەندامە ئامادە ببن کە لە دەستنیشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگرەکەیدا بەشدار بووین، کە بریتین لە چوار فراکسیۆن، کە دەنگدانەکە هەر لە لایەن ئەو ٢٢٨ ئەندامە دەبێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بەڕێز هوشیار زێباری بەربژێری پارتی دیموکراتی کوردستانە، من پێم وایە لە گەڕی یەکەمی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا، دەبێت ٢٢٠دەنگ بەدەست بهێنێت، ئەگەر لەو گەڕە نەبێت، ئەوە لە گەڕی دووەمی دەنگدان بۆ سەرۆك کۆمار بە دڵنیاییەوە بەربژێری پارتی زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێت. سەبارەت بەو ئیشکالییەتەی لە ناو یەکێتیدا دروست بوو، من دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە برایانی یەکێتی لە ناوخۆیاندا ناکۆکن و کێشەی ناوخۆییان هەر بەردەوامە، ئێمە پێمان ڕاگەیاندن کە وەك پارتی لەگەڵ ئەوان زۆر بە ڕوون و ئاشکرا کار دەکەین و، لە پشتەوەی یەکێتی هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا ئەنجام نەداوە، هەر لە یەکەم ڕۆژ جەنابی سەرۆك بارزانی تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئێمە لە بەغدا لەگەڵ یەکێتی و لایەنە کوردستانییەکانی دیکە، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان یەکدەنگ و یەکڕیز بین، چونکە پۆست لە بەغدا گرنگ نییە. هەروەها ئێمە لە دوای هەڵبژاردنەکە و بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی، مەکتەبی سیاسی و سکرتێری مەکتەبی سیاسی سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان کرد، تاوەکو پاش هەڵبژاردن کە دەچینە بەغدا، بە یەکەوە بین و یەکڕیز و یەکدەنگ بین، بەڵام بەداخەوە پاش ئەو هەموو هەوڵەی پارتی لەگەڵ یەکێتی، ئەوان نەهاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی لە بەغدا یەکدەنگ بین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هۆکاری دیکە هەبێت، بۆیە نەیانتوانی لەو پرۆسەیە لە بەغدا لەگەڵ پارتی ببنە هاوبەش، بێگومان کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی شیعە لە هۆلی پەرلەمان چوونە دەرەوە، دیارە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنیان هەبووە.

*** هاوکات لەگەڵ بوونی ئەم ئیشکالییەتە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ سەردانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەردەوامە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە بایکۆتی یەکێتی لە دانیشتنی پەرلەمان کاریگەریی لە سەر کارەکانی شاندی هاوبەش نابێت؟**

- دوای ئەوەی کە یەکێتی بەشداریی دانیشتنی پەرلەمانی نەکرد و دەنگی بۆ سەرۆك پەرلەمان و دوو جێگرەکەی نەدا، هاوبەشی لە نێوان پارتی و یەکێتی لە بەغدا کۆتایی هات، ئێمە حەزمان دەکرد، یەکێتی چ تێبینی و قسەیەکی لەسەر ئێمە هەبوو، بە ڕوون و ڕاشکاوانە قسەی بکردایە، چونکە ئێمە وەك پارتی پێمان خۆش بوو، زۆر گفتوگۆشی لەسەر کرابوو کە لەگەڵ یەکێتی یەکدەنگ و هاوبەش بین لە هەموو پرۆسەکە لە بەغدا، ئەگەرچی ئێستاش دەرگای پارتی بۆ یەکێتی و هەموو لایەنەکانی دیکەی کوردستانی کراوەیە و، دەمانەوێت هەموومان لە بەغدا لە پێناو کوردستاندا هاوبەش و یەکدەنگ بین.

*** ئێستا کێشەی سەرەکیی بۆ پێکهێنانی حکومەت، شپرزەیی و دابەشبوونی نێوماڵی شیعەیە، بە تایبەتی کە سەدر ڕاشکاوانە داوا دەکات مالیکی لە پرۆسە سیاسییەکە دوور بخرێتەوە، ئایا ئاراستەی پێکهێنانی حکومەت بە دیدی ئێوە چۆن دەبێت؟**

- لە دوای دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار ماوەی دوو مانگ کات بۆ فراکسیۆنی گەورە دەمێنێتەوە، بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە لە لایان سەرۆك کۆمارەوە بۆ پێکهێنانی کابینەکە ڕادەسپێردرێت، لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا ئەگەر ئیتاری تەنیسق و سەدر نەبوونە هاوبەش، ئەوە پرۆسەکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران هەر وەك ئەو ڕۆژە دەبێت کە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك پەرلەمان و دوو جێگرەکەی بەڕێوە چوو.

*** باس لە کاریگەریی و ڕۆڵی وڵاتانی ئیقلیمی دەکرێت بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی شیعە، بە تایبەتیش ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایا تا چەند هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەم ئاراستەیەدا سەرکەوتوو دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوان بەردەوام گوشار لە سەدر دەکەن، کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی



و لایەنی دیکەی شیعە دروست بکات، بەڵام سەدریش بڕیاری خۆی هەیە و قبووڵی نییە کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی بکات، ئیتاری تەنسیقی هەڕەشە لە سەدر دەکەن کە هاوپەیمانیی لەگەڵ ماڵی سوننە و کورد ئەنجام داوە، بەڵام پەیامی سەدر بۆ ئیتاری تەنسیقی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، کە ڕایگەیاند ئێمە لەگەڵ ماڵی سوننە و کورد دەڕۆین بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی سیاسی و، هیچ هەڕەشەیەك قبووڵ ناکەین، کە بکرێتە سەر هاوبەشەکانمان، کە مەبەستی بۆ سەر لایەنی کوردی و سوننە بوو.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوئیای ڕۆشنە بۆ چۆنیەتیی بەشداربوونی لە کابینەی داهاتووی حکومەتی عێراقدا، ئایا ئەو هێڵە گشتییانە چین کە سەرۆك بارزانی پێداگری لەسەر دەکات؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کات تەئکید لە جێبەجێکردنی دەستوور دەکاتەوە، ئێستاش لەگەڵ لایەنی سوننە و شیعە بە ڕوون و ئاشکرا پێی ڕاگەیاندوون کە کارکردنەکە لە پێناو ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان و، جێگیرکردنی بودجە و مووچەی کوردستان لە میزانییەی عێراق و تێپەڕاندنی یاسایی نەوت و غاز. ئەوەی سەرۆك بارزانی لە عێراقی داوا دەکات، شتێکی شاراوە نییە کە یەکێتی و لایەنی دیکەی کوردستان نەیانەوێت، چونکە ئەوەی پارتی داوای دەکات، مافە یاسایی و دەستوورییەکانی گەلی کورد و کوردستانە و شتێك نییە کە تەنیا لە بەرژەوەندیی پارتی بێت و، بەردەوام شەڕ و ململانێی پارتی لە سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستانە و، ئەو داواکارییانەی ئێمە ئەوانەن کە داواکاریی گشتی و ئاسایی خەڵکی کوردستانن، کە ماف و هەقێکی دەستوورییە لە سەر عێراقی فیدڕاڵ، کە دەبێتە خاڵی سەرەکی لە گفتوگۆی نێوان ئێمە و لایەنی سەدری و سوننە لە حکومەتی ئەمجارەی عێراقدا و، دەمانەوێت ئەو کێشانە بە تەواوی چارەسەر بکرێن و نەگەنە بنبەست و، هەموو ساڵێك دووبارە نەبنەوە و، کێشە بۆ هەرێم و گەلی کوردستان دروست نەبێت.




سەربەست لەزگین

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی داعش و تیرۆریستان و هەڕەشە سەربازییەکانی هەیە

# ڕێگە نادەن درۆنی چاودێری و چەکی پێشکەوتوو بگاتە دەستی پێشمەرگە، بۆیە لەمەودوا پشت بە خۆمان دەبەستین

**چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و پڕچەککردن و ڕێکخستنەوەی هێزەکان و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق و گێچەڵ و دژایەتییەکانی پەکەکە و گرووپەکانی دیکە و شەڕی داعش تەوەری سەرەکیی دیدارێکی تایبەتی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا حەز دەکەین لە هەنگاوەکانی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەست پێ بکەین، هەنگاوەکان بە کوێ گەیشتوون و ئایا دەتوانین بڵێین هەموو هێزەکانی پێشمەرگە خراونەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە؟**

- چاکسازییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە بابەتێکی هەستیار و گرنگە، هەرچەندە لە چەند ساڵی ڕابردوو کاری زۆر باش کراوە و هەنگاوی گرنگ نراوە، بەڵام چاکسازی لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە کات و ماوەیەکی زۆرتری دەوێت و پرۆسەیەکی بەردەوامە، دوای ئەوەی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لە وەزارەتی پێشمەرگە هەنگاوەکانی چاکسازی خێراتر بوون، لە بەر هەستیاریی بابەتەکە لێرەدا بوار نییە هەموو وردەکاری و لایەنەکانی باس بکەم، هەرچۆنێك بێت، چاکسازی بابەتێکی گرنگە و هەمووان بڕیارمان لە سەر داوە، بەوەی پێویستە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و چەندین هەنگاویش لەم ڕووەوە نراوە، وەك ڕێکخستنی چەند لیوایەکی یەکەی حەفتا و هەشتا و گواستنەوەیان بۆ سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بە هەمان شێوە هێزەکانی پشتیوانیی یەك و پشتیوانیی دوو کە گوازرانەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە. لە داهاتوودا پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە سیستەمێکی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەموو هێزەکانی هەبێت، تاوەکو بە شێوازێکی مۆدێرن و ڕێکوپێك سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنێکی باش و سەرکەوتووی هێزەکانی بکات، هەرچەندە بیرۆکەی ئەوە هەیە لە بری هەموو ئەم میحوەرانەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، هەندێك لیژنەی تایبەت بە سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دروست بکرێن، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو سەرپەرشتیی هەموو ئەم هێزانە بکرێن.

ئینشائەڵا لە ئەمساڵدا لە بواری ڕێکخستن و یەکخستنی میلاکات و دۆسیێی خانەنشینان و کەمئەندامانی پێشمەرگە و باشترکردنی پڕچەککردنی پێشمەرگە و هەموو ئەو کەیس و دۆسیێیانەی باسمان کرد، باشتر دەچێتە پێشەوە، لە ئێستادا دۆسیێکانی خانەنشینانی پێشمەرگە دەگوزارێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و بەرنامە هەیە بۆ ئەوەی هێزەکانی حەفتاو هەشتا بەشێوەیەکی ڕێکخراو بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و لە ڕووی دارایی و بودجەشە و ئومێدمان زۆرە

**لە چەند ساڵی ڕابردوو کاری زۆر باش کراوە و هەنگاوی گرنگ نراوە، بەڵام چاکسازی لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە کات و ماوەیەکی زۆرتری دەوێت**

**پێویستە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و چەندین هەنگاویش لەم ڕووەوە نراوە**

ئەم کەیسانە لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراقدا چارەسەر بکرێن و کورد هاوبەشێکی ڕاستەقینە بێت لەو حکومەتەدا، لە ڕووی میلاکاتیشەوە بە تەئکید گۆڕانکاریی دەکرێت، بەپێی پێداویستییەکان میکانیزمی گونجاوی بۆ دادەنێین.

*** لە پرۆسەی چاکسازیدا بابەتی خانەنشین و کەمئەندام و شەهید و ڕێکخستنەوەی هەموو ئەم بوارانە تا چەند هەنگاوی بۆ نراوە؟**

- هەرچی چاکسازیی هەیە لە بابەتی خانەنشینانی پێشمەرگە و یەکخستن و ڕێکخستنی ئەم دۆسێیە و بوارەکانی دیکەی شەهیدان و کەمئەندامیی پێشمەرگە و مەسەلەی دارایی هەیە، لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی باش و خێرای بۆ نراوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەرچی لێرەو لەوێ پێیان وایە پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە خێرا ناڕوات بەڕێوە، بەڵام ئێمە بەپێچەوانەی دەبینین، پرۆسەکە لە ڕووی خۆڕێکخستنەوە لە ناوخۆی وەزارەتی پێشمەرگە بە باشی بەڕێوەدەچێت.

*** لەگەڵ هاوپەیمانەکان پەیوەندییەکانتان و کارەکانتان چۆن بەڕێوەدەچێت؟ ئایا وەکوو جاران هاوپەیمانەکان بەردەوامن لە مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی چەکی پێشکەوتوو، بەتایبەتی لەم دواییانەدا باس لە دابینکردنی فڕۆکەی درۆنی چاودێری کرا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە؟**

- پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی بەردەوامە، هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕووی دارایی و لۆجستیەوە باشە، هەرچەندە لەم ڕووەوە کۆسپ و لەمبەر هەیە بەتایبەتی لەبواری پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە ئامێرو چەکی پێشکەوتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و تیرۆریستان و پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەتا ئەمڕۆ درۆنی چاودێریی و دووربینی حەراری و چەکی پێشکەوتوومان پێویستە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنوورێکی زۆر فراوان و گەورەی هەرێمی کوردستان بکەین، بەتایبەتی لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و تۆپۆگرافیایەکی سەخت کە لە نێوان ئێمە و سوپای عێراق هەیە و بە بۆشایی ئەمنی ناو دەبرێت، کە تیرۆریستانی داعشی لێیە، چەکی پێشکەوتوو تەنیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش نییە، بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو گرووپ و چەکدارانەشە کە بە ڕۆکێت و کاتیۆشا و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بە مین چێنراو هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ شێوازی شەڕی داعش و ئەو شێوازە چەکدارانەی داعش و گرووپە چەکدارەکانی دیکە بەکاری دەهێنن، پێویست بەوە دەکات ئێمەش لە ڕووی چەك و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە گۆڕانکاری بکەین، بەداخەوە تا ئێستا هەندێك لایەن و کەس لە حکومەتی بەغدا و لەناو هێز و گرووپە چەکدارەکاندا ئاستەنگ دەخەنە بەردەم پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە ئەوەیان قۆزتووەتەوە کە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی سەربازی و چەکی پێشکەوتوو لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە پێویستە بەغدا ڕەزامەندی لەسەر هەر کەیسێك بدات، ڕاستە لە ئاستی باڵا بەڵێن دەدەن و زۆربەی جار هاوکاریشن، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە ئاستەنگ هەیە و ڕەزامەندی نادەن، ئەمریکییەکان زۆر دەمێکە بودجەیان تەرخان کردووە بۆ دابینکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی چاودێری (درۆنی چاودێری) بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و لەگەڵ بەغدا ئەوان و ئێمەش زۆر هەوڵماندا و تا ڕاددەیەکی باش تیمەکانی وەزارەتی پێشمەرگەشمان ئامادە کردووە، بەڵام لە بەغدا ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە و کەیسەکە هەروا بێ ڕەزامەندی ماوەتەوە، زۆر لایەن و کەس لە بەغدا وا بە ئاسانی ڕێگە نادەن درۆنی چاودێری و پێداویستییە پێشکەوتووەکانی سەربازی بگاتە دەستی پێشمەرگە، ئێمەش لەمەودوا پشت بە خۆمان دەبەستین و، هەوڵ دەدەین پێشمەرگەش لە ڕووی پڕچەککردن و پێداویستیی پێشکەوتووی سەربازییەوە بێبەش نەبێت، هەرچەندە تا ڕاددەیەکی باش پێشمەرگە چەکی باشی لەبەردەستدایە و من لە ڕووی زانیاریی نهێنی سەربازییەوە ناکرێت هەمووی باس بکەم، پێشمەرگە هێزێکی گرنگە لە ڕووی پڕچەککردن و مەشقی سەربازییەوە، دەتوانین ڕووبەڕووی مەترسییەکانی داعش و تیرۆریستان

**ڕێکخستنی چەند لیوایەکی یەکەی حەفتا و هەشتا و گواستنەوەیان بۆ سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بە هەمان شێوە هێزەکانی پشتیوانیی یەک و پشتیوانیی دوو کە گوازرانەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە**

**دۆسێکانی خانەنشینانی پێشمەرگە دەگوزارێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و بەرنامە هەیە بۆ ئەوەی هێزەکانی حەفتاو هەشتا بەشێوەیەکی ڕێکخراو بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە**

**لە ڕووی دارایی و بودجەشە و ئومێدمان زۆرە ئەم کەیسانە لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراقدا چارەسەر بکرێن و کورد هاوبەشێکی ڕاستەقینە بێت لەو حکومەتەدا**

**پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی بەردەوامە**

و هەڕەشەی دیکەی سەربازی ببینەوە.

*** وەکو بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە تا چەند داعش بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دەزانن؟ ئایا هەموو ئەو هێرشانەی دەکرێت لەلایەن داعشەوەیە، یان گرووپ و لایەنی دیکەش لە پشت ئەو هێرشانەن؟**

- هەرێمی کوردستان دوژمنی زۆرە، بەڵام هێزی پێشمەرگە پارێزەری خەڵك و کەرامەت و خاکی کوردستانە، بە دڵنیاییەوە تیرۆریستانی داعش خۆیان ڕێکخستووەتەوە و شێوازی چەکداری و پەلاماردانیان گۆڕیوە، تەنانەت چەك و تەکنەلۆژیای سەربازیی باشیان دەست کەوتووە و لە شێوازی گرووپی بچووك شەڕ و پەلاماردانی کتوپڕی سەربازی و دروستکردنی مەترسی و دڵەڕاوکێ کارە قێزەوەنەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام خۆ جگە لە داعش گرفت و کێشەی دیکەشمان هەیە، ئەوەتا ئەو هەموو درۆن و ڕوکێت و کاتیوشایانەی ئاراستەی هێزی پێشمەرگە و فڕۆکەخانە و ناوچە مەدەنیەکانمان دەکرێت، هەر هەمووی کاری داعش نییە و لایەن و گرووپی دیکەشن. بۆیە ئێمە زۆر بە وریاییەوە پشت بە خۆمان دەبەستین و هێز و جبەخانەی باشمان هەیە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانمان هەیە.

*** باسی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەت کرد کە هەندێك کەس و لایەن لە بەغدا لەبەردەم پڕچەککردنی پێشمەرگە و پێداویستییەکانیان دروستی دەکەن، ئایا جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتنەکانی شنگال و دواکەوتنی دروستکردنی هێزی هاوبەش و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بۆ هەمان هۆکار دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراقدا هەماهەنگیتان دەست پێ کردووە، هەنگاوەکان بەکوێ گەیشتوون؟**

- ڕێککەوتنی شنگال زۆر گرنگ بوو، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاریگەریی خراپی لایەنی سیاسی و کەسان و تەنانەت وڵاتانی ئیقلیمیش هەیە لەسەر حکومەتی عێراق و دۆخەکە لەوێ زۆر ئاڵۆزە، ئەوانەی بە ناوی «یەپەژە» خۆیان دەناسێنن و بەشێکن لە پەکەکە و لە ژێر فەرمانی قەندیلدا کاردەکەن، لە هەمان کاتیشدا بەشێکن لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی و مووچە و بودجەیان دەدەنێ، بوونی پەکەکە لە شنگال گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاسایبوونەوەی دۆخەکە، حکومەتی عێراقیش بە هۆی نەبوونی هێزەوە بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ ناکات، بەمەش شنگال بەدەست هێزە بیانییەکانەوە داگیرکراوە و هێزەکانی سوپای عێراق کاریگەرییان زۆر لەوێ نییە، خەڵکی شنگال بوونەتە قوربانیی پەکەکە و حەشدی شەعبی، برا ئێزدییەکانمان لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدان و لە هەموو کاتێکدا لە بەردەم ئەگەری هێرشی فڕۆکە سەربازییەکانی سوپای تورکیادان، ئەمە وێڕای مامەڵەکردنی خراپی ئەو هێزانە لەگەڵ خەڵکی سڤیل، بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ٧٠٪ی خەڵکی شنگال لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆك و هەولێردا لەژێر خێوەتگا و لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژین و دواڕۆژی شنگال و خەڵکەکەی ڕوون و دیار نییە، تا بارودۆخی سیاسی و سەربازی و ئەمنی لە شنگال چارەسەر نەکرێت، بارودۆخەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان کە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی ئێمە و سوپای عێراق، وەکو هەموو ئاستەنگەکانی دیکە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی عێراقیشدا ڕێگریی لە بەهێزبوونی پەیوەندییەکان هەیە، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵی بۆ ئاساییکردنەوە و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییانە داوە، تاوەکو باشترین هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق هەبێت، لەناو خودی وەزارەتی بەرگری کەسانێك هەن، هەمان بۆچوون و حەزی ئێمەیان هەیە، بەڵام بوونی کەسانی دیکە لەژێر کاریگەریی وڵاتانی ئیقلیمی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان ئاستەنگ دروست دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا هەنگاو نراوە، بەڵام زۆر بە سستی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەدەچێت، هەر چەندە ناوەندی فەرمیی هەماهەنگیمان لە بەغدا و هەولێر و نێوان وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان کردووەتەوە، لە مەیدانیشدا چەند شوێنێك هەیە

**هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕووی دارایی و لۆجستییەوە باشە**

**درۆنی چاودێریی و دووربینی حەراری و چەکی پێشکەوتوومان پێویستە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنوورێکی زۆر فراوان و گەورەی هەرێمی کوردستان بکەین**

**چەکی پێشکەوتوو تەنیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش نییە، بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو گرووپ و چەکدارانەشە کە بە ڕۆکێت و کاتیۆشا و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بە مین چێنراو هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان**

**تا ئێستا هەندێک لایەن و کەس لە حکومەتی بەغدا و لەناو هێز و گرووپە چەکدارەکاندا ئاستەنگ دەخەنە بەردەم پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە**



**ئەوانەی بە ناوی «یەپەژە» خۆیان دەناسێنن و بەشێکن لە پەکەکە و لە ژێر فەرمانی قەندیلدا کاردەکەن، لە هەمان کاتیشدا بەشێکن لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی و مووچە و بودجەیان دەدەنێ**

**خەڵکی شنگال بوونەتە قوربانیی پەکەکە و حەشدی شەعبی و برا ئێزدییەکانمان لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدان و لە هەموو کاتێکدا لە بەردەم ئەگەری هێرشی فڕۆکە سەربازییەکانی سوپای تورکیادان**

**پەکەکە تەنیا ماوەتەوە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دروست بکەن، نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە تورکیا و هەر چوار پارچەی کوردستان**

ئەفسەرانی هەردوو وەزارەت پێکەوە کاردەکەن بۆ ئیشوکارەکانی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، سەبارەت بە دامەزراندنی لیوا هاوبەشەکان چاوەڕێی حکومەتی عێراق دەکەین، بودجە تەرخان بکرێت و ئاستەنگەکان هەڵبگیرێت. وا بڕیارە دامەزراندنی هێزی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق جێبەجێ بکرێت، ئومێدمان وایە لە کۆتایی ئەم مانگەدا ئەو هێزانە دەستبەکار بن و لە ناوچانەی بۆشایی ئەمنی هەیە، لە نێوان ئێمە و هێزەکانی عێراق، هێزی هاوبەشمان دابمەزرێن و دەست بە ئۆپەراسیۆنەکان بکەن، ئەوەش بە تەئکید ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە کەمکردنەوەی کاروکردەوە تیرۆریستییەکانی داعش.

*** حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کەمتەرخەم بوون لە دابینکردنی شایستە داراییەکانی پێشمەرگە، لە ئێستاشدا لایەنەکان سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە چ بەرنامە و ئەجێندەیەکتان لەبەردەستدایە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان لە حکومەتی بەغدا؟**

- جێبەجێنەکردنی ماددەکانی دەستوور و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە یەکێك لەو گرفت و کێشانە دادەنرێت، کە لایەنی عێراقی کەمتەرخەم بووە لەجێبەجێکردنی، دۆسیێ پێشمەرگەش وەکو ئاساییکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و کێشەی نەوت و غاز بێ چارەسەر ماوەتەوە، بە تەئکید ماف و شایستە داراییەکانی پێشمەرگە وەکو بەشێك لە مەنزومەی بەرگری و ئەمنی عێراق بە یەکێك لە کێشە هەستیار و گرنگەکان دادەنرێت و، ئومێد دەکەین حکومەتی نوێی عێراق کە پێکهێنرا، دانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر ئەم دۆسیێە بکرێت و، چۆن لە ڕووی بودجە و مووچە و چەکەوە حیساب بۆ هێزەکانی دیکەی عێراق دەکرێت، بە هەمان شێوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەش بکرێت کە لە ئێستادا بەرپرسیارێتییەکی گەورەو نەتەوەیی و نیشتمانییان لەسەرشانە و کوردستان و خەڵکەکەی لە هەر هێرش و دوژمنکارییەك دەپارێزن.

*** پەکەکە تاکەی ئەو ناوچە فراوانەی کوردستان دەکاتە گۆڕەپانی ململانێ و جێبەجێکردنی ئەجێندەی دەرەکی و زیان بە خەڵکی دەگەیەنێت؛ ئایا ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە تاچەند ئامادەکاریتان کردووە بۆ پاراستنی سنوورەکانمان بۆ ئەوەی چیتر پەکەکە خاکی زیاتر بە سوپای تورکیا نەدات؟**

- پەکەکە لە ئێستادا ئامرازێکە بە دەست وڵاتانی ئیقلیمی و دوژمنەکانی خەڵکی کوردستانەوە؛ تورکیا لە هەموو لایەنێك زیاتر دەستی لەم بابەتە هەیە و سوودمەند بووە لە هەڵە و سیاسەتە پیلانگێڕییەکانی پەکەکە، من قەناعەتم وایە پەکەکە تەنیا ماوەتەوە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دروست بکەن، نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە تورکیا و هەر چوار پارچەی کوردستان، پەکەکە لە ڕووی سەربازییەوە لە کوردستانی تورکیا هیچ کاریگەریی نەماوە و ئێرەشی کردووەتە گۆڕەپانی شەڕ و زیانگەیاندن بە گوندنشینەکان و کوشتن و ڕفاندنی



خەڵکی سڤیل و چاندنی بۆمب و تەقەکردن لە سەر ڕێگای خاوەن ماڵ، شەڕی پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بیانووی بە سوپای تورکیا داوە و تەنانەت پەکەکە چیا و خاکەکەی بۆ چۆڵ دەکات، تاوەکو سوپای تورکیا خاکی هەرێمی کوردستان داگیر بکەن. پەکەکە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دەزگا شەرعییەکانی و ئازادی و دیموکراسی و باروبژێوی ژیانی خەڵکی بە ئاستەنگ داناوە بۆ بەرنامە و مەرامە نهێنییەکانی، بگرە لە هەموو ئاژاوە و پشێوییەکدا دەستیان هەیە و دۆخەکە خراپتر دەکەن و، پارتی دیموکراتی کوردستان بە تاکە ئاستەنگ دەزانن لە بەردەم ئەجیندەی خۆیاندا، کە بریتییە لە تێکشکاندنی هەموو هەوڵێك لە بەردەم دروستبوونی کیانێکی کوردی و پێشکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بۆیە پەکەکە لە ڕووی دژایەتیکردنیەوە بە پلەی یەکەم ڕووی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و میحوەر و پێشمەرگەکانی ئەم دەڤەرە کردووە. لەم ساڵانەی دواییدا لەسەر ڕێگای گوندنشینەکان و خەڵکی سڤیل و پێشمەرگەکانمان پەکەکە مین و تەقەمەنییان چاندبوو، چەندین پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی شەهید و بریندار بوون. ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەئامادەباشیدایە و سەنگەرەکانی پێشمەرگە توندە بەرامبەر هەر دەستدرێژی و هێرشێکدا، تا ڕاددەیەکی باش توانیومانە پەکەکە لەو ناوچانە دوور بخەینەوە کە ئاوەدانییە، بەڵام لە ناوچەی (مەتین و گارا و قەندیل) کاری چەکداریی دەکەن و ڕێکخستنەکانیان لە ناوچەی سلێمانی و کەرکووك زیاد بوون و کاری پشێوی و ئاژاوە دەنێنەوە. بەپێی زانیارییەکانمان لەگەڵ ئەو گرووپانەی حەشدی شەعبی کە ناسراون بە دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان پەیوەندییان هەیە و هاوکارییان دەکەن. بە کورتی و پوختی پەکەکە بە هاوشێوەی هەموو ئەو لایەنانەی دیکەی دوژمنی کورد ئەوانیش لە دژی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بەکاردەهێندرێن.

**پەکەکە لە ڕووی سەربازییەوە لە کوردستانی تورکیا هیچ کاریگەریی نەماوە و ئێرەشی کردووەتە گۆڕەپانی شەڕ و زیانگەیاندن بە گوندنشینەکان و کوشتن و ڕفاندنی خەڵکی سڤیل و چاندنی بۆمب و تەقەکردن لە سەر ڕێگای خاوەن ماڵ**

**جۆشوا لاندیز**
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما بۆ گوڵان:

# سزاکانی ئەمریکا ڕێگرن لەوەی وڵاتان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سووریا ئاسایی بکەنەوە

**جۆشوا لاندیز بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی لە هەمان زانکۆ. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئیسلامی سیاسی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ، کەلتوور و کۆمەڵگە لەم ناوچەیە و ڕۆڵی ئەمریکا لەم ناوچەیە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای سووریا و ئاقاری پەرەسەندن و ئایندەی ئەو وڵاتە.**

# دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای سووریا دەڕوانیت، بە تایبەتی کە لە ئێستادا تا ڕادەیەکی بەرچاو ئاگری شەڕی ناوخۆیی کز بووە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی دەوڵەتە دراوسێ و دەرەکییەکانە لەم وڵاتەدا، بە تایبەتی ڕووسیا و تورکیا و ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەوەی پەیوەندی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەبێت، ئەوا من باوەڕم وا نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی خۆی لە ئاست ئەم وڵاتەدا بگۆڕێت، یان سزاکانی سەر ئەم وڵاتە هەڵگرێت، بەردەوامی دەدات بە پشتیوانیکردنی کورد لە باکووری ئەو وڵاتە. بە دڵنیاییەوە تورکیاش بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە پشتیوانییەکانی بۆ پارێزگاری ئیدلب لە ناوچەی باکووری حەلەب، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وانییە گۆڕانکارییەك لە نەخشە جوگرافییەکەدا ڕووبدات. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە هەڵوێستی جیهان بڕوانین لە ئاست سووریادا، ئەوا دەکرێت بوترێت کە جیهان لاپەڕەی سووریای پێچاوەتەوە، چونکە هەوڵێکی ڕاستەقینە بەدی ناکرێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و چارەسەرێك بۆ دۆخی ئەم وڵاتە و بۆ کێشەی سووریا. هەروەها ئاشکرایە کە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەت و دەرئەنجامەی کە ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە.

*** باشە ئەگەر ئەو قەناعەتە دروست بوویێت کە دەبێت ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئایا ئەمە بە مانای ئەوەیە کە ئیدی وڵاتانی جیهان دەست بە مامەڵەکردن و دروستکردنەوەی پەیوەندی دەکەن لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە بەدی دەکرێت، هەوڵەکانی

**زۆرێک لە وڵاتانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەت و دەرئەنجامەی کە ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە**

وڵاتی ئیمارات بۆ گەڕاندنەوەی سووریا بۆ نێو جامیعەی عەرەبییە کە ئەویش پێدەچێت بە ئاستەنگ و بەربەستێك گەیشتبێت، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی کاتی، لە بەر ئەوەی هێشتا وڵاتی عەرەبستانی سعودیە ئامادەی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە نییە، بە هەمان شێوە کوەیت و قەتەریش، مەبەستم ئەوەیە بڵێم بە بێ هاوکاریی وڵاتانی ناوچەی کەنداو، کارێکی زەحمەت و دژوارە کە بتوانرێت دووبارە سووریا بگەڕێندرێتەوە بۆ نێو جامیعەی عەرەبی. هەرچۆنێك بێت، بە تێڕوانینی من وڵاتانی عەرەبی لە کۆتاییدا ئەم کارە دەکەن، ئەویش لە بەر ئەو ڕاستییەی کە سووریا وڵاتێکی زۆر گرنگە، بە تایبەتی لە ڕووی جوگرافییەوە کە زۆربەی هێڵی گواستنەوەی نەوت لە جیهاندا پێویست بەوە دەکات لە سووریاوە تێپەڕێت. واتە ئەگەر جیهانی عەرەبی بیەوێت جارێکی دیکە لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئەوا پێویستی بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی سووریا هەیە.

*** باسی ئاستەنگ و دژواریت کرد لە پەیوەندی بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی سووریا، ئایا گەورەترین لەمپەڕ لەم ڕووەوە چییە؟**

- هەرچۆنێك بێت، کێشەکە ئەوەیە تاوەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام بێت لە سەپاندنی سزاکانی بە سەر ئەو وڵاتە و سەپاندنی سزا بە سەر هەر لایەن و وڵاتێکدا کە بزنێس بکات لە سووریادا، ئەوا پێم وایە کارێکی سەختە بتوانرێت پەیوەندییەکانی ئاسایی بکرێتەوە لەگەڵ سووریادا. چونکە لەم حاڵەتەدا کۆمپانیاکان ئامادە نابن وەبەرهێنان بکەن لە سووریادا، لە حاڵەتی مانەوەی سزاکانی ئەمریکاشدا بانکەکانیش ئامادە نابن کار بکەن و وەبەرهێنانی دەرەکیش ڕووناکاتە ئەو وڵاتە. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆ ماوەیەکی دیکەش سووریا وەك وڵاتێکی تێکشکاو دەمێنێتەوە. پەرەسەندنێکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە پەرەسەندنی دامەزراوەکان دەبینین لەو ناوچانەی کە نیمچە سەربەخۆن، وەك ئیدلب لە باکوور، هەروەها ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات، کە زانکۆ دامەزرێنراوە و وەزارەت دروست کراون و، کارەبا بەرهەم دەهێنرێت و پاڵاوگە دروست دەکرێت، کە هەموو ئەمانە بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ هەوڵ و کۆششی بنیاتنانی ژێرخانن بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. کە بە تێپەڕبوونی کات پێچەوانەکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەیان کارێکی زەحمەت دەبێت.

*** هەرچەندە ئەسەد لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی وڵاتەکە لە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی ئەم دەسەڵاتەدا نەماوەتەوە، بە تایبەتی ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتە، ئێوە چۆن لە ئایندەی کورد دەڕوانن لەم وڵاتەدا؟**

- من پێم وایە بەشار ئەسەد ئامادە نابێت بۆ ئەوەی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە بە کورد ببەخشێت کە هیوای بۆ دەخوازێت و خواستی لەسەری هەیە، کە ئێمە دەزانین کوردی سووریا خوازیارە ئەو جۆرە خۆبەڕێوەبەرییەی هەبێت کە کوردی عێراق لێی بەهرەمەندە. بەڵام پێم وانییە ئەمە هەنگاوێك بێت کە ئەسەد ئامادەی هەڵگرتنی بێت و باوەڕم وایە کە ئەسەد پێی وایە دەتوانێت خۆی لە هەڵگرتنێکی هەنگاوێکی لەم چەشنە بەدوور بگرێت. چونکە ئەسەد چاوەڕێی ئەوە دەکات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووچاری شەکەتبوون ببێتەوە لە ئاست کوردی ئەو وڵاتەدا، چونکە ناتوانن کارێکی زۆر بۆ ئەمریکا بکەن، واتە ڕاستە کورد بوونەتە هۆی ئەوەی ئەمریکا هەندێك دەستڕۆیشتوویی هەبێت لە سووریادا، بەڵام ئەمەش بێ تێچوون و بارگرانی نەبووە بۆ ئەمریکا، هەرچەندە بارگرانییەکی زۆریش نەبووە. هەرچۆنێك بێت، ڕوون نییە ئایا چۆن پێشهاتەکان کوردی ئەو وڵاتە بەرەو بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبەن، هەرچەندە ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە کوردی سووریا دەیانەوێت لەگەڵ سووریادا بمێننەوە بەڵام جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت.

*** بەڵام ئایا پێتان وایە سیناریۆیەکی چەشنی سیناریۆی عێراق لە پەیوەندی بە کورددا لەو وڵاتەدا دووبارە ببێتەوە، واتە لە ڕووی دەستورییەوە بار و پێگەی تایبەتیی کوردی ئەو وڵاتە لەبەرچاو بگیرێت و مامەڵەیەکی فەرمی لەگەڵدا بکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە دووپات بکەینەوە کە

**بە بێ هاوکاریی وڵاتانی ناوچەی کەنداو، کارێکی زەحمەت و دژوارە کە بتوانرێت دووبارە سووریا بگەڕێندرێتەوە بۆ نێو جامیعەی عەرەبی**

**ئەگەر جیهانی عەرەبی بیەوێت جارێکی دیکە لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئەوا پێویستی بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی سووریا هەیە**

**بەشار ئەسەد ئامادە نابێت بۆ ئەوەی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە بە کورد ببەخشێت کە هیوای بۆ دەخوازێت و خواستی لەسەری هەیە**

بە شێوەیەکی گشتی پێدەچێت ئەسەد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئەسەدیش لەگەڵ ئەوەدا نییە کوردی ئەو وڵاتە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، بە هەمان شێوە تورکیاش کە بوون و ڕۆڵی و کاریگەری هەیە لە نێو سووریادا، هەروەها حکومەتی عێراقیش خوازیاری ئەوە نییە ئەمە ڕوودات. بە هەرحاڵ ئەگەر بێتو هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بکشێنەوە، ئەوا مەترسیی ئەوە دروست دەبێت کە دەست بەسەر دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرییەکانی کوردی ئەو وڵاتەدا بگیردرێت، واتە هاوشێوەی دووبارەبوونەوەی حاڵەتی ئەفغانستان، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە دۆخی ئەفغانستان ئاڵۆزتر بوو بەدی بێت و ڕوودات، یان زەحمەتە ببینین پەرەسەندنەکان بەم ئاقارەدا بڕۆن. ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەزانین لە سووریادا دەسەڵات و سیستمەکە ماونەتەوە و نەڕووخان، لە کاتێکدا لە عێراقدا ئەو دەسەڵاتەی لە ئارادا بوو لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تێکشکێندرا و بوار و دەرفەت ڕەخسا بۆ ئەوەی دەستوورێکی نوێ بنووسرێتەوە، لە کاتێکدا ئەم سیناریۆیە لە سوریادا ڕووی نەداوە. لە هەمان کاتدا موعارەزەی سووری- موعارەزەی عەرەبی سوننە لەو وڵاتەدا- هێندەی دەسەڵاتەکەی ئەسەد دژ و بەرهەڵستکارن بۆ سەربەخۆیی کورد. واقیعەکە ئەوەیە کە هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی کورد نییە لەو وڵاتەدا.

**کوردی سووریا دەیانەوێت لەگەڵ سووریادا بمێننەوە بەڵام جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت**



و تێچوونی مانەوە زۆر گرانتر بوو لەوەی بەرگری لە ناوچەیەکی بچووکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا هەمان کێشەیە و لە کۆتاییدا ئەمریکا شەکەت دەبێت و دەکشێتەوە و جارێکی دیکە کورد دووچاری دۆخ و ڕۆژگارێکی دژوار دەبێتەوە. لێرەدا ئەگەر بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا ئاشکرایە کە هەنگاوە ڕاستەکە بۆ کوردی سووریا و بۆ تێکڕای وڵاتی سووریا ئەوەیە کە بە چەشنی کوردی عێراق مافەکانیان لە دەستووری ئەو وڵاتەدا بچەسپێت و هەمان ئاستی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەسەد بەم دەستوورە ڕازی نابێت، بەڵام زەحمەتە ئەمە

*** بە تێڕوانینی ئێوە کوردی ئەو وڵاتە چ کارتێکی بەهێزیان لەدەستدایە کە دەبێت کاری لەسەر بکەن و هۆشیارانە بەکاری بهێنن؟**

- بە تێڕوانینی من لایەنە ئەرێنییەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکەی ئەسەد پێویستی بە کورد هەیە، چونکە ئەو ناوچانەی کە خێڵە عەرەبەکانی تێدا نیشتەجێن پاڵپشتی و پشتیوانێکی گەورەی موعارەزە بوون بۆ دەسەڵاتەکەی ئەسەد، لەم ڕوانگەیەوە ئەسەد پێویستی بە کورد هەیە بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگیی هێزە دروست بکاتەوە. لەم ڕووەوە کورد هەندێ دەستڕۆیشتوویی هەیە ئەگەر هاتوو هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیان بە کشانەوە کرد و سووریایان جێهێشت.

**هەنگاوە ڕاستەکە بۆ کوردی سووریا و بۆ تێکڕای وڵاتی سووریا ئەوەیە کە بە چەشنی کوردی عێراق مافەکانیان لە دەستووری ئەو وڵاتەدا بچەسپێت و هەمان ئاستی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت**

# دیمانەی تایبەت



هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ڕوتگێرز و، پێشتریش بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە هەمان زانکۆ، هەروەها دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوە و ڕاڤەی پرسەکانی پەیوەست بە ئێران بووە و، دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ڕێکخراوێکە و بایەخ بە توێژینەوە دەدات و کار لەسەر باشترکردنی دیالۆگ و تێگەیشتن دەکات لە نێوان گەلانی ئێران و ئەمریکا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆخ و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە.

## هووشەنگ ئەمیر ئەحمەدی
## پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕوتگێرز بۆ گوڵان:

# ئێران و سعودیە دەیانەوێت سیاسەتی پراگماتی هەڵبگرن نەک ئایدیۆلۆژی

*** هەروەك دەزانن چەندین قەیران و تەنگژەی قووڵ و ئاڵۆز بەرۆکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە و، لەم ناوچەیەدا شەڕی ناوخۆیی و دەستتێوەردانی دەرەکی و داڕووخانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەدی دەکرێت، لە ئێستادا ئەوەی ئێوەی زۆر نیگەران کردووە، چییە؟**

- لە ڕاستیدا چەندین کێشە و تەنگژە منیان نیگەران کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر جێی سەرنج و بایەخی منە، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتە دراوسێکانی ناوچەکە، بەتایبەتی من نیگەرانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبم، کە ئاشکرایە ئەمە پەیوەندییەکی لەرزۆکە و هێشتا سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینیوە، بە چەشنێك هەر هەڵەیەك، یان ڕووداوێك، بۆی هەیە زنجیرەیەك کێشە بۆ هەردوولا دروست بکات، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لەم هاوکێشەیەدا (پەیوەندیی نێوان عەرەب و ئێران) چەندین هێزی دیکە کاریگەرییان هەیە، وەك ئیسرائیل و تورکیا و ئەورووپا، مەبەستم ئەوەیە بڵێم بە داخەوە ئەمە بە تەنیا پەیوەندیی نێوان عەرەب و ئێران نییە، بەڵکو هێزی دیکە لە نێو ئەم پەیوەندییانەدان، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە کارێکی دژوارە بۆ هەردوولایان کە کۆنترۆڵی ئاقار و ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەن، چونکە هێزەکانی دیکە وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا کێشە و گرفت بۆ ئاراستەی ئەو سیاسەتە دروست دەکەن، کە ئەم دوو لایەنە دەیانەوێت بیگرنەبەر. بە ڕاستی ئەمە نیگەرانی کردووم، لەبەر ئەوە من پێم وایە پێویستە ئێران و عەرەبەکان هەوڵ و کۆششەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لە هێزە دەرەکییەکان ڕزگار بکەن و ڕووبەڕوو لەگەڵ یەکتر بدوێن، هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە پێم وایە پێویستە عەرەبستانی سعودیە وەك گرنگترین هێز و وڵاتی عەرەبی لە ڕووی

**نیگەرانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبم، کە ئاشکرایە ئەمە پەیوەندییەکی لەرزۆکە و هێشتا سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینیوە**

**پێویستە ئێران و عەرەبەکان هەوڵ و کۆششەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لە هێزە دەرەکییەکان ڕزگار بکەن و ڕووبەڕوو لەگەڵ یەکتر بدوێن**

**تێکڕای جیهان لەم ناوچەیەدا تێوەگلاوە، ئیدی هۆکارەکەی نەوت بێت، یان ئەو شەڕانەی کە لە چەند وڵاتێکی ئەم ناوچەیەدا لەئارادان**

**هۆکاری کاریگەربوونی هێزە دەرەکییەکان لەسەر پرس و کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەیە کە ئێران و عەرەبستانی سعودیە پێکەوە کار ناکەن**

**ئەو هێزانەی پێشتر کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بوون لە ناوچەکەدا، لە ئێستادا ئەم دەستڕۆیشتووییەیان بەرەو داکشان دەچێت، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

ئابووری و سیاسییەوە دەستپێشخەری بکات و جڵەوی ئەم پرسە بگرێتە دەست و، دەست بکات بە باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، کە بە بۆچوونی من پێویستە پێکەوە کاربکەن، بە چەشنێك کە نە ئێران و نە عەرەبستانی سعودیە نابێت ڕێگە بە دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکان بدەن، لەم ڕووەوە پێم وایە دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە، بە دیاریکراوی عێراق، دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت و هەوڵ بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی میانگیری لە نێوانیاندا بکەن، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە نیگەرانیی سەرەکیی من پرسی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە کێشە و تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە سنووری ئەم ناوچەیەدا نامێننەوە، بەڵکو تێکڕای جیهان لەم ناوچەیەدا تێوەگلاوە، ئیدی هۆکارەکەی نەوت بێت، یان ئەو شەڕانەی کە لە چەند وڵاتێکی ئەم ناوچەیەدا لەئارادان، بۆیە پێم وایە چارەسەرەکە ئەوەیە ئێران و عەرەبستانی سعودیە پێکەوە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو بکەن و کار بکەن بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکە، هەر لە پرسی یەمەنەوە تاوەکو کێشەکانی دیکە، چونکە ئەگەر ئەم دوو وڵاتە بەم ئاراستەیەدا پێکەوە کار بکەن، ئەوا بارودۆخ و هەلومەرجەکە بە ڕاددەیەکی گەورە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەگەر پێکەوە کار بکەن، ئەوا هێزەکانی دیکە ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت. دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە هۆکاری کاریگەربوونی هێزە دەرەکییەکان لەسەر پرس و کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەیە کە ئێران و عەرەبستانی سعودیە پێکەوە کار ناکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە لە پرسی هاوسەنگیی هێز بڕوانین لەم ناوچەیەدا، ئەوا سێ هێزی سەرەکی هەبوون کە بریتی بوو لە عێراق و ئێران و سعودیە، ئەگەرچی دوای شەڕەکەی ساڵی ٢٠٠٣ هێز و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی عێراق پاشەکشەی کرد و داکشانی بەخۆوە بینی، بە تایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو نەکەین کە هێشتا عێراق هێزێکە لە ناوچەکەدا و دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت. ئەگەر قسەکان پوخت بکەمەوە، ئەوا عێراقیش دەتوانێت وەك میانگیری نێوان ئێران و سعودیە، یان وەك شەریك و هاوبەشی هەردوولایان ڕۆڵی هەبێت و بەم شێوەیە ئەم هێزانە دەتوانن دۆخی ناوچەکە بە ئاست و ئەندازەیەکی باش بەرەو پێشەوە ببەن.

*** بەڵام بە تێڕوانینی ئێوە ئاستەنگی سەرەکیی بەردەم بەدینەهاتنی ئەم جۆرە هاوکاری و هەماهەنگی و پێکەوەکاردنە چییە؟ یان بۆچی ئەم هێزانە بەم ئاراستەیەدا هەنگاو نانێن، لە کاتێکدا ئەم هەنگاوهەڵگرتنە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، ئێمە دەزانین لە ڕووی مێژووییەوە کێشە لە نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا هەبووە، هەندێك ئاماژە بە کێشە و ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکان دەکەن، لە پەیوەندی بە پرسی تایفەگەری و پرسی شیعە و سوننەوە، هەندێکی دیکە باس لە کێشەی پەیوەست بە خاك و سنوورەوە دەکەن، وەك کێشە دوورگەکان لە نێوان ئیمارات و ئێراندا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە دەکرێت بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، لە ڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا گۆڕانکاری ڕوو دەدەن، ئێوە بڕواننە عەرەبستانی سعودیە کەسایەتییەکی وەك محەمەد بن سەلمان، کە کەسێکی گەنجە و دەیەوێت ئاراستەی کارکردن و سیاسەت لە ئایدیۆلۆژیا دوور بخاتەوە و ڕێچکەیەکی پراگماتی بگرێتەبەر، واتە ئاڵوگۆڕ دروست بکات لە کارکردن لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییەوە بۆ گرتنەبەری بیرکردنەوەی ستراتیژی، بە هەمان شێوە لە ئێراندا دەسەڵات و حکومەتێکی نوێ دەستبەکار بووە و جڵەوی گرتووەتەدەست، کە بە هەمان شێوە دەیەوێت پاڵنەری سیاسەت و کارەکانی ئایدیۆلۆژیا نەبێت، بەڵکو بیرکردنەوەی ستراتیژی بێت، لە هەمان کاتدا عێراقیش دوای ئەوەی ساڵانێکی سەخت و دژواری تێپەڕاند، وردە وردە وەك هێزێکی سەقامگیر و دەستڕۆیشتوو دێتەوە گۆڕەپانەکە، کەواتە ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ڕاستە کێشەی مێژوویی و ناسیۆنالیستی و ئایینی و سنوور لە ئارادا بوون و ئێستاش لە ئارادان لە نێوان ئێران و عەرەبدا، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە ئێستادا گۆڕانکاری لە نێو سعودیە و ئێران و عێراقیشدا بە ئاقار و ئاراستەیەکی ڕاستدا ڕوودەدات و

دەگوزەرێت. پێشهات و پەرەسەندنێکی دیکە کە جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەو هێزانەی پێشتر کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بوون لە ناوچەکەدا، لە ئێستادا ئەم دەستڕۆیشتوویەیان بەرەو داکشان دەچێت، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەش ڕەچاو بکەین، کە تا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر دەستڕۆیشتوویی لەدەست بدات، ئەوا دەستڕۆیشتوویی ئیسرائیلیش بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئیسرائیل زیاتر و زیاتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا بەرەو پێش دەبات، کە من عەرەبیدا هاتووەتەئاراوە. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە هێزە گەورە دەستڕۆیشتووەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و ئەوروپا کاریگەرییان لەسەر دۆخە سیاسی و ستراتیژییەکە کەم بووەتەوە، چونکە ئێستا پتر گرنگی بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دەدەن، کە پێم وانییە ئەمە پێشهاتێکی خراپ و نەرێنی بێت، بگرە ئەمە گۆڕانکارییەکی گرنگ و هەواڵێکی باشە، چونکە ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە کاریگەرییەکی ئابووریی زیاتریان دەبێت لە بەرامبەر کەمبوونەوەی کاریگەرییە سیاسییەکانیان لەسەر هێزەکانی ئەم ناوچەیە.

**چەندین هێز و گرووپی ناحکوومی هەن هەر لە لوبنانەوە بۆ سووریا و بۆ عێراق و تاوەکو یەمەن، وەک داعش و هێزە توندڕەوەکانی دیکە، کە ئەوانیش بەردەوام کاریگەرییەکانیان لەدەست دەدەن**




پێم وایە ئەمە خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی باش و ئەرێنییە و من پشتیوانی لە باشبوونی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا دەکەم، بەڵام سەرنجی من ئەوەیە کە دەبێت ئەم هەنگاوێکی دروست بێت، مەبەستم ئەوەیە نابێت پاڵنەری نزیکبوونەوەی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا بریتی بێت لە دژایەتیکردن و دوژمنایەتیکردنی ئێران، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای خواستی هەردوولایان بێت، بۆ لێك نزیکبوونەوە، لە هەمان کاتدا پێویستە ئێرانیش بهێننە نێو ئەم سیستمی هاوکارییەوە کە لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین چەندین هێز و گرووپی ناحکوومی هەن هەر لە لوبنانەوە بۆ سووریا و بۆ عێراق و تاوەکو یەمەن، وەك داعش و هێزە توندڕەوەکانی دیکە، کە ئەوانیش بەردەوام کاریگەرییەکانیان لەدەست دەدەن، هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەم لەسەر ئاستی وڵاتەکانی خۆشیان، دواتر ئەگەر بە دیاریکراوی باسی ئێران بکەین، ئەوا ئەم وڵاتە کە پێشتر ڕۆڵێکی چالاکی هەبوو لە لوبنان و سووریا و عێراقدا، لە ئێستادا ڕۆڵێکی کەمتر چالاکی هەیە و، بگرە هەنگاوێکی بۆ دواوە هەڵگرتووە و کەمتر تێوەگلاوە لە دۆخی ئەم وڵاتانە.

**ئەگەر بە دیاریکراوی باسی ئێران بکەین، ئەوا ئەم وڵاتە کە پێشتر ڕۆڵێکی چالاکی هەبوو لە لوبنان و سووریا و عێراقدا، لە ئێستادا ڕۆڵێکی کەمتر چالاکی هەیە و، بگرە هەنگاوێکی بۆ دواوە هەڵگرتووە**



محەمەد موحسین

شارەزا لە بواری ئابووریی دارایی و بەڕێوەبردنی ململانێکان بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا سیاسییەکان لەبری ئابووریناسان بڕیار لەسەر قەیرانی ئابووری و دارایی دەدەن

**داشکانی بەهای دینار تا ڕاددەیەک سەرکەوتوو بوو، بەڵام قەیرانەکان تەنیا بەم ڕێگەیە کۆتاییان نایەت**

**لە ناوەندە دارایی و ئابوورییەکاندا زۆر باس لە ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانی دارایی و ئابووریی عێراق دەکرێت، لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی محەمەد موحسین مامۆستا لە بەشی ئابووریی کۆلیژی ئابووری و کارگێڕیی زانکۆی سەلاحەدین و، شارەزا لە بواری ئابووریی دارایی کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا وەکو شارەزایەکی دارایی ڕاوسەرنجتان لە سەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی داشکانی بەهای دینار چییە، کە عێراق بۆ دەربازبوون لە قەیرانی دارایی و بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە جێبەجێی کرد؟**

- خۆی لەخۆیدا پەیڕەوکردنی داشکاندنی بەهای دینار بۆ دوورخستنەوەی ئەو قەیرانە داراییە چاوەڕوانکراوەیە کە لە چەند ساڵی داهاتوودا دوچاری وڵات دەبێت، زۆرجار بانکە ناوەندییەکان پەنا بۆ داشکانی بەهای دراوی ناوخۆیی وڵاتەکانیان دەبەن، ئەمەش وەکو ئامرازێکی دارایی و نەختینەیی بۆ زیادکردنی هەناردەکان و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵییە، هەروەکو چۆن لە حاڵەتی وڵاتی چین دەبیندرێت و دراوی ئەو وڵاتە بەردەوام لە داشکاندایە، تا خەڵکی ڕوو بکەنە کڕینی بەرهەمی چینی و ئەو وڵاتە لە کێبڕکێی بازرگانییەکاندا بە سەر نەیارەکانیدا سەربکەوێت. زۆر وڵاتیش لە ئاکامی گەمارۆ و سزای ئابووریی گەورە وڵاتانی جیهانەوە دراوەکەیان ڕووبەڕووی دارمان و دابەزینی بەهاکەی دەبێتەوە، ئەمە بە ڕوونی لە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران دەرکەوتووە، کاتێك بەهای لیرەی تورکی و تومەنی ئێرانی بۆ ئاستێکی پێوانەیی دابەزی، هەرچەندە حاڵەتی ئەم دوو وڵاتە جیاوازە، بەڵام دابەزینی بەهای دراوەکەیان گرفتی نرخ هەڵاوسانی لێ کەوتەوە، هەندێك جاریش دابەزینی بەهای دراو بە هۆی شەڕ و ماڵوێرانی و ڕووداوە سرووشتییەکانەوە سەر هەڵدەدات، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بانکی ناوەندی بەپێی فەلسەفە و سیاسەتێکی دیار و ڕوون پەنا بۆ داشکانی بەهای دراوەکەی نەبات و، هاوکات کۆمەڵێك ئامرازی دیکە بەکارنەهێنێت، ئەوا لایەنە سلبییەکانی لە لایەنە ئیجابییەکانی زیاتر دەبێت، کەیسی داشکانی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دراوە بیانییەکانی دیکە، بەتایبەتی دۆلاری ئەمریکی زۆر جیاوازە، پڕۆژەی داشکانی بەهای دیناری عێراقی کە وەکو پڕۆژەیەکی وەزارەتی دارایی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دواتر بۆ پەرلەمانی عێراق بەرزکرایەوە و پەسەند کرا، دواتر لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە جێبەجێ کرا، عێراق وڵاتێکی بەرهەمهێنی گەورە نییە، تا هانی زیادکردنی هەناردەکان و چەسپاندنی هاوسەنگیی تەرازووی بازرگانی لە نێوان هەناردە و هاوردەکان بدات، حکومەتەکەی کازمی بەناچاری بۆ دەربازبوون لە ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانی نەمانی سیولەی دراو و بەردەوامبوونی پێدانی مووچە و خەرجییە زەبەلاحەکانی، کە بە ڕوونی لە بودجەی بەکارخستن دیارە، پەنای بۆ ئەو سیاسەتە بردووە، عێراق کورتهێنانێکی گەورە لە بودجەکەیدا هەیە و بودجەی بەکارخستنی ئەوەندە گەورەیە کە وەزیری دارایی ناچار کرد، ددان بەو ڕاستییەدا بنێت و، هۆشداری لە ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانی دارایی و سیولەی نەختینەیی بدات، کە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا وڵاتەکەی بگاتە بنبەست و تووشی دارمان و مایەپووچبوونی دارایی و دەرکەوتنی قەیرانێکی سەختی سیولەی دراو ببێتەوە، لەمەشدا سوودی لەوە وەرگرتووە کە زیاتر لە ٩٠٪ی هەناردەکانی عێراق نەوتە و بە دۆلاری ئەمریکی دەیفرۆشێت، لە ناوخۆشدا خەرجییەکانی عێراق بە دراوی دینارە، بەمەش تا ڕاددەیەك بڕێك لە کورتهێنانی بودجەکەی چارەسەر کرد و تا ئاستێك سیاسەتێکی سەرکەوتوو بوو بۆ ئەم قۆناغە و، بۆ دابینکردنی مووچەکان و خۆی لە قەرزکردن

**پەیڕەوکردنی داشکاندنی بەهای دینار بۆ دوورخستنەوەی ئەو قەیرانە داراییە چاوەڕوانکراوەیە کە لە چەند ساڵی داهاتوودا دوچاری وڵات دەبێت**

**زۆر وڵاتیش لە ئاکامی گەمارۆ و سزای ئابووریی گەورە وڵاتانی جیهانەوە دراوەکەیان ڕووبەڕووی دارمان و دابەزینی بەهاکەی دەبێتەوە، ئەمە بە ڕوونی لە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران دەرکەوتووە**

**ئەگەر بانکی ناوەندی بەپێی فەلسەفە و سیاسەتێکی دیار و ڕوون پەنا بۆ داشکانی بەهای دراوەکەی نەبات و، هاوکات کۆمەڵێک ئامرازی دیکە بەکارنەهێنێت، ئەوا لایەنە سلبییەکانی لە لایەنە ئیجابییەکانی زیاتر دەبێت**

**عێراق وڵاتێکی بەرهەمهێنی گەورە نییە، تا هانی زیادکردنی هەناردەکان و چەسپاندنی هاوسەنگیی تەرازووی بازرگانی لە نێوان هەناردە و هێنراوەکان بدات**

**هەڵاوسان پەیوەندی بە سیاسەتەکانی بانکی ناوەندییەوە هەیە، خۆ ئەگەر بانکێکی ناوەندیی سەربەخۆ و تەندروست و بەهێزمان هەبووایە، ئەوا لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامرازەوە کە لەبەردەستیدایە دەتوانرا گەمە بە نرخ هەڵاوسان بکات**

**نرخ هەڵاوسانەکەی عێراق بارودۆخێکی زۆر ناتەندروستە و هۆکارەکەی تەنیا دارایی و ئابووری نییە، بەڵکو بۆ ئەو قەیرانە سیاسی و ململانێ ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە دەگەڕێتەوە کە ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبین**

**عێراق بە قەیرانی تەنگژەی سیاسیی ناوخۆیی و ئیقلیمیدا تێپەڕ دەبێت و ناتوانێت لێی دەرباز بێت، تا لە حاڵەتێکی تەندروست و ئاساییدا بڕیار لە سەر ئامراز و دیاردە ئابوورییەکان بدەین**

دوور خستەوە.

*** وێڕای ئەم لایەنە باشەی داشکانی بەهای دیناری عێراقی، بەڵام ئەم هەنگاوە گرفتەکانی هەڵاوسان و بێکاری و بێمتمانەیی بە دیناری عێراقی لێ کەوتەوە و، بازاڕەکانی تووشی جۆرێک لە شپرزەیی کردووە، ڕەنگە لە مەودایەکی کورتدا ئەمە چارەسەر ببێت، بەڵام پێت وانییە دەبێت لەپاڵ ئەم هەنگاوەشدا عێراق پەنا بۆ کۆمەڵێک ئامرازی دیکەی دارایی و نەختینەیی و بگرە ئابووری ببات؟**

- سیاسەتی داشکانی بەهای دینار لەلایەن وەزارەتی داراییەوە تا ئاستێك سەرکەوتوو بوو، بەوەی توانیویەتی تا ڕاددەیەکی باش بڕێك لە داهاتی خۆی لە ڕێگەی شکاندنی بەهای دینار زیاد بکات، ئەمەش یەکێکە لە ئامرازەکانی بە پەلە و فریاکەوتنی خێرا، پێم وایە دەبێت کۆمەڵێك ئامرازی دیکە هەبێت، بۆ ئەوەی بانکی ناوەندی و وەزارەتی دارایی و تێکڕای وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی عێراق بە وەزارەتەکانی پلاندانان و کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێنانەوە پیادەی بکەن، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك لە هەیکەلی ئابووریی وڵات دروست بکەن و، وڵات بکەنە وڵاتێکی بەرهەمهێن و خاوەن ژێرخانی ئابووریی بەهێز.

سەبارەت بە نرخ هەڵاوسان و دەرکەوتنی گرانی لە تێکڕای عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا، ئەمە جێگای مەترسییە، شوێنەوارەکانی نرخ هەڵاوسان نەزیفێکی بەردەوامی ئابوورییە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی بەکارهێنەر و بەکاربەردا، هەر خۆی لەخۆیدا هەڵاوسان پەیوەندی بە سیاسەتەکانی بانکی ناوەندییەوە هەیە، خۆ ئەگەر بانکێکی ناوەندیی سەربەخۆ و تەندروست و بەهێزمان هەبووایە، ئەوا لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئامرازەوە کە لەبەردەستیدایە دەتوانرا گەمە بە نرخ هەڵاوسان بکات، بۆ نموونە: لە ڕێگەی زیادکردنی پارەی کاش لە بازاڕ، یان کەمکردنەوەی، یانیش خستنەڕووی سەنەدات و کەمکردنەوەی جموجوڵی، بازاڕ و ئابووری ڕێك بخاتەوە، زۆرجاریش نرخ هەڵاوسان ئاساییە، ئەگەر بۆ بەرزبوونەوەی خواستی گشتی بەکار بهێنرێت، بەڵام منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، نرخ هەڵاوسانەکەی عێراق بارودۆخێکی زۆر ناتەندروستە و هۆکارەکەی تەنیا دارایی و ئابووری نییە، بەڵکو بۆ ئەو قەیرانە سیاسی و ململانێ ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە دەگەڕێتەوە کە ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبین و، سیاسەت و سیاسەتمەداران ناتوانن بەڕێوەبردنێکی تەندروست و باشی ئابووری پیادە بکەن.

*** وەکو پسپۆڕێکی دارایی و ئابووری، پێت وانییە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێینەوە و چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان ناکرێت، دواتر بەردەوام هەر لە ناو قەیرانی ئابووریدا گیرمان خواردووە؟**

- عێراق بە قەیرانی تەنگژەی سیاسیی ناوخۆیی و ئیقلیمیدا تێپەڕ دەبێت و ناتوانێت لێی دەرباز بێت، تا لە حاڵەتێکی تەندروست و ئاساییدا بڕیار لە سەر ئامراز و دیاردە ئابوورییەکان بدەین، دواجار هەر دیاردە و گرفت و قەیرانێك قسەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەم ململانێی سیاسییە ناتەندروستەی بەسەر هەموو پێگە و سێکتەرەکاندا باڵی کێشاوە، پێم وانییە شوێنی خۆی بگرێت، ئەوانەی بڕیار لە سەر دیاردەکان و چارەسەرەکان دەدەن، سیاسییەکانن نەك ئابووریناسەکان، ڕاستە لە هەموو دنیادا ئابووریناسان و شارەزا و زانایانی ئابووری پێشنیار و ڕا و بۆچوونی خۆیان لە ڕێگەی پڕۆژە و پرۆپۆزەڵەوە دەخەنە ڕوو، بەڵام لە حاڵەتی تەندروست و وڵاتانی پێشکەوتوودا هەموو ئەم بۆچوون و پێشنیار و پڕۆژانە بە هەند وەردەگیردرێن، لێرە بە پێچەوانەوە لە دۆخێکی ناسەقامگیر و ناجێگیردا کەمتر بڕوایان هەیە، یان پابەندن بە دامەزراوەکانی وڵات و، بگرە هەندێك جار وا دەخوازێت کە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆیان بڕیار بدەن، بۆیە ئابووریناسەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان نییە لە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی ئابووری و بونیاتنانی ژێرخانی وڵاتدا.

*** تاچەند پڕۆژەیاسای بودجە دەتوانێت نەخشەڕێگایەك بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم واقیعەی دارایی و ئابووریی عێراق، چونکە دواجار بودجە گوزارشت لە سیاسەت و بەرنامەی حکومەتەکان دەکات؟**

- گوتارەکەی وەزیری دارایی عێراق کە خۆی کەسێکی شارەزایە لە ئابووریدا، دوو خاڵی گرنگی تێدا بوو؛ یەکەمیان کەمبوونەوەی داهاتی عێراق بوو بە پشتبەستن بەوەی وڵاتانی



بەکارهێنەری نەوت بە دوای بەدیلێکی خێرای نەوتدا دەگەڕێن، وەك بۆ نموونە بەکارهێنانی کارەبا بۆ ئامێرەکانی گواستنەوە، بەمەش لە ٩٠٪ی داهاتی عێراق کە لە فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت، کەم دەبێتەوە، هەرچی خاڵی دووەمیشە، بەردەوام بەرزبوونەوەی خەرجییەکانی حکومەتی عێراقە، کە لە پڕۆژەیاسای بودجەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، لە ناو پڕۆژە یاسای بودجەدا بە تەواوەتی کەرتە بەرهەمهێنەرەکان فەرامۆش کراون، لە کاتێکدا دەتوانین چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین و دامەزراندن و مووچە زیاد نەکەین، بەڵکو هەلی کار لە کەرتەکانی دیکە دابین بکەین، ئەگەر ئەم بارودۆخە هەروا بەردەوام بێت، لە ئایندەدا عێراق ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی ئابووری و دارایی دەبێتەوە.

*** یەکێك لەو دیاردانەی کە زۆر کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕاستکردنەوەی دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق هەیە، مەسەلەی گەندەڵییە، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی لانیکەم لە سێکتەرەکانی نەوت و غاز و پڕۆژە گەورەکان و داهاتی دەروازە سنوورییەکانەوە گەندەڵی نەکرێت؟**

- گەندەڵی هەرگیز بنبڕ ناکرێت، بەڵام دەکرێت بە لانی کەم ئیدارەیەکی سەرکەوتوو هەبێت کە کۆنترۆڵ و کەمی بکاتەوە، وەکو ئەوەی پێی دەگوترێت دژە گەندەڵی، واتا پیادەکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی هاندەر دەبێت بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی گەندەڵی و، دامەزراوەکانی یاسا، جێبەجێکار، دادگا و چاودێرییەکان کاری سەرەکیی خۆیان بکەن و، حزبەکانیش کاری خۆیان بکەن و ئەوەندە خۆیان هەڵنەقورتێننە ناو کایەی ئابووری و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە، بەداخەوە هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە ناوی حزبەکانەوە و بە ڕێکخراوەیی کارێکی زۆر مەترسیدار بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی لە دەرەوەی ئیرادە و دەسەڵاتی عێراقییەکان، کە مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر سەقامگیری و لایەنی ئەمنیی وڵات هەیە.

*** ئەگەر ئەمە حاڵی عێراق بێت، دەبێت ئێمەی گرێدراو بە ئابووریی ناوەندەوە لە چ بارودۆخێکدا بین، بەتایبەتی ئەگەر بێت و پێشبینی و ئەگەرە نەرێنییەکان بێتەدی؟**

- هەرێمی کوردستان پابەندە بە عێراقەوە و بەشێکی سەرچاوەی دابینکردنی لایەنی دارایی و دراومان لە عێراقەوە بۆ دێت، تێپەڕبوونی عێراق بەە بارودۆخێکی خراپدا کاریگەریی خراپی لەسەر ئێمەش دەبێت، تا ئەو کاتەی سیاسەتێکی نیمچە سەربەخۆی ئابووریی خۆمان دەبێت. ڕاستە سیاسەتی دارایی و نەختینەیی ئێمە سەر بە ناوەندە، بەڵام خۆ دەکرێت لە ڕێگەی ڕێککەوتنی گرێبەستە نەوتی و غازییەکانمانەوە لەگەڵ گەورە وڵاتانی جیهاندا کەمێك سەربەخۆیی ئابووریی خۆمان بەدەست بهێنین و، لەم ڕێگەیەشەوە هەندێك لە سەربەخۆیی دارایی بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنین، بەتایبەتی لە ئێستادا کە لە قۆناغی دامەزراندنی حکومەت و ڕێکەوتنەکانداین و لایەنە سیاسییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان پێویستیان بە هێز و دەستی کورد هەیە، جێگای داخە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان دوو ئیدارە و دوو حکومەت و دوو دارایی هەیە و، بەرپرسی حکومەت خاوەنی گەنجینەیەکی یەکگرتوو نییە، تا ئێمە نەبینە خاوەنی حکومەتێکی یەکگرتووی بە دەسەڵات و دامەزراوەیی، ناتوانین خواست و ویستەکانمان بەدی بهێنین.

**لە ناو پڕۆژە یاسای بودجەدا بە تەواوەتی کەرتە بەرهەمهێنەرەکان فەرامۆش کراون، لە کاتێکدا دەتوانین چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین و دامەزراندن و مووچە زیاد نەکەین، بەڵکو هەلی کار لە کەرتەکانی دیکە دابین بکەین**

**گەندەڵی هەرگیز بنبڕ ناکرێت، بەڵام دەکرێت بە لانی کەم ئیدارەیەکی سەرکەوتوو هەبێت کە کۆنترۆڵ و کەمی بکاتەوە**

**ڕاستە سیاسەتی دارایی و نەختینەیی ئێمە سەر بە ناوەندە، بەڵام خۆ دەکرێت لە ڕێگەی ڕێککەوتنی گرێبەستە نەوتی و غازییەکانمانەوە لەگەڵ گەورە وڵاتانی جیهاندا کەمێك سەربەخۆیی ئابووریی خۆمان بەدەست بهێنین**

**تا ئێمە نەبینە خاوەنی حکومەتێکی یەکگرتووی بە دەسەڵات و دامەزراوەیی، ناتوانین خواست و ویستەکانمان بەدی بهێنین**




# ماددە هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

مەترسیی ماددە هۆشبەرەکان بریتییە لە تراژیدیای مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا، ئەم مەترسییەش زۆربەی وڵات و ناوچەکانی جیهانی گرتووەتەوە، فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ماددانە: سایکۆلۆژین و پەیوەستن بە ئاڵۆزیی ژیانی مەدەنییەوە، هەروەها فاکتەری کۆمەڵایەتین و پەیوەستن بە خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، فاکتەری ئابوورییش لەوەدایە کە بازرگانییەکە قازانجێکی باشی لێ دەست دەکەوێت، ئەنجامە نەرێنی و ترسناکییەکانیشی بریتین لە کاریگەریی بۆ سەر دەروونی



تاکەکان و تواناکانیان و بێهێزبوونی ئەرکە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاکانە، سەرەنجام مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە بۆ سەر وزە بەرهەمهێنەرەکان و، ئەو خەرجییانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە تەرخان دەکرێت، دەردەکەوێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییەدا دەڵێین چەندین ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، هەروەها یاسای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، گرنگترین ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیش، ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٦١ی نێودەوڵەتییە کە پەیوەستە بە مادده هۆشبەرەکان، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە شێوەیەکی فراوان باس لە مادده هۆشبەرەکان و جۆرەکانیان و دروستکردن و چاندنیان دەکات، هەروەها ئاماژە بە چۆنێتی و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکات لەلایەن دەوڵەتەکان و خودی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەرکی سکرتێری ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە، بەپێی ماددەی(٤)ی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە هەموو جۆرە بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و چاندن و بازرگانی پێ کردن و هەنارده و هاوردەکردنێکی ئەم ماددانە قەدەغە کراون، جگە لەو ماددانەی کە بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن، لە مادده (٢٢)ی ئەم ڕێککەوتننامەدا باس لە جۆرەکانیان کراوە، بەپێی ماددەی ژمارە(٣٦)ی ڕێککەوتننامەکە مادده هۆشبەرەکان بە تاوانی ئەنقەست هەژمار دەکرێن و توندترین سزاشیان بۆ دانراوە، سزاکان جیاوازن لە نێوان بەکارهێنەران و ئەوانەی بازرگانییان پێوە دەکەن، بێ گومان بازرگانان سزاکانیان توندترە، تەنانەت لە مادده (٣٨) ی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەدا باس لە چۆنێتیی چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ئەم ماددانە دەکات، لەگەڵ ئەرکی دەوڵەتان و هاوکاریی نێوانیان بۆ بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەی ساڵی ١٩٦١ ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو، هەروەها بازرگانانی ئەم ماددانە زۆر زیادی کردبوو، بۆیە بە پێویست زانرا کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧١، ڕێککەوتننامەی دیکەی نێودەوڵەتی پەسند بکات، ئەویش ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی (مادده کارتێکەرە عەقڵییەکان)، واتا ئەو ماددانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆسەر عەقڵ و دەروونی مرۆڤ، ئەمەش تەواوکەری ڕێککەوتننامەی مادده هۆشبەرەکانە، کە بەکارهێنانی ئەو ماددانەی کار لە عەقڵ دەکەن، بە هەموو شێوەیەك قەدەغەن، جگە

**هەموو جۆرە بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و چاندن و بازرگانی پێ کردن و هەنارده و هاوردەکردنێکی ماددەی هۆشبەر قەدەغە کراون، جگە لەو ماددەیانەی کە بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن**

**ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە نزیکەی (٩٠٠) ملیار دۆلار لە ماددە هۆشبەرەکان خەرج دەکرێت، ژمارەی ئەوانەش ئەو ماددانە بەکاردەهێنن، نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن کەس دەبن لە جیهاندا**

**لە ساڵی ١٩٨٨ ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی دەرچوو، لەم ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بە تاوانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو هەژمار دەکرێت**

لەوانەی بۆ مەبەستی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێنرێن، هاوکات سزاشی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە، واتا جیاوازیی نێوان ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەی پێشتر لەوەدایە، کە ئەو ماددە و دەرمانانە بە چاودێریی پزیشکان بەکاربهێندرێن.

بەپێی ئەم ڕێککەوتننامانە دەزگایەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ چاودێریکردن و پشکنینی ماددە هۆشبەرەکان کە سەر بە ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، کە هاوکارە لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، (١٣) دەوڵەتیش لەم دەزگا نێودەوڵەتییەدا ئەندامن، ئەمەش ڕاستەوخۆ سەر بە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە و هەر ئەویش چاودێریی جموجووڵی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان دەکات. هەروەها ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر لە ساڵی ١٩٤٦ەوە لیژنەی ماددە هۆشبەرکانی هەیە کە (٣٠) دەوڵەت تێیدا ئەندام بوون، ئەمە لیژنەیەکی تەکنیکییە کە زۆر گرنگیی بە ماددە هۆشبەرەکان دەدات و ڕاستەوخۆش سەر بە ئەمینداری گشتییە.

سەرەڕای بوونی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە، بەڵام دیاردەی بوونی ماددە هۆشبەرەکان لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هەر تەشەنەی کردووە، فاکتەرەکانی ئەم دیاردەیەش بریتییە لەو ئامێر و ئامرازە پێشکەوتووانە کە کاریگەرییان هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم ماددە هۆشبەرانە بە شێوەیەکی خێرا. ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە نزیکەی (٩٠٠) ملیار دۆلار لە ماددە هۆشبەرەکان خەرج دەکرێت و ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و قەدەغەکردنی تاوان ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی ئەوانەی ئەو ماددانە بەکاردەهێنن نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن کەس دەبن لە جیهاندا.

لەسەر ئەم بنەمایە لە ساڵی ١٩٨٨ ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی دەرچوو، لەم ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بە تاوانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو هەژمار دەکرێت، کاریگەریی زۆرە لەسەر گەندەڵی و حوکمڕانی لە دەوڵەتەکان، بۆیە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتییە. ئەم تاوانە بازرگانییە تاوانی دیکەیشی بەدوادا دێت، وەك تاوانی شووشتنەوەی پارە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە مەترسیی ئەم دیاردەیە کرد.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی گشتییە و ئەمەش وڵاتانی جیهانی هان دا کە بۆ بەدواداچوون و چارەسەری ئەم دیاردەیە پشت بە یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ببەستن، بۆیە لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەبێت گرنگی بە میکانیزمەکانی بەدواداچوون و ئامێرەکانی هاتوچۆ بدرێت، چونکە کە تا ڕادەیەك ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەیە، ئەگەر باس لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بازرگانییە بکەین، دەتوانین بڵێین کە لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین ئەم ماددانە زۆر بەرهەم دەهێنرێن، هەروەها لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ئەفغانستان و ئێران و میسر و تورکیا و پاکستان و دەوڵەتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەو وڵاتانە ئەم ماددانە دەچێندرێن و ئەم بازرگانییەش پەیوەستە بە کاری سیاسییەوە و بە تاوانی ڕێکخراو دادەنرێت، پڕووشکی ئەم ماددانە گەیشتووەتە عێراقیش، بەڵام لێرە بەرهەم ناهێندرێن، بەڵکو وەك دەروازەیەك بۆ تێپەڕبوونی ماددەی هۆشبەر بەکاردێت کە لە ئەفغانستان و ئێرانەوە بۆ وڵاتانی دیکە ڕەوانە دەکرێن، هەندێ دەوڵەتی دیکەش وەك تورکیاو سووریا و لوبنان وەك دەروازە بۆ ئاواکردن و تێپەڕاندنی ئەو ماددانە سوودیان لێ وەردەگیرێن و لە هەمان کاتیشدا لێشیان دەچێندرێن.

مەترسیی ئەم دیاردەیە بۆ سەر عێراق هەیە، بە تایبەتی دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە بەکارهێنانی ئەم ماددانە بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە، بەڵام تا ڕادەیەك سنووردارە، کاتێك باسی عێراق دەکەین، دەبێ ئاماژە بۆ هەرێمی کوردستان بکەین، لێرەدا

بە دەرفەتی دەزانم باس لە ڕۆڵی دەزگا ئەمنییەکان بکەم لە هەرێم، بە تایبەتی ئەو دەزگایانەی کە پەیوەستن بە ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، کە لە چالاکییەکانیان بەردەوامن و ئەرکی ئەم دەزگایانەش بە یاسا ڕێکخراوە، بەتایبەتی یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١١، کە ئەرکی سەرەکییان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەیە، هەروەها بە گرنگی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و سوودوەرگرتن لە یاساکانی عێراق دارێژراوە، کە خۆی لە (٥٠) ماددەدا دەبینێتەوە، لەوانە: پێناسەی مادده هۆشبەرەکان، بازرگانی پێ کردنیان، لایەنە تەکنییەکان، چۆنێتیی بەکارهێنان و مامەڵە پێ کردنیان، هەر بەپێی ئەم یاسایە لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە وەزارەتی تەندروستی و لایەنی پەیوەندیدار پێکهێنراوە، یاساکە ئەو ماددانەی جیا کردووەتەوە کە هەندێکیان بۆ کاروباری زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن، دەرفەتی هەناردە و هاوردەکردنیشی داوە، بە مەرجی یاسایی بێت، کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ کراوە، جگە لەمە لە ماددەکانی کارتێکەرە عەقڵییەکاندا جەخت لەسەر پزیشک و دەرمانساز و ئەو لایەنانە کراوەتەوە لە ڕووی دروستکردن و بەکارهێنانیان، لە ماددەی (٢١) ی یاساکە چاندنی ماددەی هۆشبەری بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کردووە، هەروەها لە ماددەکانی (٢٥) و دواتر ئاماژەی بە توندترین سزا داوە، چ لە پێ بژاردن، یان زیندانی کردن، تەنانەت سزای قورستریش، بۆیە ئەوانەی دەگیرێن، بە هیچ شێوەیەك بەرنادرێن و یاسای لێبووردنی گشتیش نایانگرێتەوە، ئەوەی گرنگە لەم یاسایە باس لە چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو کەسانە کراوە کە ئەو ماددانە بەکاردەهێنن، ئەم ئەرکەشی خستووەتە سەر شانی دامەزراوەکانی هەرێم بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن، لە ئەنجومەنی وەزیراندا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك و نوێنەری لایەنی پەیوەندیدار پێك هاتووە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ماددانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیردرێت.

ئەوەی هاوپێچە بەم یاسایە جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکانە کە بەکاردەهێندرێن، ئەمانە بریتین لە نزیکەی(١٢٣) جۆر، لەگەڵ (١٩) پێکهاتە، ئەو هاوپێچانەی یاساکە بە پێی ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٦١ و ١٩٧١ ئاماژەیان پێ کراوە، جێی دەستخۆشییە کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، ئەوەی پەیوەستە بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە کە مامەڵەکردن و بازرگانیکردن بەم ماددانە بە تاوانێکی ئاسایشی نێوخۆ و دەرەوە هەژماردەکرێت، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١١و یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١١ی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بە ڕێکخستنێکی تایبەت دەکات بۆ ئەم مەسەلەیە و ئەرکی سەرەکیی ئەم دوو دەزگایەیە کە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە، بۆیە وا پێویست دەکات هۆشیارییەك لەهەمبەر ئاکامە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیەدا هەبێت، ئەمە نەك بە تەنیا ئەرکی دەزگا ئەمنییەکانە، بەڵکو ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی و میدیاکانە کە ڕۆڵی خۆیان ببینن، چونکە دیاردەیەکی مەترسیدارە و پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی، وەك هەموو مەسەلە و دیاردەکانی دیکە کە بە تاوانی ڕێکخراو ناوی دەهێنین، وەك تاوانەکانی باندەکانی لەشفرۆشی و شووشتنەوەی پارە، گەندەڵیی ئابووری و دارایی کە کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەکان هەیە، بۆیە ئەمانە پێویستییان بە هۆشیارییەکی تەواو و هەمەلایەنە هەیە.

**کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی گشتییە و ئەمەش وڵاتانی جیهانی هان دا کە بۆ بەدواداچوون و چارەسەری ئەم دیاردەیە پشت بە یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ببەستن**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و سوودوەرگرتن لە یاساکانی عێراق دارێژراوە**



### رائیدی پۆلیس سەرکەوت کارەش

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی هەولێر بۆ گوڵان:

# پێشبینی دەکرێت ڕووداوە سرووشتییەکان زیاتر ببن، پێویستە ئێمەش لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییانەدا بین

گرنگە دەزگا خزمەتگوزارییەکان لە ئاست گۆڕانکارییە ژینگەییەکاندا بن و، ڕۆڵ و ئەرکی بەرگریی شارستانییش ڕۆڵێکی گەورە و گرنگە لە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییاندا، کە شایستەی ئەوەیە هەموو بایەخێکی پێ بدرێت، بۆ ئاشنابوون بە ڕۆڵی ئەم لایەنە گرنگە و ئەرك و کارەکانیان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ڕائیدی پۆلیس سەرکەوت کارەش وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانی هەولێر ئەنجام دا.

*** ئایا ئێوە وەك بەرگریی شارستانیی هەولێر لە ڕووی ئامێر و لۆجستێك لە چ ئاستێكدان، وەك دەزانین لە دونیای پێشكەوتن و تەكنەلۆژیادا ئەو بوارەش پێشكەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە؟**

- بەرگریی شارستانی دەزگایەكی خزمەتگوزاریی گشتییە، كە كار دەكات بۆ كەمبوونەوەی قەبارەی زیانەكان، چ گیانی بێت، یان ماددی، ئێمە ئەرك و كارمان زۆرە، وەك وەڵامدانەوەی ڕووداوە سرووشتییەكان و كارەساتە دەستكردەكان و قەیرانەكان و ئەو ڕووداوانەی كە ڕۆژانە ڕوودەدەن، كە هاووڵاتیان پێویستیان بە یارمەتی هەیە. بەرگریی شارستانی چەندین ئەركی دیكە لەخۆ دەگرێت، وەك ئاگركوژاندنەوە و دەركردنی ڕێنماییەكان بۆ هۆشیاریی هاووڵاتیان و ڕزگاركردنی هاووڵاتی لە خنكان، ئەویش لە ڕێگەی تیمەكانی ژێرئاو و...هتد. لە هەرێمی كوردستانیشدا تا ئەندازەیەكی باش گرنگی بە بەرگریی شارستانی دراوە و ئامێر و كەلوپەل و پێداویستیمان لە بەردەستدایە، بەڵام دەبێت بەپێی گەشەكردن و بەرفراوانبوونی دەزگا خزمەتگوزارییەكان، بەتایبەت بەرگریی شارستانی لەگەڵ پێشكەوتنەكاندا بڕوات. لەلایەكی دیكەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی حەفتا و هەشتا و نەوەتەكان و بەشێكی دوو هەزارەكانیش، لە ناو شاری هەولێردا ئەو جۆرە باڵەخانە بەرز و گەورانەمان نەبوو، بەڵام ئێستا باڵەخانەی بەرز و ستوونی دروست دەكرێت، بۆیە دەبێت لە ئاست ئەو گەشەكردنەدا ئێمەش بەرەوپێشەوە بچین و، پێویستە لە ڕووی هەموو پێداویستییەكانی بەرگریی شارستانی وەك دابینكردنی ئۆتۆمبێلی پەیژەی ڕزگاركردن و، هێزی مرۆییەوە گرنگیی زیاترمان پێ بدرێت، بەتایبەتی كە پێویستمان بە كارمەند و بنكەی زیاتر هەیە. ئێستاش بە هۆی گۆڕینی كەشوهەوا و ژینگەی هەموو جیهانەوە، كارەساتە سرووشتییەكان زیاتر بوون، هەر وەك ئەوەی لە ماوەی ڕابردو و لەساڵی ڕابردوودا دوو لافاوی زۆر گەورە لە شاری هەولێر ڕووی دا، هەروەها بومەلەرزە، كە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە سنووری چەمچەماڵ و قەرەداخ و شاری سلێمانی چەندین بوومەلەرزە بە پلەی جیاواز ڕوویان دا و، پێشبینی دەكرێت كارەساتە سرووشتییەكان زیاتریش ببن، بۆیە گرنگە لە ئاست ئەو گۆڕانكارییە ژینگەییە جیهانییانەدا دەزگا خزمەتگوزارییەكانیش ئامادەكاری و پلانی تەواویان بۆ دابڕێژدرێت.

*** وەك دەزانین بەرگریی شارستانی ئەركێكی مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورە لە ڕزگاركردنی هاووڵاتیان بەڕێوە دەبات، چ لە خنكان و چ لە سووتان و چەندین ڕووداوی دیكە، ئایا ئەو كەموكوورییانەی كە زۆر پێویستن چین و چیتان بۆ ئەو مەبەستە كردووە؟**

- لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر سێ تیمی گەورەی غەواسمان لە قەزاكانی خەبات و شەقڵاوە و كۆیە هەیە، بەڵام بۆ چەندین شوێنی دیكە لە سنووری پارێزگای هەولێر پێویستمان بە زیاتركردن و گەورەكردنی ئەو تیمانە هەیە، بەتایبەت بۆ وەرزی هاوینان كە خەڵكێكی زیاتر لەكاتی مەلەوانی و لە ئاوەكاندا تووشی نوقمبوون و خنكان دەبن، چونكە لەو حاڵەتانەدا كێشەی نەبوونی ئامێری پێشكەوتوو و تەواومان هەیە، تاوەكو ژیانی هاووڵاتیانمان زیاتر پارێزراو بێت. بێگومان بەهۆی گەشەكردن و بەرەوپێشەوەچوونی شارەوە، پێویستمان بە پێداویستی و ئامێری باشتر و زیاتر و هاوچەرخ هەیە، چ ئاوی چ ئاسمانی چ زەمینی، هەر بۆ نموونە: ئێمە فڕۆكەخانەمان لە شاری هەولێر هەیە، بۆی هەیە ڕووداوی ئاگركەوتنەوە، یان ئاگرگرتنی فڕۆكە ڕووبدات، لەو كاتەدا بەرگریی شارستانی پێویستی بە ئامێر و پێداویستیی تایبەت بەو جۆرە ڕووداوە هەیە، هەر بۆیە پێویستە ئەو پێداویستییانە دابین بكرێت، پێش ئەوەی ڕووداوەكان ڕوو بدات، هاوكات پێویستە ئیمكانیات و بودجەمان زیاتر بۆ تەرخان بكرێت، چونكە تا دەزگا خزمەتگوزارییەكان و، بەتایبەتیش بەرگریی شارسانی بەهێزتر بێت، ئەوە زیاتر سەر و ماڵی هاووڵاتیان پارێزراو دەبێت.

*** ئایا خولی فێركردن و ڕاهاتن بۆ كارمەندانتان چۆنە و بەشداریی خولی نێودەوڵەتیتان هەیە، یان هەماهەنگیتان لەو بارەوە لەگەڵ وڵاتان لە چ ئاستێكدایە؟**

**لە یەكەم ساتەوە ڕێزدار سەرۆكی حكومەت لەسەر هێڵ بوو لەگەڵ پارێزگار و هەموو دامودەزگا و فەرمانگەكانی حكومەت، بۆ ئەوەی هەرچی پێویستە بكرێت و هاوكاریی لێقەوماوانی لافاوەكە بە باشترین شێوە بكرێت**

**پێویستە لە ڕووی هەموو پێداویستییەكانی بەرگریی شارستانی وەك دابینكردنی ئۆتۆمبێلی پەیژەی ڕزگاركردن و، هێزی مرۆییەوە گرنگیی زیاترمان پێ بدرێت، بەتایبەتی كە پێویستمان بە كارمەند و بنكەی زیاتر هەیە**

**ئێمە فڕۆكەخانەمان لە شاری هەولێر هەیە، بۆی هەیە ڕووداوی ئاگركەوتنەوە، یان ئاگرگرتنی فڕۆكە ڕووبدات، لەو كاتەدا بەرگریی شارستانی پێویستی بە ئامێر و پێداویستیی تایبەت بەو جۆرە ڕووداوە هەیە**

**پێش ئەوەی پەتای کۆڕۆنا بڵاو ببێتەوە، خولی مەشق و ڕاهێنانمان بەردەوام و زۆر باش بوو، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی هەرێم، وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام خولی ڕاهێنان و مەشقیان بۆ کارمەندانی بەرگریی شارستانی دەکردەوە**

**ئەفسەر و کارمەندانمان لە وڵاتی بیلاڕووسیا و چەندین وڵاتی دیکە بەشداریی خولی ڕاهێنان و مەشقیان کردووە**

**پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات، کارمەندانی بەرگریی شارستانی لەسەر ئاستی جیهان ڕاهێنان و مەشقیان پێ بکرێت**

**ساڵانە لە ١٥ی مانگی پێنج تیمەکانمان دەردەچن بۆ هەموو قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر، بۆ پاراستنی گەنم و جۆی هاووڵاتیان لە سووتان**

- پێش ئەوەی پەتای کۆڕۆنا بڵاو ببێتەوە، خولی مەشق و ڕاهێنانمان بەردەوام و زۆر باش بوو، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی هەرێم، وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام خولی ڕاهێنان و مەشقیان بۆ کارمەندانی بەرگریی شارستانی دەکردەوە، بەمەش بەهۆی دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر و هاوچەرخ و لێڕاهاتنی کارمەندانمان لە جۆر و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان و پاراستنی سەرو ماڵی خەڵك، سوودێکی زۆرمان دەبینی، هەر بۆ نموونە: هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوامان لەگەڵ ڕێکخراوی (THW)ی ئەڵمانی هەبوو، کە خولی ڕاهێنان و مەشقیان بۆ کارمەندانمان دەکردەوە، هاوکات وەك کارمەندانی بەرگریی شارستانی بۆ بەشداریکردنی خول، سەردانی وڵاتانی پێشکەوتوومان کردووە، هەر خۆم لەساڵی ٢٠١٨ بەشداریی خولێکی سێ مانگیم کرد لە وڵاتی یابان، ئەفسەر و کارمەندانمان لە وڵاتی بیلاڕووسیا و چەندین وڵاتی دیکە بەشداریی خولی ڕاهێنان و مەشقیان کردووە، ئەگەرچی لەگەڵ هاتنی پەتای کۆڕۆنا هەموو شتێك وەستاوە، بەڵام پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات، کارمەندانی بەرگریی شارستانی لەسەر ئاستی جیهان ڕاهێنان و مەشقیان پێ بکرێت، تا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوە سرووشتییەکان توانا و ئیرادە و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییان زیاتر بێت، پێویستە ئاست و توانای دەزگا خزمەتگوزارییەکان بەرز بکرێتەوە، ئەمەش بە بەشداریکردنی کارمەندان لە خولی جۆراجۆر دەبێت، لەو وڵاتانەی کە پێشینەی باشیان لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوە سرووشتییەکاندا هەیە، تا بزانین ئەوان بە چ ئەزموون و ئاقارێکدا ڕۆیشتوون، بۆ نموونە وڵاتێکی وەك یابان کە من بەشداریی خولێکم تێدا کردووە، وڵاتێکە زۆرترین ڕووداوی سرووشتیی وەك لافاو و بوومەلەرزە لەوێ و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوودەدات، بۆیە بەشداریکردن لە خولەکانی فێرکردن و مەشق لەو وڵاتانە کە شارەزایی و ئەزموونیان زۆرە، بۆ کارمەندان و ئەفسەرانی بەرگریی شارستانی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە.

*** ئەگەر وەك داتاو زانیاری هەندێك لەو کار و چالاکییانەتان لە ساڵی ڕابردوو تا ئێستا بخەیتە ڕوو، چیمان پێ ڕادەگەیەنیت، بەتایبەتی لە وەرزی گەرما و دروێنە و ڕزگارکردنی خەڵك و گەشتیاران لە ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکانی دیکەدا؟**

- ئێمە ساڵانە لە مانگی دوودا پلانی ساڵانەی خۆمان دەنێرین بۆ پارێزگای هەولێر، کە بە شێوەیەکی گشتگیر بەرنامەڕێژیی یەك ساڵی تێدایە و، ساڵانە لە ١٥ی مانگی پێنج تیمەکانمان دەردەچن بۆ هەموو قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر، بۆ پارستنی گەنم و جۆی هاووڵاتیان لە سووتان، و ئەو تیمانە لەو شوێنانە جێگیر دەکرێن و دەمێننەوە تا ڕێککەوتی ١ی مانگی ٧، هەروەها هەموو ساڵێك لە مانگی ٩ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ دەست بە پاککردنەوەی مەنهۆل و ئاوەڕۆکان دەکەین، بۆ ڕێگرتن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، بە بەرنامەڕێژی دەستمان بە کار و پاککردنەوەی ئاوەڕۆیەکان کردووە، بەتایبەت لەو شوێن و گەڕەکانەی کە ئاوی لێ کۆدە بووەوە، بۆ نموونە وەك گەڕەکەکانی گڵکەند و تەیراوە و سێتاقان، هەر ئەمەش وای کرد کە بەو بارانە زۆر و بەلێزمەیەی لافاوەکانی ڕابردوو هیچ کێشە و گرفت لەو شوێنانە بەدی نەکرا. سەرەڕای ئەوەی لە ناو شاری هەولێر هەشت بنکەی بەرگریی شارستانیمان هەیە، بەڵام پێویستمان بە شەش بنکەی دیکەش هەیە کە لە ناو شاری هەولێر بکرێتەوە، لەوانە لە گەڕەکی هەولێری نوێ کە یەکێکە لە گەڕەکە گەورەکان و تا ئێستا بنکەی بەرگریی شارستانیی نییە، بە هەمانشێوە گەڕەکی بەختیاری و نووسەران و ژیان و ناحیەی دارەتوو پێویستیان بە بنکەی بەرگریی شارستانی هەیە، هاوکات لە چەندین ناحیە و شوێنی دیکە پێویستە بنکەی بەرگریی شارستانی دابنرێت، بۆ نموونە ناحیەی دارەتوو تەنیا تیمێکمان لەوێ هەیە، ئەگەرچی پێویستی بە بنکەیەکی شایستە هەیە. هاوکات لە ناحیەی ڕزگاری بنکەمان نییە و کردنەوەی بنکەش پێویستی بە دامەزراندنی کارمەند و دابینکردنی باڵەخانە

و هەمـوو ئامێـر و پێداویسـتییەکی بەرگریـی شارسـتانی هەیـە، کـە ئەمـەش کارێکـی زۆر قورسـە لەسـەر حکومـەت، بـەڵام لێرەدا داواکاریـن لـە لایەنـی پەیوەندیـدار، لـەو شـوێنانەی کـە زۆر پێویسـتە، بنکەیـان بـۆ بکرێتـەوە.

*** خەڵـك تـا چەنـد بـە ڕێنمایـی و داواکارییەکانـی ئێـوە کـە بـۆ بەرژەوەنـدی و سـەڵامەتیی ئەوانـە، پابەنـدن؟**

- ئـەوە گەورەتریـن کێشـەی ئێمەیـە کـە ڕووبەڕوومـان دەبێتـەوە، بەتایبـەت لـە سـاڵانی ڕابردوو لـەم بارەوە کێشـەمان زۆر بـوو و هاووڵاتیان کـە ژمـارەی تەلفۆنەکەمـان (١١٥)یـە زانیارییـان لـە سـەری نەبـوو، بـەڵام ئێسـتا هاووڵاتیـان زۆر باشـترن و پابەنـدن بـەو ڕێنماییانـەی بەرگریـی شارسـتانی کـە بۆیـان دانـراوە و، خـاوەن پـڕۆژە و باڵەخانـەکان و شـوێنە بازرگانییەکانیـش گەیشـتوونەتە ئـەو باوەڕەی کـە ئـەوەی بەرگریـی شارسـتانی پابەندیان دەکات، ئـەوە بۆ بەرژەوەنـدی و پاراسـتن و سـەلامەتیی خۆیانـە، چونکـە ئەوەنـدە ڕووداو و کارەسـاتی گـەورە و ناخـۆش ڕووی دا، هەندێـك جـار بـە چەنـد چرکەیـەك شـوێن و باڵەخانەیـەك سـووتان و بـوون بـە خۆڵەمێش، هـەر بۆ نموونـە: هەولێر مۆڵ و بازاڕی لەنگـە و چەند شـوێنی دیکـە، هـەر ئـەو ڕووداو و کارەسـاتانە وای کـردووە کـە هاووڵاتیـان بـە پێویسـتی بزانـن کـە پابەنـدی مـەرج و ڕێنماییەکانـی بەرگریـی شارسانی بن. لەلایەکی دیکەوە زۆر بـە دەگمەن لـە ماڵەکانـدا ئامێـری ئاگرکوژێنـەوە هەیـە، چەندیـن ئۆتۆمبێـل دەسـووتێن، کەچـی خەڵـك ئامێـری ئاگرکوژێنەوەیـان پـێ نییـە.

*** لـە کاتـی ڕزگارکردنـی هاووڵاتیانـدا تـا چەنـد هەماهەنگیـی لایەنەکانتـان بـەدی کـرد و، ڕۆڵـی جەنابـی سـەرۆکی حکومـەت لـە بەدەنگەوەهاتنـی لێقەومـاوان چـۆن دەبینیـت؟ هاوکات بڕیار بوو لە ڕێگەی ئەو لیژنەیەی بۆ دەرخسـتنی هۆکارەکانـی لافاوەکـە دروسـت بـوو، هەمـوو کێشـە و گرفـت و ڕاسـتییەکان بدۆزرێتـەوە و کەسـانی سـەرپێچیکار دیـاری بکرێـن، ئایـا ئـەوە ڕاسـتییانە هـەر هەمـووی درکەوتـن، یـان هێشـتا بەدواداچوونیـان بـۆ دەکرێـت؟**

- هەماهەنگیـی نێـوان دامودەزگاکانـی حکومـەت زۆر بەهێـز و پتـەو بـوو، کـە ئەمـەش وای کـرد لـەو لافـاوە گەورەیـەدا زەرەر و زیانـەکان زۆر کـەم بکرێتـەوە، ئێمـە وەك بەرگریـی شارسـتانی دەسـتخۆشـی لـە هەمـوو دەزگاکانـی حکومـەت دەکەیـن، بەتایبـەت شـارەوانی و کەرتـی تەندروسـتی و پارێـزگای هەولێـر و خـودی پارێـزگار و ناوەنـدی هاوبەشـی قەیرانـەکان و دەزگای خێرخوازیـی بارزانـی، کـە لـە یەکـەم سـاتەوە تـا کۆتایـی هـەوڵ و کاری بەردەوامیـان بـۆ ڕزگارکـردن و کەمبوونـەوەی لافاوەکـە هەبـووە و بـە هانـای لێقەوماوانـەوە هاتـن، هـەر لـە



ڕزگارکردنیـان تـا دابینکردنـی ژەمـە خـواردن و پێداویسـتیی دیکـە. هـاوکات ژمارەیەکـی زۆر خەڵکی خۆبەخش بەوپەڕی گیانی نیشتمانییەوە هـەوڵ و ماندووبوونـی زۆریـان بەخشـی و، ئێمـە بـۆ مـاوەی ٢٠ ڕۆژ دوای لافاوەکـە بـەدوای ئـەو دوو تەرمـەدا دەگەڕایـن کـە ون ببـوون، هـاوکات لـە یەکـەم سـاتەوە ڕێـزدار سـەرۆکی حکومـەت لەسـەر هێـڵ بـوو لەگـەڵ پارێـزگار و هەمـوو دامـودەزگا و فەرمانگەکانـی حکومـەت، بـۆ ئـەوەی هەرچـی پێویسـتە بکرێـت و هاوکاریـی لێقەوماوانـی لافاوەکـە بە باشـترین شـێوە بکرێت، هاتنـی جەنابـی سـەرۆکی حکومـەت هـەر بـۆ بەیانییەکـەی بـۆ دیوانـی پارێزگای هەولێر، ئـەوە دەگەیەنێـت کـە چەنـد خەمخـۆری لێقەوماوانـی لافاوەکـە بـوو.

**زۆر بە دەگمەن لە ماڵەکاندا ئامێری ئاگرکوژێنەوە هەیە، چەندین ئۆتۆمبێل دەسووتێن، کەچی خەڵک ئامێری ئاگرکوژێنەوەیان پێ نییە**

**دەستخۆشی لە هەموو دەزگاکانی حکومەت دەکەین، بەتایبەت شارەوانی و کەرتی تەندروستی و پارێزگای هەولێر و خودی پارێزگار و ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکان و دەزگای خێرخوازیی بارزانی، کە لە یەکەم ساتەوە تا کۆتایی هەوڵ و کاری بەردەوامیان بۆ ڕزگارکردن و کەمبوونەوەی لافاوەکە هەبووە و بە هانای لێقەوماوانەوە هاتن**

# ڕۆڵی کەرتی کشتوکاڵ لە پاراستن و چاککردنی ژینگەدا

چونکە ئەرکە ژینگەییەکان زۆر گەورەترن لە تواناکانی دەستەی ژینگە و دەستەی ژینگەش وەك ژینگەی حکومەتی پێویستی بەوەیە لە ڕێگەی ئەم ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگەوە ببێتە حکومەتێکی ژینگەیی، بۆیە دەستەی ژینگە دەستەیەکی چاودێریی و هەماهەنگییە و کار دەکات لەسەر هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکان و، هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی و، ئامانجەکانی دەستەش بریتین لە: پاراستنی ژینگەی خاوێن و چاککردنی ژینگەی پیسکراو و کارکردن بە چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام، ئامرازەکانی دەستەش بریتین لە: بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی و کاراکردنی یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکان و گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ.

لێرەوە کاری ڕۆژانە و ئاسایی دەستەی ژینگە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١. ڕەزامەندیدان، یان ڕەزامەندیی نەدان بە پرۆژەکان لە جۆری پیشەسازی، پیشەسازیی خۆراك، خزمەتگوزاری، نیشتەجێکردن، بازرگانی، کشتوکاڵی، تەندروستی، مۆڵەتی ڕاو، ماددەی تیشکاوەر.

٢. کەیسەکانی دادگا وەك سکاڵا، سزا، پێبژاردن، بەڵێننامە.


٣. بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژەکان.

٤. پشکنینی تاقیگەیی.

٥. سەپاندنی ڕووبەری سەوزایی.

٦. هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لە بوارەکانی: کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ و بەرنامە و دیداری میدیایی و پەروەردەی ژینگەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا و، کۆکردنەوەی ئارەزوومەندانەی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە بۆردی ڕێکخراوەکاندا و، پێشوازیکردن لە خاوەن دەستپێشخەرییە ژینگەییەکان.

دەستەی ژینگە لە ڕێگەی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگەوە هەماهەنگیی باشی لەگەڵ تەواوی وەزارەتەکان هەیە و، لە بواری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاویشەوە نوێنەری وەزارەت ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە خستنەڕووی ڕێکارە ژینگەییەکان و ئەرکە ژینگەییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە بواری دارستانەکان، نەمامگەکان، پاشماوە کشتوکاڵییەکان، پەینی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

کیمیاوی، بەنداوەکان، بیرەکان، کانەکان، بە ئاراستەی جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە و زۆری دیکەش وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١. کاراکردن و کارکردن بە مادده و بڕگەکانی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ی تایبەت بە پاراستنی دارستان.

٢. پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە کشانی ئاسۆیی شار و شارۆچکەکان و بایەخدان بە بینای ستوونی.

٣. نەمامگەکان پۆلێن بکرێن و زانیاریی وردیان لە بارەوە بدرێت لە ڕووی ژمارەیان، سوودمەندان لێیان، گرفتی فەرمانبەر و کارمەندەکانیان، پێدانیان بە کەرتی تایبەت بە مەرجی دیاریکراو.

٤. چارەسەرکردنی پاشماوە کشتوکاڵییەکان بە سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم پاش دیارکردنی بڕی پاشماوەکان، زیانەکانیان، ڕێگەکانی چارەسەرکردنیان.

٥. چاودێریکردنی وردی پرۆسەی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی پەینی کیمیاوی لە ڕووی زانینی جۆرەکانیان، شوێنی هاوردەکردنیان، چۆنیەتی کۆگاکردنیان، جۆری زیانەکانیان، شێوازی بەکارهێنانیان.

٦. هەوڵدان بۆ تەواوکردنی ئەو بەنداوانەی کە زۆر پێویستن، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بەنداوە کۆنەکان و دەستکردن بە دیزاینکردنی بەنداوە پێشنیارکراوەکان.

٧.هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی پرۆسەی هەڵکەندنی بیری نوێ و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی.

٨. هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ چاودێریکردنی خاوەن کانەکان و کارکردنیان بەپێی یاسا بەرکارەکان بێت و، پێداچوونەوەش بە ڕێپێدانەکانی پێشووتر بکرێتەوە بە هۆی زۆریی سەرپێچییەکانەوە.

٩.لە ڕووی ڤێتینێرییەوە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی سەگی بێلانە، بەتایبەت پاش زیادبوونی ژمارەیان و زۆربوونی زیانەکانیان، کە ئەمەش کردنەوەی شێڵتەری تایبەت دەخوازێت بۆیان لە لایەکەوە و، نەزۆککردنیشیان لەلایەکی دیکەوە.

١٠-کارکردن بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەردەوامی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و دەستەی ژینگە بۆ یەکخستنی ئەو ڕێنماییانەی کە هەردوو لا پەیوەست دەکەن بە پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان.




ئەندازیار عەلی ئیسماعیل

ئەندامی لیژنەی باڵای پێوەری زیرەک بۆ گوڵان:

# پێوەری زیرەک کۆتایی بە سەدان سەرپێچی و زێدەڕۆیی لە کارەبا هێنا

## پێوەری زیرەک بۆ ١ ملیۆن و٤٧٠ هەزار هاوبەشی کارەبا دادەنرێت و ٨٢٪ی پڕۆژەکەش تەواو بووە

پێوەری زیرەك بۆ (١ ملیۆن و ٤٧٠ هەزار) هاوبەشی کارەبا بەبێ بەرامبەر دادەنرێت و تا ئێستا بۆ (١ ملیۆن و ١٥٥ هەزار) هاوبەشی کارەبا بەستراوە، کە دەگاتە لە ٨٢٪ی پڕۆژەکە، بەمەش کۆتایی بە ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەرپێچی هێنرا و زیاد مەسرەفی لە بەکارهێنانی کارەباش کەم بووەوە. پێوەری زیرەك بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبا و باشتر بەڕێوەبردنی سیستەمی کارەبایە، ئەم جۆرە پێوەرانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکارهێنراون، لە هەرێمی کوردستانیشدا بە شێوەیەکی زۆر خێرا ژمارەی هاوبەشانی کارەبا زیاد دەکات و خواست بە شێوەیەکی زۆر پێوانەیی ڕووی لە هەڵکشان کردووە .

لە دەستپێکی پڕۆژەکەدا ژمارەی هاوبەشانی کارەبا ١ملیۆن و ٤٧٠ هەزار هاوبەش بووە، بەڵام لە ئێستادا ٢٩٨ هەزار و ٧٤٧ هاوبەشی دیکە زیادی کردووە و زۆربەیان هاوبەشی کارگە و مارکێت و باڵەخانەی گەورەن، بەمەش ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە تێکڕای هەرێمی کوردستان بۆ ١ملیۆن و ٧٤٧ هەزار هاوبەش بەرز بووەتەوە، وەزارەتی کارەبا داوای کردووە بۆ ئەم ژمارەیە ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی ئەو پێوەرانەش بدرێت. بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا باس لەوە دەکەن خواستی بەکارهێنانی کارەبا بەتایبەتی لەم وەرزەدا ٦٥٠٠ مێگاواتی کارەبای تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی کارەبا ٢٩٠٠-٣٠٠٠مێگاواتە، بەمەش ئەگەر پێوەری زیرەك نەبووایە بارزۆری و بچڕاندنی کارەبا زۆر زیاتر دەبوو، لەم ڕوانگەیەوە پڕۆژەی پێوەری زیرەك لە چوارچێوەی پلان و ستراتیژییەتێکی فراواندایە هەر لە (کۆنترۆڵکردنی زیاتری هاوبەشانی کارەبا و بنبڕکردنی سەرپێچییەکان تا بەتایبەتکردنی کەرتی دابەشکردنی کارەبا کە بڕیارە لە ئەمساڵدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دونیا لە بەڕێوەبردنی سیستەمی کارەبا لە ڕێگەی پێوەری زیرەکەوە کارەبا بەسەر هاوبەشاندا دابەش دەکەن، پێوەری زیرەك فاکتەرێکی گرنگە لەناو کۆمەڵێك فاکتەر و ڕێوشوێنی دیکە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگیی نێوان (بەکاربردن و بەرهەمهێنان) و سەقامگیریی مەنزومەی کارەبا و دواجار گەیشتن بە کەرتێکی خۆبژێوی و کارەبایەکی باشی بەردەوام .

ئەم پرۆسەیەی وەزارەتی کارەبا بە بێ ڕەخنە و گلەیی نییە، بەتایبەتی لە دیاریکردنی ٤٠ ئەمپێر بۆ هاوبەشان و کەمیی ماوەکانی پێدانی کارەبا، ئەمەش لەلایەن هەندێك پەیج و ئەکاوەنتی ساختە و تەنانەت کەناڵی ڕاگەیاندنیشەوە بەکارهێنرا بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ لێکردنەوەی پێوەرەکانیان، بێ ئەوەی گوێ بدەنە مەترسیی گیانی هاوڵاتیان، چوونە سەر ستوونەکانی کارەبا، کە خودی وەزارەتی کارەبا بەو هەموو پەیڕەوکردنی ڕێکاری پاراستنی سەلامەتی پیشەیی و کوژانەوەی هەردوو کارەبای نیشتمانی و موەلیدەوە لە کاتی بەستنی پێوەرەکان، کەچی تا ئێستا چوار کارمەندی کارەبا بە بەرکەوتەی کارەبا گیانیان لەدەست داوە. وەزارەتی کارەبا ئەم هاندانەی هاووڵاتیانی بۆ لێکردنەوەی پێوەرەکانیان بە کارێکی نایاسایی و مەترسیی ماڵی و گیانی بۆ سەر هاووڵاتیانی دانا و بەڵێنی ڕێکاری یاسایی توند بەرامبەر ئەو کەسانە بگرێتەبەر کە زیان بە هاووڵاتیان و موڵکی گشتی دەگەیەنن. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ئەم پێوەرە و ڕەخنە و گلەیی هاووڵاتیان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئەندازیار عەلی ئیسماعیل ئەندامی لیژنەی باڵای پێوەری زیرەك ئاماژەی بە لایەنە باشەکانی پێوەرەکە کردو، وەڵامی هەموو ڕەخنە و گلەیی هاوبەشانی کارەباشی دایەوە. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

**لە دوورەوە بە ستانداردی زۆر پێشکەوتوو خوێندنەوە بۆ کرێی بەکارهێنانی کارەبا دەکرێت و لەبری ئەوەی دوو مانگ جارێک پارەی خەرجکردنی کارەبا لەسەر هاوبەشان کەڵەکە بێت، لەمەودوا مانگانە کرێی کارەبا دەبرێت، بۆ ماڵەکان بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بۆ خوێندنەوەکە لە دەرگا بدرێت**

**وەزارەتی کارەبا تێچوونی پرۆژەکەی لە ئەستۆ گرتووە و بێ بەرامبەر پێوەری زیرەکی بۆ هەموو هاوبەشێک بەستووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ بەستنی ئەو ژمارە زۆرەی هاوبەش، کرێکارانی کارەبا ئەو هەموو ماندووبوونەیان کردووە و تارادەیەکی باش کۆنتڕۆڵی زیاد بەکارهێنانی کارەبا کراوە**

**کەسانێک چەندین ساڵە زێدەڕۆیی لە کارەبا دەکەن و مافی دراوسێ و هاونیشتمانیانی خۆیان خواردووە، بە تەئکید ئەو جۆرە کەسانە پێیان خۆش نییە کارەباکەیان ڕێکبخرێتەوە و چارەسەری ئەو سەرپێچییە بکرێت**

عەلی ئیسماعیل ئەندامی لیژنەی باڵای پێوەری زیرەك لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بۆ گرنگیی پێوەرەکە کردو گوتی: «پێوەری زیرەك لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی فراواندا جێبەجێ دەکرێت، کە بە پرۆژەی تۆڕی زیرەك ناو دەبرێت، ئەمەش بە یەکێك لە کار و پرۆژە سەرکەوتووەکانی وەزارەتی کارەبا دادەنرێت و ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی سەرپێچیەکان و کۆنترۆڵکردنی سیستەمی کارەبا، هەر بەوەش بەهەدەردانی وزەی کارەبا کەمی کردووە و بە سەدان سەرپێچی لە پێوەرە کۆنەکە و زێدەڕۆیی کارەبا لە ژێر پێوەر و لە پشت کاشی و ناو دیوارەکاندا کۆتایی هات و لە دوورەوە بە ستانداردی زۆر پێشکەوتوو خوێندنەوە بۆ کرێی بەکارهێنانی کارەبا دەکرێت و لەبری ئەوەی دوو مانگ جارێك پارەی خەرجکردنی کارەبا لەسەر هاوبەشان کەڵەکە بێت، لەمەودوا مانگانە کرێی کارەبا دەبرێت، بۆ ماڵەکان بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بۆ خوێندنەوەکە لە دەرگا بدرێت، لە کاتی کەمیی بەرهەمهێنانی کارەباشدا بڕی پێدانی کارەبا دیاری دەکرێت، هەر وەکو چۆن لە ئێستادا ٤٠ ئەمپێر بە هاوبەشان دەدرێت.»

سەبارەت بەوەی زۆر لە هاووڵاتیان و هاوبەشانی کارەبا گلەیی و ڕەخنەیان لە بڕی ئەو ٤٠ ئەمپێرە هەیە، ئەم ئەندامەی لیژنەی باڵای پێوەری زیرەك گوتی: «لە سەرەتادا بەستنی پێوەرەکە و تا ئەم دواییانەش وەکو هەموو پرۆژەیەکی نوێی دیکە پرۆژەی پێوەری زیرەکیش بێ کێشە نەبووە، ٣٠٪ی پێوەرەکان کاتێك بە هۆی زیاد بەکارهێنانی سەرووی ٤٠ ئەمپێر دەکوژایەوە، کارەبایان نەدەهاتەوە، لە ئێستادا چارەسەری ئەم کێشەیە کراوە و تەنیا ١٪ی ئەو پێوەرانە ماوە کە ئەم کێشەیەیان هەیە، بەڵام هەندێك شوێن ڤۆڵتییەیان نزمە و ئەو بڕە کارەبایەی دەدرێت، بڕەکەی لە نێوان ٣٧ ئەمپێر بۆ ٤١ ئەمپێردا دێت و دەچێت». گوتیشی: «زۆرجار هاووڵاتیان پەلە دەکەن لە تەلەفۆنکردن بۆ هێنانەوەی کارەباکەیان، چونکە لە کاتی کوژانەوەی پێوەرەکە بە هۆی زیاد بەکارهێنانی کارەبا لە سەرووی ٤٠ ئەمپێر، ئەوا یەکەمجار پێوەرەکە چوار دەقیقە دەکوژێتەوە و دووەمجار ئەگەر پابەندی ئەو بڕە کارەبایە نەبیت، چوار دەقیقەی دیکەش دەکوژێتەوە، تا لە جاری سێیەم ٢٢ دەقیقە دەکوژێتەوە. ژمارەیەکی زۆری هێڵی خزمەتگوزاریی کارەباشمان لە خزمەتی هاووڵاتیان داناوە بۆ پەیوەندیکردن لە کاتی نەهاتنەوەی پێوەرەکەی، بۆ نموونە هەر سەرنج و تێبینی و گرفتێك لە پێوەری زیرەك دروست بێت، هاوبەشانی کارەبا دەتوانن بە نامەیەك پەیوەندی بکەن بە بەشی نامەی ئەلەکترۆنی پەیجی وەزارەتی کارەبا https://www.facebook.com/KRG.MOEL. ) Official) و ژمارەی هەموو تەلەفۆنەکانی پەیوەندیدار بەو هاوبەشە لە ناو تەلەفۆنەکانی شار و قەزا و ناحیەکاندا دانراون.»

سەبارەت بەو هەڵمەتەی لە ناو سۆشیال میدیاوە لە دژی پێوەری زیرەك ڕێکخرا، ئەندازیار عەلی ئیسماعیل گوتی: «تا ئێستا٨٢٪ی پرۆژەی پێوەری زیرەك تەواو بووە ئەمە وێڕای زیادبوونی هاوبەشانی کارەبا، واتا پرۆژەکە هەمووی تەواو نەبووە و زۆر لە خەسڵەتەکانی بەگەڕ نەخراوە، هەرچەندە لە ئەمساڵدا هەموو پرۆژەکە تەواو دەبێت و بێ جیاوازی بۆ هەموو هاوبەشانی کارەبا دادەنرێت. بە پێچەوانەی ئەو هەڵمەتەی لە ناو سۆشیال میدیا لە دژی پێوەری زیرەك ڕێکخرا، پێوەری زیرەك کۆمەڵێك لایەنی باشی هەبووە، لەوانە:

- تا ڕاددەیەکی باش سەرپێچی و زێدەڕۆیی لەسەر کارەبا کەم کردووەتەوە.
- دادپەروەری لە پێدانی کارەبا لە ئەژمارکردنی وزەی خەرجبوونی کارەبا.
- چاککردنی پسولەی مانگانە لە بری دوو مانگ.
- بە وردی و خێرایی خوێندنەوە و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵە لە وزەی بەکارهاتوو.
- کەمبوونەوەی کێشەی کوژانەوەو بچڕان و سووتانی محاویلە و قاتیع و بارزۆریی سەر وێستگەکانی دابەشکردنی کارەبا.
- لە داهاتووشدا ئەگەر گرفتی کەمیی سووتەمەنی چارەسەر بێت و، ئاستی بەرهەمهێنان زیاد بکرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێوەری زیرەك ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە زیادبوونی ماوەکانی پێدانی کارەبا، چونکە کۆنترۆڵی خواست دەکات، بەمەش ئامانجی سەرەکیی پێوەری زیرەك

**زێدەڕۆیی و سەرپێچی لە کارەبا هۆکارێکە بۆ تێکچوونی ڕەوشی کارەبا و کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا**

دەردەکەوێت، کە کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبایە، وەزارەتی کارەبای عێراقیش لە نزیکەوە لە وردەکاریی پرۆژەکە دەکۆڵێتەوە و چەندین جار سەردانیان کردووین و، ئەوانیش هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە، جگە لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم شێوەیە. وەزارەتی کارەبا تێچوونی پرۆژەکەی لە ئەستۆ گرتووە و بێ بەرامبەر پێوەری زیرەکی بۆ هەموو هاوبەشێك بەستووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ بەستنی ئەو ژمارە زۆرەی هاوبەش، کرێکارانی کارەبا ئەو هەموو ماندووبوونەیان کردووە و تارادەیەکی باش کۆنترۆڵی زیاد بەکارهێنانی کارەبا کراوە، دەبێت چ مەبەست و مەرامێك لە پشت ئەم دژایەتییەی پێوەری زیرەکەوە بێت؟ بە بۆچوونی من بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، سوودێك بەو کەسە و خێزانەکەی ناگەیەنێت بەراورد بەوەی کارەبایەکی باش و زیاتری هەبێت. لەلایەکی دیکەوە با بەراوردێك لەناو سەنتەری شاری سلێمانی بکەین لە پێش بەستنی ئەم پێوەرە و لەدوای بەستنی، لەیەك ساڵدا ٥٠ فیدەر ئۆڤەرلۆد بووە و ١٠٠ محاویلە سووتاوەو ئەم ڕێژەیە لە ٢٠٢١ بۆ ١٠ فیدەری ئۆڤەرلۆد و تەنیا ١٠ محاویلە کەمی کردووە. ئەمە لە کاتێکدا تەواویی تایبەتمەندییەکانی پێوەری زیرەك بەگەڕ نەخراوە.

ئەزموونە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی دنیا پێمان دەڵێن ڕۆژانە هاوبەشانی نوێی کارەبا و خواست زیاد دەبێت و بەسەدان پرۆژەی وەبەرهێنان و بازاڕ و مارکێت و گەڕەکی نوێ زیاد دەکات و خەرجی و تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوە



**کارەبا خزمەتگوزارییەکی گشتییە و نابێت تێکەڵ بە ململانێی ناتەندروست و حەز و ئارەزووی کەسانێکی بێ ئاگا بکرێت**

ئەویش بەئەنقەست بۆ مەبەست و مەرامی شەخسی، یان لە نەزانینەوە کە پاڵنەری ئەم حاڵەتە لە کار و ئەرکی پێوەرەکە تێنەگەیشتوون. بۆ نموونە کەسانێك چەندین ساڵە زێدەڕۆیی لە کارەبا دەکەن و مافی دراوسێ و هاونیشتمانیانی خۆیان خواردووە، بە تەئکید ئەو جۆرە کەسانە پێیان خۆش نییە کارەباکەیان ڕێکبخرێتەوە و چارەسەری ئەو سەرپێچییە بکرێت، یان کەسانێك هەر لە سەرەتادا پێوەریان نەبووە و بگرە چەندین ماڵ هەیە، هاوبەشی نییە هەموو ئەو کەسانە ئەو ڕاستییەیان لەبیر کردووە کە زێدەڕۆیی و سەرپێچی لە کارەبا هۆکارێکە بۆ تێکچوونی ڕەوشی کارەبا و کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا، واتا کارەبایەکی کەمتر، ئەمەش هیچ و دابەشکردنی کارەباش هەر زیاد دەبێت، ئیتر چۆن بەرەو ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی کەرتی دابەشکردنی کارەبا نەچین؟ خۆ ئەگەر لەم زستانەی ئەمساڵدا پێوەری زیرەك نەبووایە، ڕێژەی دابەشکردنی کارەبا زۆر کەمتر دەبوو کە ئەگەر زیادبوونی سووتانی محاویلە و سەرەمحاویلە و کوژانەوە و بچڕانی کارەباشی بخرێتە سەر ئەوا دۆخەکە زۆر خراپ دەبوو، کارەبا خزمەتگوزارییەکی گشتییە و نابێت تێکەڵ بە ململانێی ناتەندروست و حەز و ئارەزووی کەسانێکی بێ ئاگا بکرێت، کە لە کۆتا جاردا دژایەتیکردنی پرۆژەکە واتا دژایەتیی ڕووناککردنەوە و ئاوەدانیی ماڵەکەی خۆیان.»

# خودا بە کوردی دروست کردووم، کەواتە کورد بوون شانازییە

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزە و چەندین دەقی دیکەدا، گرنگیی ئەم بابەتە دەخەمە ژێر دیدی خوێنەرانی ئازیز

(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) سورة الروم (٢٢)

واتە : یەکێك لە نیشانە و بەڵگەکانی خودای گەورە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازیی زوبان ورەنگە، بۆسەر زوبانی وەکو (کورد و عەرەب و تورك و فارس و ئینگلیز و ئۆردۆ و فەرەنسی و کوری و سینی و.. هتد) ئەمەش بەڵگەونیشانەیە بۆ هەموو خەڵکی جیهان .

وەکو دیارە رۆژانە دەبینین میللەتی کورد لەلایەن گەلانی دیکەوە، بەتایبەت (تورك و عەرەب و فارس) ڕووبەڕووی جۆرەها ئەشکەنجە و ئازاری دەروونی و جەستەیی و ئاوارەیی و کوشتن و لەسێدارەدان و بەندکردن دەبێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردین قسەکردن و خوێندن و نووسین بەزوبانی دایك قەدەغەیە، لە هەندێك کات و شوێندا پۆشینی جلوبەرگی کوردی قەدەغەیە و ژیان دەخاتە مەترسییەوە و، لە هەندێك وڵات خوێندنەوەی وتاری هەینیش بەزوبانی کوردی قەدەغەیە.

دەبێ ئەوە بزانین کە خودای گەورە مرۆڤی لە دوو ڕەگەزی جیا لە نێرو مێ دروست کردووە، ئینجا بەسەر نەتەوەو عەشیرەتدا دابەشی کردووە، ئەوەش تەنیا بۆ ناسین و لێك تێگەیشتنە، ئەوەی لە لای خودای گەورە ڕێزدارترە، ئەو کەسەیە تەقوای باشتر بێت .

**دەبێ ئەوە بزانین کە خودای گەورە مرۆڤی لە دوو ڕەگەزی جیا لە نێرو مێ دروست کردووە، ئینجا بەسەر نەتەوەو عەشیرەتدا دابەشی کردووە**

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ :

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) [سورة الحجرات:١٣] .

پێغەمبەر ( د.خ ) دەفەرموێت (لا فرق بين عربي ولا أعجمي و لا أبيض ولا أسود إلا بالتقوى) واتا: هیچ جیاوازیەك لە نێوان عەرەب و غەیری عەرەب و سپی پێست و ڕەش پێستدا نییە، تەنیا بە تەقوا نەبێت.

کەواتە ئەم وتە جوانە ڕوو لە مرۆڤایەتی بەگشتی دەکات و گەلی عەرەب بە تایبەتی، (١٤٠٠) ساڵ زیاترە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێی لە هەموو جۆرە دەمارگیرییەکی نەتەوەیی و عەشیرەتی و چینایەتی جۆراوجۆر گرتووە، بۆیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگەی لە هەموو جۆرە دەمار گیرییەکی ڕەگەز و میللەت و ڕەنگی پێست گرتووە و ڕێگە بەهیچ کەس نادرێت خۆی بەسەرخەڵکیدا بە ئاغا بزانێت و، نابێت هیچ کەسێك خاکی خەڵکی کەسانی دیکە داگیر بکات.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی بە ڕەگەزپەستی نەداوە و، هەروەها ڕێگەی لە ڕکابەریی نێوان ئایین و نەتەوە و مەزهەب و عەشیرەت و ...هتد گرتوە .

خودای گەورە بناغەی پێکەوەژیانی بۆ مرۆڤایەتی داناوە، بۆئەوەی کەس بەسەرکەسی دیکەوە خۆی بە گەورەتر و باشتر دانەنێت، کەس لەکەس باشتر و ڕێزدارتر نییە مەگەر بە تەقوا نەبێ، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، فقال تعالى (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) سورة الحجرات.

خۆ ئەگەر باس لە جلوبەرگ بکەین، جلوبەرگی پیاو و ژنی کورد لە هەموو جلوبەرگی وڵاتانی دیکە جوانتر و شەرعیتر و داپۆشراوترە، دەگێڕنەوە جارێکیان گابانی کوردی دەڕواتە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) و دەستێك جلی کوردیی پیاوانی پێشکەش دەکات، ئەویش لەبەری دەکات و زۆر دڵخۆش دەبێت و، دەفەرموێت: باشترین و جوانترین جلوبەرگە، بەڵام لەبەر نەریتی کۆمەڵگەی عەرەبی و نامۆیی



مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی

کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی
زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

شێوازی جلوبەرگەکە دایدەنێت، کەواتە پێغەمبەری سەروەر (د.خ) هیچ جۆرە جلوبەرگی میللەتانی دیکەی ڕەت نەکردووەتەوەو، هیچ کامیانی بەسەر ئەوی دیکەدا پیرۆزتر نەکردووە، بۆیە لەبەرکردنی دشداشە هیچ سونەتێکی پێوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت بۆ مزگەوت و نوێژی هەینی دەبێ چلوبەرگت پاك وخاوێن و داپۆشراو بێت.

خودای گەورە خاکی کوردستانی بە پیرۆز داناوە، ئەو کاتەی پێغەمبەر نوح (د.خ) لە کەشتییەکەیدا بوو، ولافاوە گەورەکە هەڵسا و، لەکاتی نیشتنەوەی کەشتییەکەیاندا دوعای کرد کە خودای گەورە لە پیرۆزترین شوێن بیانگیرسێنێتەوە، وەکو لەدەقی ئایەتەکەهاتوە: (رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ )سوره المؤمینون /٢٩ .

ڕێگریکردن لە هەرکەس ونەتەوەو خەڵکێکی ڕەسەن کە بە زوبانی دایك قسە بکات، تاوانێکی گەورەیەو خودای باڵادەست سزای قورسی بۆ ئامادە کردووە، بەدرێژایی مێژووی کورد کە بەردەوام میللەتی کورد بۆ ئازادی قوربانیی زۆری داوە و ڕێگریی گەورەی لەبەرامبەر کراوە، بۆنمونە: لەیلا قاسم لەسەر کوردبوونی لەسێدارە درا، لەیلازانا تەنیا لەبەر ئەوەی خودای گەورە بە کورد خەلقی کردووە و بەزوبانی دایك داوای مافی نەتەوەکەیی کردووە، بێدەنگیان کرد و زیندانیان کرد، مامۆستا زارای بوێر تەنیا تاوانی ئەوەیە کە منداڵە چاوگەشەکانی میللەتەکەیی فێری نووسین و خوێندنەوەی زوبانی دایك کردووە و...، چەندین نموونەی دیکەش هەن.

تاکۆ ئێستەش لە وڵاتی ئێران نابێ بەکوردی بخوێنن و بنووسن، هەروەها لە وڵاتی تورکیاو سووریاش بە هەمان شێوە، تەنانەت لێنەگەڕاون وتاری هەینی و نزاکانیشیان بەکوردی بێت، کەخودای گەورە ڕێگەی پێ داون و بەو شێوەیە دروست کراون، خودای گەورە نەهی لە ڕەگەزپەرستی کردووە و، پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) زۆر توڕەبووە لەو کەسانەی کە دەماری ڕەگەز پەرستییان هەبووە، ئەگەر تەماشا بکەین لەگەڵ ئیمامی عومەر و خالید و حەمزە و گابانی کوردی و سەلمانی فارسی و سوهەیبی ڕۆمی وەك برا بوون.

نەتەوەی کورد بەهیچ نەتەوە و گەلێکی دیکە ناسڕدرێتەوە و کۆتایی پێ نایەت، هەرجەندە کیمیاباران بکرێن و ئەنفال و زیندەبەچاڵ و ڕاگواستنی بەسەردا بهێنرێت و، هەرچەندە هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی میللەتەکەمان بدەن بۆ (عەرەب و تورك و فارس) بەڵام ناتوانن خۆشەویستیی دڵی تاك تاکی کورد بگۆڕن، ئەوەتا دەبینین هەموو هەوڵەکانیان بە درێژای زەمان پوچەڵ بووەتەوە، ئەگەر لەیلایەك لەسێدارە بدرێت، هەزارەها لەیلای دیکەمان ماوە، ئەگەر لەیلایەك دەمکوت بکرێت لە پەرلەمان، هەزارەها لەیلای دیکەمان ماوە کە بۆ مافی نەتەوەکەی هاواربکات، ئەگەر زارایەك زیندانی بکرێت هەزارەها زارا ی بوێرمان ماوە تا منداڵەکان فێری خوێندن و نووسینی زوبانی دایك بکات.

**نەتەوەی کورد بە هیچ نەتەوە و گەلێکی دیکە ناسڕدرێتەوە و کۆتای پێ نایەت، هەرجەندە کیمیاباران بکرێن و ئەنفال و زیندەبەچاڵ و ڕاگواستنی بەسەردا بهێنرێت**

هیوادارم میللەتی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا یەکڕیز و یەکدەنگ بن و، ناکۆکییەکان وەلا بنێن و، دەست لە ناو دەست بنێن بۆ فەراهەمکردنی مافی نەتەوەکەمان.

پێویستە لە قوتابخانەکەنماندا منداڵەکانمان ئاشنا بکرێن بە قوربانیدان و لەخۆبردوویی ئەم هەموو ژن و پیاوە قارەمانانەی خەباتیان بۆ گەلەکەمان کردووە، بۆ نموونە( شێخ عەبدولسەلام بارزانی، مەرحووم مەلا مستەفای بارزانی، قازی محەمەد، شێخ مەحمود، شێخ سەعیدی پیران، لەیلا قاسم و لەیلا زانا و مامۆستا زارا).

## ئەندریا پێشڕەو:

# بڕوابەخۆبوون کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە

**ئەندریا پێشڕەو، کچە لاوێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ئێستا قوتابییە لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان بەشی کوردی، ئەو وێڕای کەمئەندام بوونی، بەڵام لە ژیاندا کۆڵی نەداوە و بە بڕوا بەخۆبوونێکی زۆرەوە لە ئایندەی خۆی دەڕوانێت و بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەڵێت: «منیش هەم». لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گولان باس لە وێستگە ناخۆشەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی لەگەڵ نەخۆشییەکەی و زاڵبوون بەسەر ئاریشەکانی ژیانیدا دەکات.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

ئەندریا پێشڕەو کچە لاوێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام قوتابیی زانکۆیە لە شاری سلێمانی و لە کۆلێژی زمان بەشی کوردی دەخوێنێت. بەم جۆرەش باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ گولان دەکات: «هەر لە سەرەتای لەدایکبوونمەوە بە هۆکاری نەخۆشیی زەردوویی تووشی نەخۆشی ئیفلیجیی مێشك بووم، ڕێژەی نەخۆشییەکەم بە لە سەدا سەد دەستنیشان دەکرێت لە لایەن پزیشکەوە، کاتێك وەك هەر منداڵێکی ئاسایی لە تەمەنی شەشساڵیدا ویستم یەکەم قۆناغی خوێندنم دەست پێ بکەم، بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە خاوەن پێداویستیی تایبەت بووم وەرنەگیرام، بۆ چەندین قوتابخانە ڕۆیشتم، بە هەمان هۆکار هیچیان وەریان نەگرتم، لە کاتێکدا باوکم دەیزانی چەند حەزم لە خوێندنە و بەردەوام نیگەران بووم و زۆرجاریش گریاوم کە بۆچی لە قوتابخانە وەرناگیرێم، باوکم لە ماڵەوە فێری خوێندن و نووسینی کردم، بەردەوام گۆڤار و نامیلکەی تایبەت بە منداڵانی بۆ دەکڕیم و بەردەوام هاوکارم بوو، بەڵام هێشتا ئارەزوویەکی زۆرم بۆ چوونە خوێندنگە و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە هەبوو، دوای ئەوەی لە تەمەنی ئاسایی خۆمدا وەرنەگیرام، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا چوومە فێرکردنی گەوران و قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد و لە پاش ئەوە بۆ پۆلی حەوت بە دەرەکی تاقیکردنەوەم ئەنجام دا، بۆ پۆلی هەشت و نۆ بە سوپاسەوە لە خوێندنگەی دەباشان وەرگیرام و درێژەم بە خوێندن دا، بە کۆنمرەیەکی زۆر باش قۆناغی ناوەندیم تەواو کرد، بۆ خوێندنی ئامادەیی ڕووم کردە خوێندنگەیەك کە لە شوێنی نیشتەجێبوونم نزیك بوو، بەداخەوە جارێکی دیکە بە هەمان هۆکار کە خاوەن پێداویستی تایبەتم لەلایەن بەڕێوبەری ئەو خوێندنگەیەوە کێشەم بۆ دروست کرا و وەرنەگیرام، بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیە بە شێوازێکی زۆر ناشیرین دەری کردم و پێی گوتم خوێندکارەکانی من هیچیان خاوەن پێداویستیی تایبەت نین، تۆ ئەگەر بێیتە ئەم خوێندنگەیە خۆت ئەکوژیت، لەبەر ئەوەی خاوەن پێداویستیی تایبەتیت، هیچ کەس هاوڕێیەتیت ناکات، سوپاس بۆ خوای گەورە و بۆ خانەوادەکەم کە هێزیان پێ بەخشیم و وایان کرد من بە قسە ناخۆشەکانی ئەو بەڕێوەبەرە نەڕووخێم و بێ هیوا نەبم، بە پێچەوانەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە بڕیارم بدەم تاقیکردنەوەی دەرەکی ئەنجام بدەم و چوومە بەشی زانستی و توانیم سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی بە سەرکەوتوویی ببڕم، هەرچەندە لە پۆلەکانی ١٠ و ١١ هیچ مامۆستایەکم نەبوو، تەنیا هەوڵی تاکە کەسی خۆم بوو، تەنانەت لە پۆلی ١٢ لە وانەی کوردی و ئینگلیزی بێ مامۆستا بووم، کۆمەڵەی توانابەخشی منداڵان کە تایبەتە بە منداڵانی ئیفلیجیی مێشك، زۆر هاوکارم بوون لە قۆناغی دوانزە و چوونە زانکۆم، زۆر سوپاسیان دەکەم و ئێستاش خوێندکارم لە زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژی زمان بەشی کوردی».

ئەندریا پێشڕەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «لێرەوە بە سەرجەم ئەو کەسانە دەڵێم کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن، با هیچ کاتێك دەستبەرداری خەون و ئامانجەکانیان نەبن و بەردەوام بن لە هەوڵدان، هەرچەندە ئاستەنگ بێتە ڕێگەیان، گرنگ نەوەستانە هەر پێی دەگەن، ئیتر زوو بێت، یان درەنگ، هیچ کات وشەی ناتوانم بەکار مەهێنن، بە پێی توانای خۆتان هەوڵ بدەن لە بوارێکدا کە حەزی خۆتانە کار بکەن و سەرکەوتووش دەبن. دەمەوێت زۆر

**هەر لە سەرەتای لەدایکبوونمەوە بە هۆکاری نەخۆشیی زەردوویی تووشی نەخۆشی ئیفلیجی مێشک بووم**

**باوکم لە ماڵەوە فێری خوێندن و نووسینی کردم، بەردەوام گۆڤار و نامیلکەی تایبەت بە منداڵانی بۆ دەکڕیم و بەردەوام هاوکارم بوو**

**کۆمەڵەی توانابەخشی منداڵان کە تایبەتە بە منداڵانی ئیفلیجی مێشک، زۆر هاوکارم بوون لە قۆناغی دوانزە و چوونە زانکۆم، زۆر سوپاسیان دەکەم**



سوپاسی خانەوادەکەم بکەم کە هۆکاری سەرەکیی گەیشتنم بوون بەم قۆناغەی خوێندنم، ئەوان هەموو کات قەڵایەکی گەورەن لە پشتم و ئەوەی من ناتوانم بۆ خۆمی بکەم، ئەوان بۆم ئەنجام دەدەن و سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە وشەیەکیش بێت لە بواری خوێندندا هاوکارم بوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێستا لە زانکۆ هیچ یەکێك لە هاوڕێکانم خاوەن پێداویستی تایبەت نین و زۆر هاوکارمن و زۆر هاوڕێمن و هیچ کێشەکیان لەوەدا نییە کە من خاوەن پێداویستی تایبەتم، زۆر سوپاسی سەرجەم دکتۆرە بەڕێزەکانی کۆلێژەکەم ئەکەم لە سەرۆك بەشەوە بۆ هەموو مامۆستایانم، زۆر جار پرسیارێکم هەبێت، لە ماڵەوەش بم لە ڕێگەی تەلەفۆن و نامەوە وەڵامم دەدەنەوە و هەر شتێکم پێویست بێت هاوکاریی تەواوم دەکەن، من دوو ساڵە لەو کۆلێژەم هیچ کێشەیەکم نەبووە، بینای کۆلێژی زمان سێ قاتە، بەڵام بۆ ئەوەی من ماندوو نەبم و بێبەش نەبم لە وانەکان هەر لە قاتی خوارەوە وانەکانمان دەخوێنین.

ئەو کچە گەنجە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا تا چەند پێویستە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بڕوای بە خۆی و بە تواناکانی هەبێت؟ گوتی: «بڕوابەخۆبوون کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە و ئەگەر بڕوات بە تواناکانی خۆت هەبێت، دەتوانیت بگەیت بە زۆرێك لەو خەونانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەتبووە و تا ڕاددەیەکی زۆر بەدیهێنانیان ئەستەم بووە، پێویستە مرۆڤ بەربەستەکان بکاتە ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و گرنگی بە زۆر شت نەدات، نابێت بە چەند وتە و ڕەفتارێکی نامرۆڤانە بڕووخێت و بڵێت من ئیتر لێرەدا دەوەستم، زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێت دوای شکست بە شێوەیەکی ئازایانە هەڵسێتەوە و بەردەوام بێت، ئەگەر بڕوات بە خۆت و تواناکانت نەبێت، بۆ هەر مرۆڤێك بەتایبەتی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت زیاتر دەبیتە کەسێکی زیندووی ڕوح مردوو و ناگەیت بە هیچ یەکێك لە ئاواتەکانی خۆت و لە ناو کۆمەڵگەدا ون دەبیت، دەبێت لە ژوورەوە ڕۆژەکان بژمێریت، کەی کاتی مردنت دێت، خوای گەورە بۆ هەموو مرۆڤێك کە ژیانی پێ بەخشیبێت، کۆمەڵێك تواناشی پێ بەخشیوە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ هەوڵ بدات بیاندۆزێتەوە و بەکاریان بهێنێت.»

ئەندریا پێشڕەو لە کۆتایی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە خەون و ئاواتی ئەوەیە دایك و باوکی سەلامەت و تەندروست و تەمەن درێژ بن، گوتیشی: «ئەوان پاڵپشتی سەرەکیمن لە هەموو کاتێکدا، خوای گەورە وەك هەمیشە یارمەتیدەرم بووە، یارمەتیدەرم بێت و بتوانم بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغەی خوێندن کە ماومە تەواوی بکەم و دواتر لە بوارێکدا کار بکەم، تا بتوانم خزمەتێکی بچووکیش بێت، پێشکەش بەو کەسانەی بکەم کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن، بە هۆکاری ئەوەی کە خۆم خاوەن پێداویستیی تایبەتم باشتر لە ئازار و خەمەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت تێ دەگەم و دەزانم پێداویستییەکانیان چییە.»



# داوای دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ قوتابخانەکان دەکرێت

**توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ساڵانێکی زۆر نییە تێکەڵ بە ناوەندەکانی خوێندن بوون، پسپۆڕانی بواری پەروەردەش بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە تەواوی قوتابخانەکانی کوردستان بە پێویست دەزانن و ڕایان وایە، ڕۆڵی باشیان لە چارەسەرکردنی کێشەی قوتابخانەکاندا هەیە و زۆربەی قوتابخانەکانیش توێژەری کۆمەڵایەتییان هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانێکی باشی بۆ گشت قوتابخانەکان لە ڕووی چارەسەرکردنی گیروگرفتی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن هەبێت**

**قوتابیان لەهەر تەمەنێکدا بن، لە قوتابخانەکان پێویستیان بە ڕاوێژی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە**

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی پەروەردە، ژمارەی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ملیۆنێك و ٨١٥ هەزار قوتابی، لەو ژمارەیە ملیۆنێك و ٧١٥ هەزار قوتابی لە قوتابخانەی حکومی دەخوێنن و ٩٠ هەزار قوتابیش لە قوتابخانە ناحکومییەکانن. لەلای خۆیەوە دانا شوانی، لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان لە لێدوانێکیدا دەڵێت: نزیکەی ٧٠٪ی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان توێژەری کۆمەڵایەتییان نییە، هەر بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە ١٦٢ هەزار مامۆستا و فەرمانبەر لە قوتابخانە حکومییەکانن و لەگەڵ ١٠ هەزار مامۆستاش لە قوتابخانە ناحکومییەکان وانە دەڵێنەوە. ٢١ هەزار مامۆستای وانەبێژیش هەن.

تانیا جەمال سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «گومانی تێدا نییە، قوتابیان لەهەر تەمەنێکدا بن، لە قوتابخانەکان پێویستیان بە ڕاوێژی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە، جا ئەو کارە مامۆستایان پێی هەستن، وەك هەندێك وڵات کە مامۆستا دەبێت لە هەر دوو بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی زانیاریی تەواوی هەبێت، بۆ هاوکاری و تێگەیشتن لە کێشە و گرفتی قوتابییەکان، لە هەندێك شوێنی دیکەش وەك لای خۆمان توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیمان هەیە، کە لە کۆلێژی تایبەت بەم بابەتانە دەردەچن. لە هەر دوو حاڵەتدا قوتابیان هەر یەکەو لە خێزانێکی جیاواز دێنە قوتابخانە و پەروەردە زرووف و دۆخی جیاوازیان هەیە و، هەر یەکێکیان پێویستی بە گوێگرتن و ئاراستەکردن هەیە. ئەوە جگە لەوانەی کە کێشەی تایبەتتریان هەیە و بەردەوام پێویستیان بە پاڵپشتی و سەردانی خێزانەکان هەیە.» گوتیشی: «هەرچەندە لای ئێمەش کەم و زۆر لە قوتابخانەکان توێژەر هەن، بەڵام ڕەنگە هەموویان نەیانتوانیبێت بە ئەرکی خۆیان هەستن، کە ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە گرنگی پێ نەدان بە ئەرك و کارەکانیان لە لایەن بەڕێوبەر و مامۆستایانەوە، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی زانیاریی تەواو لەو ڕووەوە لە لای خودی توێژەرەکان، بە تایبەتی کە لە کۆلێژ تەنیا چەند بابەتێکی وشك دەخوێنن، کاتێك دەچنە ناو کارەوە، هیچ زانیارییەکی وایان پێ نییە کە بیدەنەوە، یا لە کاری ڕۆژانەیان سوودی لێ وەربگرن، بەتایبەتی کە هەندێکیان خۆشیان گوێ بە بەهێزکردنی خۆیان نادەن لە پسپۆڕییەکانیان، لەگەل هەموو ئەمانەشدا هەر باشترە لە قوتابخانەکاندا هەبن و پرۆگرامی تایبەتیان



پێ بدەن و بیانخەنە ناو خول و بەرنامەی تایبەت بۆ بەهێزکردنی تواناکانیان».

جەمال مستەفا بەڕێوەبەری دواناوەندیی ئازایەتیی وێژەیی کوڕانە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانێکی باشی بۆ گشت قوتابخانەکان لە ڕووی چارسەرکردنی گیروگرفتی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن هەبێت.» هاوکات دەڵێت: «هەندێك لە قوتابیان بە هۆی گرفتی باری دەروونی هەمیشە لە قوتابخانەکان کێشە و گیر و گرفت دەنێنەوە، ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە هیچ قۆتابخانەیەك نییە کە کێشەی هەندێك قوتابیی لاسار و خاوەن گرفتی نەبێت، هەر ئەوانەش دەبنە هۆی تێکچوون و تێکدانی ڕەبت و زەبتی قوتابخانە و گرفتی جۆراوجۆر بۆ کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان دروست دەکەن. بۆیە پێویستە گشت قوتابخانەکان توێژەری کۆمەڵایەتییان هەبێت و، لە سەر کێسی ئەم جۆرە حاڵەتانە کار بکەن». گوتیشی: «ڕاستە لە هەندێك قوتابخانە توێژەر دانراوە و هەیە، بەڵام بە گشتی زۆرینەی قوتابخانەکان بێ توێژەرن، ئەمەش کەلێنێکی گەورەی دروست کردووە. بێگومان نەبوونی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن گرفتێکی زۆر دروست دەکات بۆ ئیدارەی قوتابخانەکان و سەرقاڵیی بەڕێوەبەری قوتابخانە بە کێشە و گرفتی قوتابیان. بۆیە بە پێویستی دەزانم وەزارەتی پەروەردە هەرچی زووە هەوڵ بدات بۆ دانان و دامەزراندنی ژمارەیەك گەنجی دەروونناس لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هاوکاریی ئەو جۆرە قوتابییانە بکەن، کە کێشەی دەروونییان هەیە».

بەڕێوەبەری دواناوەندیی ئازایەتیی وێژەیی کوڕان جەختی لەوەش کردەوە کە «توێژەری کۆمەڵایەتی ئەرکێکی زۆر پیرۆز و جوان و ئەخلاقی لە ئەستۆدایە، چونکە بوونی لە قوتابخانە هێزێکی کاریگەرە لە دوو ڕووەوە: یەکەم: بۆ هاوکاریی بەڕێوەبەر و قوتابخانە لە کاتی پێویست و بوونی گرفت لە نێو قوتابخانە. دووەم: بوونی لە نێو قوتابیان هەمیشە زۆر پێویستە، بەتایبەتی لە ڕووی دەروونناسی کە لەم بارودۆخەی ئێمە تیایدا گوزەر دەکەین، زۆرینەی قوتابیان تووشی حاڵەتی دەروونی هاتوون.» گوتیشی: «توێژەر بە هۆی پیشەکەی و شارەزایی لەو جۆرە بابەتانەی ڕوو لە هەستی قوتابی دەکەن، لە نزیکەوە لەگەڵ قوتابی دادەنیشێت و گوێی لێ دەگرێت و بە دوای چارەسەری گرفتەکەیدا دەگەڕێت».

**مامۆستا دەبێت لە هەر دوو بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی زانیاریی تەواوی هەبێت، بۆ هاوکاری و تێگەیشتن لە کێشە و گرفتی قوتابییەکان**

**کەم و زۆر لە قوتابخانەکان توێژەر هەن، بەڵام ڕەنگە هەموویان نەیانتوانیبێت بە ئەرکی خۆیان هەستن**

# سەرەڕای مەترسییە زۆرەکانی منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری خواستی زۆری لەسەرە

**لە دایکبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو خانماندا زیادی کردووە، خانمێك پێیوایە وەکو چاولێکەرییەك لەناو خانمان هەڵبژاردنی نەخۆشخانەی تایبەت و منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری بووەتە مۆدێل و هەندێك دایك و باوك وەکو ژمارە سیم کارتی جوان بەروار بۆ منداڵە لە دایك نەبووەکانیان دادەنێن، لە کاتێکدا پزیشکانی زانکۆی کۆڵۆمبیا ڕایدەگەیێنن ئەنجامدانی نەشتەرگەری منداڵبوون، ئەگەری تووشبوونی خانمان بە خەمۆکی دوای منداڵبوون زیاددەکات و، لە ژێر سرکردنی گشتی بەرکەوتنی دایك و منداڵەکە کەم دەکاتەوە، بەتایبەت کە خانمەکە نەتوانێت شیری خۆی بداتە منداڵەکەی، هەروەها ئەو ئازارەی خانمان دوای نەشتەرگەری هەستی پێ دەکەن، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی خەمۆکی. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە دیدی جیاوازەوە پرسەکە تاو و توێ دەکەن.**



سەرەتا ڕووناك مەولود چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و بۆ گوڵان گوتی: «من وەکو ئافرەتێك و وەك دایکێك پێم باشە خانمان بە سرووشی منداڵیان ببێت، دایکەکە بەلای کەمەوە دوو هەفتە جارێك سەردانی پزیشکی تایبەتی دەکات و، ئەو پێی دەڵێت کە ژانی هەبوو بچێتە نەخۆشخانە تا لەوێ لە ژێر چاودێریی پزیشك منداڵی ببێت».

ئەو خاتوونە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «لە زۆر ژنم بیستووە لە کوردستان دەڵێت نەشتەرگەری دەکەم، بۆ ئەوەی جەستەم گەورە نەبێت و.. هتد، بەس لە ڕاستیدا وا نییە، چونکە ئەو کۆرپەلەیە لە ڕەحەمی ژنەکەدایە، تا ئەو ڕۆژەی لەدایك دەبێت، ڕەحەمیش وەك میزەڵان (دەب دەبە) وایە، کە منداڵەکە بوو، یەکسەر بە سرووشتی خۆی وردە وردە بچووك دەبێتەوە و دەچێتەوە دۆخی خۆی وەك جاران، جەستەش مەتاتە، ئەویش بە سرووشتی خۆی دەچێتەوە دۆخی خۆی.» گوتیشی: «زۆرێك لەو ژنانە کە ئەم کارانە دەکەن، خۆیان داوا لە پزیشك دەکەن، گوایە حەز ناکەن جەستەیان تێك بچێت. لە ئەورووپا ژنان زیاتر حەز دەکەن بە سرووشتی خۆیان منداڵیان ببێت، بەڵام وا دیارە لە کوردستان منداڵبوونیش بووەتە چاولێکەری وەك بۆتێکس و فیلەر و جوانکارییەکانی دیکە، هەروەها هەڵبژاردنی نەخۆشخانەی تایبەت و منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری بووەتە مۆدێل و هەندێك دایك وەکو ژمارە سیم کارتی جوان بەروار بۆ منداڵە لە دایکبووەکانیان دادەنێن، لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە تکا لە خانمان و خوشکانم دەکەم، تا دەتوانن

با منداڵیان بە سرووشتی ببێت.»

سۆما ئەمجەد چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەگەر ژنێك بە سرووشتی منداڵی نەبێت، کێشەیەکی فیزیکی هەیە، بۆیە ناتوانێ بە سرووشتی منداڵ بێنێتە دنیا، دکتۆرەکانیش بۆ ناوبانگ و زیاترکردنی ئەزموونەکانیان ژنان دەخەنە ژێر نەشتەرگەری، بەڵگەش ئەوەیە بەشی هەرە زۆری ژنان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت، نەك لە نەخۆشخانە حکوومییەکان.» گوتیشی: «تێکچوونی باری دەروونیی ژن لە کاتی چوونی بۆ ژووری نەشتەرگەری کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی جێ دەهێڵێت، هەروەها سەرباری ئەوەی خەرجییەکی یەکجار زۆریش دەکەوێتە سەر میزانییەی ماڵ، هەموو ئەوانە ژن بێتاقەت دەکەن، خۆم نەشتەرگەریم بۆ کراوە و تووشی ئەو حاڵەتانە بووم. بۆیە پێویستە بەدواداچوونی جددی بکرێت و دکتۆرەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و نەشتەرگەری زیاتر لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لە قاڵبی بازرگانی دەربچێت».

لەلای خۆیەوە د. هالە جەودەت پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و چارەسەری نەزۆکی و چاودێری ئافرەتانی دووگیان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان وەکو پزیشك پابەندن بەوەی کە سوێندیان خواردووە کارەکەیان بە دڵسۆزی ئەنجام بدەن. هاوکات گوتی: «کە نەخۆش سەردانمان دەکات، لە ڕێگەی پشکنینی ناوەوە بڕیار دەدەین کە ئایا ڕێڕەوی منداڵبوون و حەوزی ئافرەتەکە هاوکارە بۆ ئەوەی بە سرووشتی منداڵی ببێت، یان بە نەشتەرگەری، هەندێك هۆکار هەن وادەکەن نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت، لەوانە: حەوز کێشەی هەبێت، یان ولداش پێش منداڵ هاتبێت، یان سەری منداڵ بە پێچەوانە هاتبێت، هەروەها ئەگەر دایکەکە نەخۆشیی درێژخایەنی هەبێت هەموو ئەو خاڵانە پزیشك لێکۆڵینەوەی بۆ دەکات و بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکارییەکان لە سەرانسەری جیهاندا خواست لەسەر نەشتەرگەری زیادی کردووە، تەنانەت نەخۆش لە نەخۆشخانە و نۆرینگە جەخت لەوە دەکەنەوە کە نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام بدرێت.» گوتیشی: «ئێمە وەکو پزیشك ڕاستییەکان بە باشی بۆ نەخۆش باس دەکەین و گرفتەکانی دوای نەشتەرگەریشی بۆ باس دەکەین، چونکە وێڕای تێچووی زۆر، ڕەنگە بەهۆی سڕکردن گرفتی تەندروستی بۆ دروست بێت، یان تووشی خوێنبەربوون بێت لە کاتی نەشتەرگەری، وێڕای ئەوەی نەشتەرگەری پرۆسەیەکی ترسناکە. زۆر جاریش لە نەخۆشحانە لەگەڵ نەخۆش تووشی دەمەقاڵێ دەبین، نەخۆشەکە پێمان دەڵێت لەبەر ئەوە لە نەخۆشخانە نەشتەرگەریم بۆ ناکەن، بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەی تایبەت بیکەم و دەڵێت ئەگەر تۆش بۆم نەکەیت دەچمە لای پزیشکێکی دیکە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە لە نەخۆشخانە لیژنەیەکمان هەیە، ڕۆژانە دوو پزیشکی پسپۆڕ بڕیار لەسەر دۆخی ئافرەتەکان دەدەن کە لەلایەن پزیشکانی دیکەوە ڕەوانە دەکرێن، دوای پشکنین ئەوان بڕیار دەدەن، بەڵام هەندێك جار لیژنە بڕیاری ئەوەی نەداوە نەشتەرگەری بۆ خانمەکە بکرێت، بەڵام ئەو سوورە لەسەر نەشتەرگەری، بەداخەوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دراوە، ئەوەش هیچ تاوانی نەخۆشخانەی تایبەت نییە، بەڵکو خودی ئافرەتەکە سوورە لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری و پەنجەمۆر دەکات و بە هەموو ئەگەرێك ڕازی دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە هەموو جیهان ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری زیادی کردووە، هۆکارەکەشی بە پلە یەك بۆ گۆڕانی شێوازی ژیان دەگەڕێتەوە، پێشتر ئافرەت لە ژیانی ڕۆژانەیدا زۆر ماندوو بوو، جوولەی زۆر بوو، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا، بەڵام ئەمڕۆ کاروباری ماڵەوە هەموو بووەتە ئامێر، هەروەها گۆڕانکاری لە جۆری خوراك هەیە، خۆراکی خێرا و نانخواردنی درەنگی شەوانە هەموو ئەوانە وادەکەن کێشی خۆیان و منداڵەکەش زیاد بێت و تووشی نەخۆشیی شەکرە و پاڵپەستۆی خوێن بن، هەموو ئەوانە هۆکارن بۆ تووشبوون بە نەشتەرگەری».

ئەو خاتوونە پزیشکە جەختی لەوە کردەوە کە «ئافرەت کاتێك منداڵەکەی بە سرووشتی دەبێت، زووتر دەچێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی بەبێ ئەوەی پێویستی بە یارمەتیی کەس بێت، هەروەها منداڵەکە ڕاستەوخۆ دێننە باوەشی دایکی و شیری سرووشتی خۆی پێ دەدات، ئەوەش وادەکات زوو هەستی دایکایەتی لە نێوان دایك و منداڵ دروست بێت، کە پرۆسەی شیرپێدانی سرووشتی دەستی پێ کرد، ژانی دایکەکە کەم دەبێتەوە و منداڵدان دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، هەروەها کاریگەری نابێت لەسەر سکپڕیی داهاتوو، ئەوان کەمتر تووشی دڵتوندی دوای منداڵبوون دەبن. هەروەها منداڵبوون بە نەشتەرگەری لە سکپڕی داهاتوو دایکەکە ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەکاتەوە».

د. هالە جەودەت سەبارەت بە سوودە تەندروستییەکانی منداڵبوونی سرووشتی بۆ منداڵەکە گوتی: «هاتنی منداڵ بە ڕێڕەوی منداڵدان وادەکات منداڵەکە سوود لەو بەکتریا بەسوودانە وەربگرێت لە ڕێڕەوەکەدا هەیە و هاوکات بە هۆی ئاوی سەراو، سینگی منداڵەکە بە باشی پاك دەبێتەوە و کەمتر تووشی تەنگەنەفەسی دەبێت، ئەو بەکتریایە سیستەمی بەرگریی منداڵ بەهێز دەکات، ئەو منداڵانەی بە سرووشتی لە دایك دەبن، کەمتر تووشی قەڵەویی زیاد و ڕەبۆ دەبن، هەروەها گەشەکردنی مێشکیان خێراترە بەراورد بەو منداڵانەی بە نەشتەرگەری لە دایك دەبن».



د. هالە جەودەت :

**ئەو منداڵانەی بە سرووشتی لە دایک دەبن، کەمتر تووشی قەڵەویی زیاد و ڕەبۆ دەبن، هەروەها گەشەکردنی مێشکیان خێراترە بەراورد بەو منداڵانەی بە نەشتەرگەری لە دایک دەبن**



ڕووناك مەولود:

**لە ئەوروپا ژنان زیاتر حەز دەکەن بە سرووشتی خۆی منداڵیان ببێت، بەڵام وا دیارە لە کوردستان منداڵبوونیش بووەتە چاولێکەری وەک بۆتێکس و فیلەر و جوانکارییەکانی دیکە**

عەلی کەریم هونەرمەندی بە ئەزموون بۆ گوڵان:

# شانۆکارانی باشوور دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە و لە ئاستی سەد ساڵەی سەرهەڵدانی شانۆدا بن

**هونەرمەند عەلی کەریم، ئەکتەر و شانۆکار، لە ساڵی ١٩٦٨-وە کاری نواندن دەکات و یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی شانۆ، دراما و سینەمای کوردی، لە ئێستاشدا لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەند سەرقاڵی تۆمارکردنی درامایەکن.**



عەلی کەریم لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی شاری کەرکووکە و، خانەی مامۆستایانی لە کەرکوك تەواوکردووە، یەکەم کاری شانۆیی ساڵی ١٩٦٨ بووە بە بەشدارییکردن لە شانۆگەرییەکی چالاکیی خوێندنگاکان لە کەرکوك، بەناوی شانۆیی «فلوس الدواء» یان ’پارەی دەرمانەکە.

لە ساڵی ١٩٩٧١-ەوە عەلی کەریم بەشداریی کارە هونەرییەکانی لقی کەرکووکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیی کردووە، ئەو بە شێوەیەکی ئەکادیمیی نەچووەتە ناو هونەر، بەڵکو وەك خۆی دەڵێت: «زۆر هاتووچۆی هۆڵەکانی سینەمام دەکرد، لەگەڵ هاوڕێکانمدا لاسایی کوڕە ئازاکەم دەکردەوە، لەلایەن کەسوکارمەوە هەست بەوە کرا، کە ئارەزوویەکی قوڵم هەیە بۆ هونەر و، هانیان دەدام.

*** گرنگیی سازکردنی فیستیڤاڵەکانی شانۆ لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- لەوەتەی هونەر و ئەدەب هەیە، دەبینین قسەیان لە سەر هەیە، لێرەوە دەڵێم بمانەوێت و نەمانەوێت هونەر و ئەدەب گرنگی و کاریگەریی زۆری هەیە، یەکەم: لە یەکگەیشتن، دووەم: دەستنیشانکردنی باشترین بەرهەم، سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان و تا ڕاددەیەك گەیشتن بە بۆچوونە گشتییەکان کە ڕەگە جۆرێك لە تەبایی بسازێنێت.

*** ئایا ئەو فیستڤاڵانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنجام دراون، کاریگەرییان لەسەر بەرەو پێشبردنی ڕەوتی شانۆی کوردی هەبووە؟**

- لە دوای ڕاپەرینەوە زۆرێك لە فیستیڤاڵ سازدراوە، بەڕای من تەنیا پارە خەرج کراوە، بەبێ پلان کار کراوە، بۆ نموونە کورد سینەمای نییە کەچی لێرە فیستڤاڵی نێودەوڵەتیی بۆ ساز دەدرێت، یان کورد لە باشوور شانۆیەکی چەقبەستووی هەیە، کەچی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆ ساز ئەدرێت، هەندێك کۆمپانیا هەیە لەبری ئەوەی فیلمسازی بکات و فیلمی سینەمایی بەرهەم بهێنێت، قاچاخچێتی بە فیستیڤاڵەوە دەکات، ئەوانەی بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە فیستیڤاڵ دەسازێنن، تا ڕاددەیەك هەوڵی باشیان داوە، ئەوانیش کەمن و کەم ئەزموونن.

فیستیڤاڵەکانی سینەما و شانۆی کوردی هیچ کاریگەرییان نەبووە بە ئاراستەی گەشەپێکردنی سینەما و شانۆ، بەڵکو تەنیا بەتاڵانبردنی بودجەی فیستیڤاڵەکە بووە.

*** فیستیڤاڵی شانۆیی کەرکوك چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟**

- فیستیڤاڵی شانۆی کەرکوك تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەبوو، یەکەم: تایبەتبوونی بۆ کوردستانی گەورە، ئەو بەرهەمانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەتی باکوور، کە نمایشە شانۆییەکانیان لە ڕادەبەدەر و جوان و بێ هاوتا بوون، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبوو، زۆربەی خەڵاتەکانیش بەر ئەوان کەوتن، دووەم: شانۆکارانی باشوور دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە و لە ئاستی سەد ساڵەی



سەرهەڵدانی شانۆدا بن، دەبێ هەڵوەستە بکەن و لەگەڵ دەرهاویشتە و میتۆدەکانی شانۆی دنیادا هەماهەنگ بن، بۆ نموونە، نمایشی (تەرتوف) کە بەرهەمێکی شانۆیی باکوور بوو، هیچ کەمتر نەبوو لە نمایشێکی فەرەنسی، یا بەریتانی، یان ئەڵمانی، جوانیی ئەو نمایشە و نمایشەکانی دیکەی باکوور لە ئاستێکدا بوون، من وەك شانۆکارێك هەستم بە کەمی و بێ توانایی خۆم دەکرد، لێرەوە بۆم دەرکەوت کە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کە کورد ئەنجامی دەدات بە بەشداریی یەك دوو دەوڵەت، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی فیلمە و نمایشەکانیش لە ڕێگەی فلتەرەوە نییە، جارجار حەزی بەرپرسە سیاسییەکانیشی تێ دەکەوێت، فیستیڤاڵچییە بازرگانەکان ئەوەندەی چاو دەبڕنە ئەوەی لە بودجەکە چییان بۆ دەمینێتەوە، ئەوەندە مەبەستیان بەدیهێنانی ئامانجەکانی فیستیڤاڵەکە نییە.

*** سازکردنی فیستیڤاڵی شانۆیی کەرکوك و ناونانی بە فیستیڤاڵی عەلی کەریم، بۆ جەنابت چی دەگەیەنێت؟**

- من بۆ خۆم خۆشحاڵم کە فیستیڤاڵەکە بە ناوی منەوە بوو، بەڵام خۆشحاڵیم لەوەدایە کە بە شایەدیی هەموو میوانان، فیستڤاڵەکە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، یەکەمیان: بەشداریکردنی هەموو پارچەکانی کوردستان، کە ئەمەش مەخزای خۆی هەیە: دووەمیان بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی فستیڤاڵەکە، کە زۆر بە وردەکارییەوە بوو.

*** سازکردنی فیستیڤاڵی شانۆیی کەرکوك چ مانایەکی هەیە؟**

- دەتوانم بڵێم سازدانی ئەم فستیڤاڵە لەم بارودۆخەی شاری کەرکوکدا، زەرورەتێکی حەتمی بوو، مەخزایەکی زۆریشی هەبوو، چونکە بە قەد هەوڵ و تەقەلای هونەرمەندانی کورد، هونەرمەندە تورکمان و عەرەبەکانیش لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا ڕۆڵی ئیجابییان هەبوو، هەموویان خەمخۆری سەرکەوتنی فیستیڤاڵەکە بوون.

*** ئامادەبوونی بینەران و کارەکانی لیژنەی ناوبژیکاریی فیستیڤاڵەکە چۆن بوون؟**

- بەردەوام لە هەموو نمایشەکاندا بینەر زۆر بوو، هۆڵەکان جمەیان دەهات، تەنانەت هەندێ نمایش کە لە سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکوك ساز دەکران، سەرباری گەورەیی هۆڵەکە، بەڵام زۆر جار بینەر بەپێوە دەوەستان، ئەمەش سیفەتێکی بینەری شانۆیە لە کەرکوك، کە هەر لە دێرزەمانەوە لە دوای ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئادار و دوای سەرهەڵدان و بوژانەوەی ڕۆشنبیری لە کەرکوك، شانۆ و بینەر هەبووە، هۆکارەکەیشی بۆ فرەنەتەوەیی کەرکوك دەگەڕێتەوە، شاری فرە نەتەوەش لە هەموو جیهاند فرەکولتوورە، فرەکولتوورییش دەوڵەمەندیی کولتوور دەگەیەنێت.

*** جەماوەری نمایشەکان لە چ ئاستێکدا بوون؟**

- تەنها لە گفتوگۆ کردن لەسەر نمایشەکان خەڵکی هونەرمەند و تایبەت بە شانۆ بوون، بەڵام بینەری نمایشەکان زۆربوون.

دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم فیستیڤاڵی شانۆیی کەرکوك لە دوای ڕاپەرینەوە لە هیچ فیستیڤاڵێك ناچێت، زۆر جیاوازە، بێ ساختەیە، زۆر بە دڵسۆزی بەڕێوەچوو زۆریش سەرکەوتوو بوو.

کریستین حوری بۆ گوڵان:

# گرنگە مرۆڤ لە ژیانی خۆی ئاسودە بێت



کریستین نمایشکارێکی سەرکەوتووی لوبنانە، کە شوێنی خۆی لە نێو نمایشکارەکاندا کردەوە، جگە لە کاری نمایشکاری لە چەندین کلیپی هونەرمەندە ناسراوەکانیشدا بەشداریی کردووە.

سەبارەت بەو ڕەخنانەی لیی دەگیرێن، کریستینا دەڵێت: «من لە کاری خۆمدا زۆر بە ئاسایی دەژیم و هیچ گۆڕانکاری و جیاوازییەك لە نێوانیاندا ناکەم، هەروەها هەوڵ نادەم سیستمی ژیانم لەبەر قسە و ڕەخنەی هیچ کەسێك بگۆڕم، من چۆنم هەروا دەبم و ئێستا لە ئاستێکی جیهانیدا کار دەکەم، ناکرێت خۆم بە هەندێك شتەوە ببەستمەوە کە کار لە کار و ناوبانگم بکەن، بەلای منەوە گرنگترین شت ئەوەیە کە لە ژیانی خۆمدا ئاسوودە بم و، ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەم ئەگەر من و خانەوادەکەم بە هەڵەی نەزانن و لێی ڕازی بین، هیچ شتێکی دیکە بۆ من گرنگ نییە».

کریستینا تیشك دەخاتە سەر بواری نواندن و لەوبارەوە دەڵێت:

«پێشتر بەشداریم لە چەند کارێکی نواندندا

## ئیلهام شاهین و نۆ ساڵ لە شەڕی ڕاگەیاندندا

ماوەیەکی زۆرە خانمە ئەکتەری میسری ئیلهام شاهین بە هەڵوێستەکانی سەبارەت بە توندڕەوە سیاسییەکان، مشتومڕی زۆر دەنێتەوە، فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی دوای مردنی و زۆر بابەتی دیکە، ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆری کردووەتەوە.

لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا ئیلهام بەردەوام بووە لە جەنگ لەگەڵ میدیاکان، لە ساڵی ٢٠١٢ میدیاکان بە جەنگی نێوان ئیلهام و بانگخوازی سەلەفی عەبدوڵلا بەدر سەرقاڵ بون، دوای ئەوەی بە تۆمارکردنی دیمەنی دوور لە ڕەوشت تۆمەتباری کرد، لە وەڵامدا ئیلهام لە دادگا سکاڵای دژ ی بەرز کردەوە و لە ئەنجامدا عەبدوڵلا بە ساڵێك زیندانی سزا درا.

لەلایەکی دیکەوە لێدوانەکانی سەبارەت بە لەباربردنی منداڵ و دیمەنی وروژێنەر، بووە باسی میدیاکان، بەتایبەت کاتێك ڕایگەیاند من حەزم نەدەکرد ببم بە دایك و بەرپرسیارێتیی منداڵ بەخێوکردن هەڵبگرم، بۆیە بە ڕەزامەندیی خۆم منداڵەکەم لەبار برد، چونکە ڕێککەوتبووین لەسەر جیابوونەوە، کەواتە ئافرەتێك تەڵاق بدرێت منداڵی بۆچییە؟ لەم ڕووەوەش من هۆکاری تایبەتی خۆم هەبوو.



هەفتەی ڕابردووش ئیاهام شاهین دیمەنێکی بڵاوکرایەوە کە لە کاتی ناشتنی مەها ئەبو عوف بەبێ لەچك نوێژی دەکرد، ئەمەش بووە مایەی توڕەبوونی و لەم بارەوە گوتی: «هیچ کەسێك مافی نییە لە کاتی ناشتنی تەرم، یان نوێژکردن وێنەم بگرێت، ئەمانە کەسانێکن کە هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن و تەنیا بە دوای هەڵەکانماندا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە و بیکەنە باسی سۆشیال میدیا.

سەرچاوە: https://www.skynewsarabia.com/

کردووە، بەڵام ماوەیەکە گرنگیی زیاتر بە بواری نمایشکاری دەدەم و لە نواندن دوورم، چونکە ئەو ڕۆڵانەی کە پێشکەشم کراون تا ئێستا ڕۆڵی لاوەکی بوون، منیش حەز دەکەم ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینم ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ بێت، دەبێت ئەو ڕۆڵە لە ئاستی ئەو نازناوەدا بێت کە من لە بواری مۆدێل بەدەستم هێناوە، نەك ببێتە هۆی ئەوەی لە بەهای نازناوەکە کەم بکاتەوە.



# جۆرج مایکل چی لە دوای خۆی جێهێشت

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ئەستێرەی و پادشای پۆپی بەریتانی کۆچکردوو (جۆرج مایکل) ڕایانگەیاند کە جۆرج مایکل لە دوای خۆی بری نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دلاۆری بەجێهێشتووە، لە کاتێکدا هیچ هاوسەر و منداڵێکی نییە.

سەرچاوە هونەرییەکان پێشبینیی ئەوە دەکەن کە جۆرج مایکل لە وسیەتنامەکەیدا بەشێك لە پارەکانی بۆ (بلۆ بیلی) کچی خانمە گۆرانیبێژ (جیری هالویل) و چەند دەزگایەکی خێرخوازیی تایبەت بە منداڵان و چارەسەرکردنی تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە تەرخان کردبێت.

هەروەها بەشێکی پارەکانی بۆ خوشکەکانی میلانی و یۆدا و فادی فەوازی هاوڕێی و منداڵەکانی کوڕی مامی (ئەندرۆی)تەرخان کردبێت، لەبەر ئەوەی هیچ منداڵی نەبووە ئەو پارەیەی دەمینێتەوە و لە وەسیەتنامەکەیدا باسی نەکردوون، دەبێتە موڵکی ئەو منداڵانەی لە ژیانی خۆیدا پەروەردەی کردوون، ئەوانیش ڕۆمان و هارلی مۆن کیمب-ن.

جۆرج مایکل کە بە یەکێك لە ئەستێرەکانی پۆپی جیهانی دادەنرێت و بە پادشای پۆپی بەریتانیا ناسراوە، ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٥ لە ئەنجامی لاوازبوونی دڵی لە تەمەنی ٥٣ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوە: گولولی**

# نارین فەقە وەک یەکەم هونەرمەندی کورد بەشداریی لە (Voice of Change)دا کرد

نارین فەقە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری دێرك لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بنەماڵەیەکی هونەری لەدایکبووە و، باوك و باپیریشی هونەرمەند بوون، دیوەخانی ماڵباتەکەشیان هەمیشە شوێنی کۆبوونەوەی هونەرمەندە بەناوبانگەکان بووە، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر نارین دروستکردووە، نارین فەقە لە ساڵی ١٩٩١ وە لە سوێد نیشتەجێیە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەری مافناسیی ئەوروپییە، جگە لە کرمانجی، بە شێوەزاری سۆرانییش گۆرانیی گوتووە و، خاوەنی چوار ئەلبوومی گۆرانییە.





نارین بەر لە بیست ساڵ یەکەم هەنگاوی لە بواری هونەری کوردیدا هاویشت، ئەوهەر لە منداڵییەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووی لە وڵاتی سوید کرد و، بە دەنگ و ئەدا و گۆرانییە ڕەسەنەکانی توانیی سەرنجی هەوادارانی هونەری ڕەسەنی کوردی بۆ خۆی ڕابکێشێت و، لە گشت بوارەکاندا بوونی خۆیی بەهێزەوە سەلماندووە، لە گۆرانیی نیشتمانی و پاراستن و بەرگریکردن لە ئافرەتی کورد، پاراستنی زمانی کوردی و گۆرانییە ئەویندارییەکان وەك (هێڤی، زمانێ دایێ، ژن ژیانە) و دەیان گۆرانیی دیکە، بە شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی گۆرانیی گوتووە، ئەمەش وایکرد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا خاوەن جەماوەرێکی زۆر بێت، بەبێ جیاوازی.

**• بەشداریکردنی نارین لە بەرنامەی (Voice of Change)**

نارین فەقە لە ساڵی ٢٠٢١ وەك یەکەم هونەرمەندی کورد بە چوار گۆرانی (ئاخ کوردستان، گەر بیریا تە بکەم، ئەز سەربانا، خومێ خومێ) بەشداریی لە (Voice of Change) دا کرد، لەم بارەوە نارین بە گوڵانی ڕاگەیاند:(Voice Change) کۆنسێرتێکە لەلایەن شانۆی نەتەوەیی حکومەتی سویدەوە ڕێك دەخرێت، زیاتر لە پەنجا ژەنیاری ئۆرکێسترای نەتەوەیی سوید تێیدا بەشدارن، کۆنسێرتەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزی هونەریدایە و، ئامادەکارییەکی زۆری بۆ کراوە، تا ڕۆژی ٢٠٢٢\١\٢٠ لە سەر ماڵپەڕی تایبەتی شانۆی نەتەوەیی سویدی نمایش دەکرێت، لە ماڵپەڕەکەدا دیمانەیەکی من هەیە، تیایدا باس لە ستایل و ئامانجەکانی هونەریی خۆم دەکەم، لەم کۆنسێرتەدا هونەرمەندانی سووری، فارس، بەلوج و چەندین وڵاتی دیکە تێیدا بەشدارن، بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە ناتوانن بە ئازادی بە زمانی خۆیان گوزارشت لە هونەری نەتەوەکەیان بکەن و، کارەکانیان بۆ پاراستنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، ئەم کۆنسێرتە لە بەشی فارسیی کەناڵی دەنگی ئەمریکا نمایش دەکرێت».

سەبارەت بە هەڵبژاردنی گۆرانییەکانی لەم کۆنسێرتەدا، نارین فەقە دەڵێت: «هەوڵمدا ئەو گۆرانییانە پێشکەش بکەم کە بەشێوەیەکی بەربڵاو نەگوتراون، بەتایبەتی گۆرانیی (ئاخ کوردستان) کە هونەرمەندی نەمر (هۆزان سەرهات)ـە، حەزم کرد ئەم گۆرانییە پێشکەش بە گیانی پیرۆزی بکەم و، بەشێوەی ئۆرکێسترالی پێشکەش بکەم، لە دڵی من و هەر هونەرمەندێکدا هزری کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ هەیە، کە هەموومان بەسەربەرزی تێیدا بژین، بۆیە ئەو گۆرانییەم لەو ئاستە بەرزەدا پێشکەش کرد، هەروەها گۆرانییەکانی دیکەش لە گشت ڕوویەکەوە لە ئاستێکی بەرزی هونەریدان».

**• پێشمەرگە و شنگال**

نارین تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی هونەر لە بابەتە نەتەوەییەکاندا و لەوبارەشەوە دەڵێت: «لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بارودۆخی کوردستان لە زۆر ڕووەوە ئاڵۆز بوو، بواری هونەریش بە گشت لقەکانییەوە و، بەتایبەتی گۆرانی و موزیك، بێبەش نەبوو لەو کاریگەرییە، ئەمەش لە هەموو لایەکمان دەخوازێت کە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە، هەوڵ بدەین هونەری کوردی دووبارە بگەڕێنینەوە ئاستی جارانی و، زیاتریش پێشی بخەین و لە کاریگەرییەکانی دۆخی نەخوازراوی کوردستان دووری بخەینەوە و، هەوڵی دووبارە زیندووکردنەوەی بدەین، هونەرمەندانی کورد ڕۆڵی خۆیان بینیوە لەو شەڕەدا و دریغییان نەکرد و نەوەستان لە کارە هونەرییەکانیان دەربارەی کوردستان، وەك پێشمەرگە، شەهید ئەمەش مایەی دەستخۆشییە، بەڵام دواتر تێبینم کرد کە هەندێك فلتەر نەما و هەر هونەرمەندێك بە ستایلێکی تایبەتی خۆیەوە کاری هونەریی پێشکەش کرد، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دوو لە بەرهەمە هەر گەورەکان کە لەم سەردەمەدا پێشکەش کران دژ بە تیرۆر و تیرۆریستان و هەموو دوژمنانی کورد و کوردستان، هەردوو بەرهەمی (پێشمەرگە و شنگال) بوون کە شوێنی خۆیان لە نێو هونەری کوردیدا کردووە و بوونە دوو بەرهەمی دەوڵەمەندی نێو مێژووی هونەری کلاسیکی کوردی، من خۆشحاڵ و سەربڵندم کە وەك هونەرمەندێکی ڕۆژئاوای کوردستان لە سیمفۆنیای شنگالدا بەشداریم کرد، بە شێوەیەکی گشتی هەر هەموو بەرهەمەکان خزمەتیان بە کوردستان و پێشمەرگە و کێشەی نەتەوایەتیی کورد کرد و، پشتیوانییان لەو دۆزە ڕەوایە کرد و، بوونە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە و میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

هەردی باودین:

# سوپاس بۆ خودا جێدەستم زۆر بە ڕوونی دیارە و ئێستا بەرهەمەکەی دەبینرێت



**لە ئێستادا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆری شاخەوانی دروست بوون و، هەفتانە سەردانی شاخەکانی کوردستان دەکەن، بەشێکیان بۆ گەیشتن بە لووتکەی چیاکانی کوردستان و هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە سەر بەرزترین لوتکە بەرزەکانی کوردستان و بگرە جیهانیش سەرکێشی دەکەن، یەکێکە لەو یاریزانانە هەردی باودین-ە، کە لەدیکبووی ساڵی ١٩٨٣ی شاری کەرکووکە و، خولیایەکی زۆری بۆ یارییەکانی شاخەوانی و فڕین بە ئاسمان و چەندین وەرزشی تایبەت بە شاخەوانیدا هەیە، بەردەوام سەرقاڵی ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆری وەرزشیی شاخەوانی و ڕین و پاراگلایدەر-ە، چەندین بەرپرسیارێتیی جیاوازی هەبووە لە شاخەوانیدا، هەم وەرزشکار هەم پارێزەری ڕاوێژکارە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین لە چ بوارێکدا زیاتر چالاکییەکانت ئەنجام دەدەیت؟**

-بە شێوەی گشتی ئارەزووی زۆربەی وەرزشەکانم هەیە، کە بەشێکن لە ژیانم، بەڵام زیاتر خولیای وەرزشەکانی تایبەت بە شاخ و سرووشتم، وەك: شاخەوانی، بەردەوانی ناو هۆڵ و سرووشت، پاسکیلسواریی شاخ، پاراگلایدەر، پارامۆتر، سەرکەوتن بە شاخەوانی و هاتنە خوارەوە بە پاراگلایدەر، ڕەفتینگ، سکی سەر بەفر، ڕاکردن لە سرووشتدا.

*** وەك ئاشکرایە لە پێشخستن و بەردەوامیدان بە چەندین چالاکی و، بەزانستیکردن و پێشخستنی ئەم یارییەدا دەستێکی باڵات هەبووە، ئەگەر بکرێت کورتەیەك لەسەر بەرپرسیارییەکانت باس بکەیت؟**

-من ماوەیەکی دوورو درێژە شەیدای سرووشتم،ئەم خولیایەشم لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە سەری هەڵداوە، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی زیاتر لە ١١ ساڵ دەبێت (لە سەرەتای ٢٠٠٩) لە ڕێگای هاوڕێی ئەزیزم ئەڤین خان، توانیم هەوڵەکانم لە خزمەتی شاخدۆستان و شاخەوانی لە فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان بخەمە گەڕ، کە زۆریش هاوکارم بوون. بۆیە دوای ماوەیەك کە لە نزیکەوە هاوڕێیەکی دیکەم ناسی بەناوی د.ئەنوەر کە سەرۆکی فیدریاسۆنی شاخەوانیی کوردستان بوو، هاوکات هاوسەری ئەڤین خانیشە، ئیدی کار و چالاکییەکانم بەرەو پێش چوون و ئەویش وەکو برایەکی گەورە و مامۆستایەك زۆر سوودی پێ گەیاندم، بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا توانیم ببمە جێگای متمانە، چونکە هێزی هاوکاری و هەوڵدان و پلانەکانم بۆ پێشخستن وەرزشەکانی شاخەوانی زۆر بوو، کە ئەو کاتە تەنیا خۆی و خێزانی مابوون لە فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان، بۆیە هەر لەو سەرەتاییەوە وەکو جێگری سەرۆکی فیدریاسۆن و بەرپرسی بەشی یاسایی و تەواوی بوارەکانی تەکنیکی و فێرکاریم کەوتبووە ئەستۆ، لەسەر ئەوەشەوە تەواوی تەنسیق و بەیەکگەیاندنی هاوڕێیان و گرووپەکانمان لە تەواوی کوردستان و، بەتایبەت هەولێری پایتەخت لە ئەستۆماندا بوو، کە تەنیا بووین، بە ڕاشکاوانە بڵێم بەپێی پەیڕەو و پرۆگرام نەبوو، واتا نایاسایی بوو، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە دەستەی کارگێڕی و دامەزرێنەری فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان هەر لە سەرەتای دوو ساڵی یەکەم لە دامەزراندنی فیدریاسۆن، گرووپی شاخەوانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ دوورکەوتنەوەو نەگونجان، کە زیاتر کارەکان تاکلایەنە جێبەجێ دەکرا، هەروەها پەیڕەو و پرۆگرام جێبەجێ نەدەکرا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کە هەمان هۆکار دەستەی دامەزرێنەر بوون، بەکورتی تەنیا من و د. ئەنوەر مابووینەوە کە دوای ماوەیەك خاتوو ئەڤینیش دورکەوتەوە لەبەر چەندین هۆکار کارەکان زیاتر قورستر بوون لەسەر شانمان، تا پێش ئەوەی بچمە فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان ئێمە سەرەتا تەنیا وەك گرووپێك کارو چالاکییەکانمان ئەنجام دەدا، دوای ئەوە بە پلان و هەوڵەکانم کە بۆ پێشخستنی ئەو وەرزشە لەگەڵ چەند کەسێك کە کەمتر بوون لە پەنجەکانی دەستێك، برەومان بە وەرزشەکە دا، سوپاس بۆ خودا جێگای دەستم زۆر بە ڕوونی دیارە کە بەرهەمەکەی ئێستا دەبینرێت، هەروەها دوای ماوەیەك توانیمان بە دامەزراندنی چەندین ناوەند و چالاکیی وەرزشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دەنگدانەوەیەکی زۆرمان هەبێت، لەسەر ئاستی پارێزگاکان کە سەرەتا ناوەندی سلێمانیمان دامەزران، هەروەها دواتر توانیمان ناوەندی

**پێش ئەوەی بچمە فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان ئێمە سەرەتا تەنیا وەک گرووپێک کارو چالاکییەکانمان ئەنجام دەدا**



هەولێر دامەزرێنین و پلانمان بۆ ناوەندەکانی دهۆک و کەرکووک و هەڵەبجەش دارشت، کە ئەوکات بەزۆرینەی دەنگ من بووم بە سەرۆکی ناوەندی هەولێری فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان، ئەگەر چی نارازی بووم، چونکە سرووشتی خۆم وایە کە حەز بە بەرپرسیارێتی ناکەم، بەڵام دواتر قبوڵم کرد، چونکە کەسانێکی وا نەبوو بۆ ئەو بوارە، ئەوەبوو وەکو خزمەتکارێك کارەکانم لەو بوارەدا قورستر و زیاتر بوون، چونکە هەوڵەکانم چڕتر بووەوە، بەڵام لە ساڵی ڕابردوو پێش تەواوبوونی کاتی یاساییم وەکو سەرۆکی ناوەندی هەولێر و هەروەها تەواوی پۆستەکانی دیکەیشم لە فیدریاسۆنی شاخەوانیی کوردستان، دەستم لە کار کێشایەوە، کە چەندین هۆکار هەبوو، ئەوانەی نزیکن دەزانن!، لەئێستادا تەنیا ڕاهێنان و کاری فێرکاری لەگەڵ چەندین هاوڕێ دەکەم بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەکم هەبێت، هەروەها لە ئێستاشدا تەنیا هاوکاریی بوارە یاساییەکانی یانەی هەولێری ئاسمانیم لە ئەستۆدایە و، ئەندامی ئەو یانەیەم و ئەندامی هەڵبژاردەی عێراقیشم لە پاراموتەر .

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینیت؟**

-ئەگەر چی لە چاو وڵاتاندا ئێمە زۆر زۆر سەرەتایین و بگرە هیچمان نەکردووە و نازانین، بەڵام لەچاو ساڵانی ڕابردوو ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبێت، ئەگەر بەرژەوەندییە کەسییەکان ڕێگرییەکانیان کەم بکەنەوە و کۆرۆنا تێپەڕێنین باشتریش دەبێت، چونکە زۆر زۆر بە داخەوە ئۆرگانێك و لایەنێکی دوور لە ڕەنگ و حزب نییە تا هەموو لایەك کۆبکاتەوە و پەرەی پێ بدات، ئەگەر چی کەسانێکی خۆبەخش هەن کە هەوڵی بەزانستیکردنی ئەم جۆرە وەرزشانە دەدەن، بەڵام تەنیا لەبەر جیاوازیی بیرۆکە و ڕاستکردنەوەی جێبەجێکردنی پەیڕەو و پرۆگرامە فەرمییەکان و بە یاساییکردنیان، هێشتا ڕێگریشیان لێ دەکرێت، چونکە ئارەزوومەندانی ئەم وەرزشانە لە هەڵکشاندان و بەرەو زیادبوون دەڕوات، ئەگەر بەم شێوەیە بێت لە داهاتوودا کۆنترۆڵکردنی زۆر ئەستەم دەبێت، هەروەها زۆریش گرنگە لایەنەکان لە (حزبی و حکومی) ئاگاداری ئەم جۆرە وەرزشانە بن بۆ پێشخستن و کاری ئەمنی و بۆ پەرەپێدانی زیاتر و ئاشنابوون پێیان، بەڵام بەداخەوە بەهۆی چەند کەسێکەوە ناوی لایەنەکان و حزبەکانیش خراپ بووە، چونکە بە ناوی ئەوان کاردەکەن.

*** ئایا فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری کراوە؟**

- ماوەیەکی زۆرە تەنیا سەرۆکی فیدراسیۆن ماوە کە د. ئەنوەرە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی من هەمە، پێشتر ئەڤین خان بەرپرسی دارایی و کارگێڕی بوو، کە بە ڕاستی بە لێهاتووانە کارەکانی جێبەجێ دەکرد، کە ئەویش دەستی لە کار کێشایەوە ئاڵۆزییەکان زیاتر بوون، بەڵام ئەوەی من بزانم تا پێش هاتنی داعش پارەیان لە حکومەت وەردەگرت، کە بڕیاردرا پارەی تەواوی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ببڕدرێت (ئەوکات پارەی فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان سەر بە ئەوان بوو) نازانم تا ئێستاش بەردەوامە یان نا، بەڵکو سەرەتای چوونم بۆ فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان پارەی پاس و گەشت و خواردنیش دەدرا بە هەر ئارەزوومەندێك ئەگەر بهاتایە لەگەڵماندا، چونکە کەم کەس دەهات بۆ شاخەوانی، هەروەها فیدراسیۆن خاوەنی کەرەستەی تەکنیکی و شاخەوانیی زۆربوو کە چەندین ساڵە و تا ئێستاش لە ژێر زەمین و کۆگاکاندا ماوەتەوە هیچ کەسێك سوودی لێ نەبینیوە، بەڵکو هەمووی ئیکسپایەر بووە و بە داخەوە نادرێت بە هیچ کەس بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینرێت.

*** خۆت پارێزەریت، بەڵام وەرزشەکانی شاخ و سەرکێشییەکانت بە شێوەیەکی زانستی ئەنجام دەدەیت کە زۆر کاری زەحمەتن، هۆکاری سەرکەوتوویت لەم دوو کارەدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەدڵنیایەوە خولیاو ئارەزوو جیاوازە لە کاری تایبەت و پیشەکەت، بۆیە لە کاتی پشووەکانمدا هەوڵ دەدەم بەو ئارەزووانە پڕی بکەمەوە، ئەوەش واتای ئەوە نییە کە سەربەخۆ ئەو کارانە دەکەم، بەڵکو بەشداریی چەندین خولی تایبەت بە فڕۆکەوانی و وەرزشەکانی شاخم کردووە لە ناوەوە لە دەروە، حەز دەکەم هاوڕێیانم سوودمەند بن لەو فێرکارییانەی کە کردوومە لە دەرەوەی وڵات، تا توانیبێتم ئەو یاسایە بەکار دەهێنن کە دەڵێت (die empty) واتا بە خاڵی بوونەوە بمرە و تا دەمریت هەر ببەخشە.



**توانیمان بە دامەزراندنی چەندین ناوەند و چالاکیی وەرزشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دەنگدانەوەیەکی زۆرمان هەبێت**

**پێش تەواوبوونی کاتی یاساییم وەکو سەرۆکی ناوەندی هەولێر و هەروەها تەواوی پۆستەکانی دیکەیشم لە فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان، دەستم لە کار کێشایەوە**

**بە داخەوە ئۆرگانێک و لایەنێکی دوور لە ڕەنگ و حزب نییە تا هەموو لایەک کۆبکاتەوە و پەرەی پێ بدات**

*** لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرەوەش چەندین ڕیکۆردت هەیە، بەردەوام لەم یارییەدا بەدیار دەکەویت، هۆکاری چیە ؟**

-بۆ وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەت، لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین دەسکەوتی تاك لایەنەو یەکەمم هەیە کە تا ئێستا ئەنجام نەدراوە، ئەویش سوپاس بۆ خودا کە ئەو توانایەی پێ داوم کە یەکەم کەسم لە لووتکەکانی هەڵکورد و حەسن بەگ و پیرەمەگروون و، بۆ چەندین لووتکەی دیکەش فرینم ئەنجام داوە و، سەرکەوتنەکان بە شاخەوانی بووە، هەروەها تاکە کەسم بە پاسکیلی شاخ چەندین لووتکەم بڕیوە و هاتوومەتە خوارەوە، یەکێك لەوانە بەرزترین لووتکەی ناوچەکەیە کە هەڵگوردە، بەڵام سوپاس بۆ خودا لە ئێستادا جێگای خۆشحاڵیمە کە هاوڕێ و لێزانی ئەو بوارانە زۆر بوون و هیوای سەلامەتییان بۆ دەخوازم. سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە لەکاتی گەشتەکانم بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە تەواوی ئەو حەز و ئارەزووانەی کە هەمە و خولیای منن، تێکەهەڵکێشن لەگەڵ سرووشت و جوانی و هەوای پاك و گەورەی دەسەڵاتی تاك و تەنیای پەروەرین و، هەروەها کارکردن لەگەڵ سرووشت و دوور لە جەنجاڵیی ناوشار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارکردن لەگەڵ سرووشت دەبێت کەرەستەو وردەکاریی بەکارهێنانی بزانیت، بەداخەوە زۆر کەمە لە وڵاتی ئێمە ئەگەرنا توشی کارەساتی دڵتەزێنت دەکات .

*** گرفتان چییە لەم وەرزشەدا؟**

-بەداخەوە ئەگەر کەسێك بیەوێت کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی بکات و کارەکەی لە بەرژەوەندیی تایبەتی چەند کەسێکدا نەبێت، هەوڵی دژایەتیکردنی دەدەن، ڕەنگ و کاری حزبی زۆر ئاستەنگی درووست کردووە، خەڵکانێك هەن کە بەبێ ئاگایی و بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەنیا پەیوەندی شەخسی جێبەجێ دەکەن، هەروەها کەسانی شارەزاو لێهاتوویان ناوێت ئەگەر بیەوێت هەڵەو کارە نایاساییەکان دەستنیشان بکات.

***دەگوترێت ئێستا لەگەڵ هاوڕێکانت زیاتر بە شێوەیەکی سەرپەرشتیار دەردەکەویت، هۆکار چییە؟**

- لە نێو هاوڕێیاندا ڕێزێکی زۆر هەیە، ئێمە لەگەڵ یەکتر زۆر کۆکین و ئەوان وەکو برایەکی گەورە لە من دەڕوانن و گوێڕایەڵمن، لێرەوە سوپاسیان دەکەم، لەگەڵ چەندین گرووپ و ڕێکخراو و شوێنی جیاواز کاردەکەم بەبێ جیاوازی، تەنیا ئەوکەسانە لە گرووپەکانی من جێگایان نابێتەوە کە ڕێزی خۆیان و هاوڕێکانیان ناگرن.

*** بڕیارتان نەداوە ڕێکخراوێك، یان ناوەندێك دابمەزرێنن بۆ ئەوەی زیاتر خەڵك سوود لە تواناکانت ببینن؟**

- زۆرێك لە گرووپەکان کە ئۆرگانەکانی سەر بەو حزبانەن، بە عیلاقاتی شخسی ئاستەنگ دروست دەکەن، بە تایبەت ڕۆتیناتی دوور لە یاسا و پەیڕەو و پرۆگرام، لە بازگەکان هیچێکیان حیساب بۆ لایەنەکەی دیکە ناکات، سەبارەت بە من لە ئێستادا نەخێر، کاتی ئەوەم نییە بەدوای ئەو کارانەوە بم، بەڵام ئامادەم هاوکاریی هەر لایەنێك بکەم بەبێ جیاوازی.

***لە وەرزشە ئاسمانییەکاندا چەند پێوانەیەکت هەیە، ئەوانە چین؟**

- لە ئێستادا یەکێکم لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە پارامۆتەر، ئەم وەرزشەش لە زیادبووندایە و فڕۆکەوان و پایلۆتی زۆر بە توانا لە وڵاتەکەماندا هەیە، ئەوانیش تا ڕادەیەك نەتوانراوە هاوکارییەکی جدی بکرێن لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام هەندێك جار لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە کارمان لەگەڵ دەکەن وەکو یاریزانی هەڵبژاردە، زۆریشی لەسەر گیرفانی خۆمانە، هیوادارم ئەم وەرزشەش یاسایەکی بۆ دابڕێژرێت، بۆ ئەوەی هاوشێوەی وەرزشەکانی شاخەوانی لێ بەسەر نەیەت.

*** وەکو کوردێکی شاخەوان پلانی داهاتووت چییە؟**

- ئەگەر وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە و تێکهەڵکێشی بکەم لەگەڵ ئەو خەونەی من هەمە، کە چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدەم، هیوادارم بتوانین پێکەوە بەردەوام بین، کە یەکێك لە خەونەکانی من، ئەوەیە کە ئاڵای پیرۆزی کوردستانە شان بە شانی وڵاتانی دیکە لە لووتکە بەرزەکانی جیهان بە دەستی شاخەوانە بەتواناکانمان بشەکێتەوە و، ئەگەر بتوانم منیش یەکێك بم لەو کەسانە، ئەوە بەدیهاتنی خەونێکی گەورەی منە، ئەگەر هەر کەسێکی دیکەش بیکات و کرابێت، جیاوازیی نییە، وەکو ئەوەیە من ئەنجامم دابێت، هەرچەندە ئەمەش بەبێ پشتگیریی مادی و مەعنەویی حکومەت تۆزێك ئەستەمە، چونکە ئەو ئۆرگانانەی تاکو ئێستا خۆیان بەوشێوەیە ناساندووە کە ئەو کارە ئەنجام بدەن، چەندین جار پارەی زۆر زەبەلاحیان داواکردووە و وەرگیراوە بۆ ئەو بوارانە، کە هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بۆیە حکومەتیش متمانەی بەو جۆرە چالاکی و بیرۆکانە نەماوە، لەو نێواندەشدا بەداخەوە خەونی زۆر کەس دەچێتە ژێر گڵەوە.


*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- پێش هەمووشت دەستخۆشی لە ئێوەی ئازیز دەکەم، هەروەها هیوادارم لە داهاتوودا بتوانین لە ژێر ئاڵای کوردستان و بە ناوی کوردستانەوە بە شێوەیەکی زانستییانە و دوور لە ڕەنگ و لایەن، کارەکان ڕێك بخەینەوە، دەسگایەك دابمەزرێت کە سەر بە حکومەت بێت و موڵکی هیچ کەسێك نەبێت، هەروەها هیوادارم کەسانی شارەزاو بە ئەزموون بهێنرێنەوە پێشەوە و کاریان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خزمەتی دەورووبەریان بکەن، یان ئاڵای کوردستانیان پێ بسپێرن تا سەرمان بەرز بکەنەوە و لە لووتکە بەرزەکانی جیهان ئەو ئاڵایە بشەکێننەوە.

**فیدراسیۆن خاوەنی کەرەستەی تەکنیکی و شاخەوانیی زۆربوو کە چەندین ساڵە و تا ئێستاش لە ژێر زەمین و کۆگاکاندا ماوەتەوە هیچ کەسێک سوودی لێ نەبینیوە**

**تەواوی ئەو حەز و ئارەزووانەی کە هەمە و خولیای منن، تێکەهەڵکێشن لەگەڵ سرووشت و جوانی و هەوای پاک و گەورەی دەسەڵاتی تاک و تەنیای پەروەرین**

**ئەگەر کەسێک بیەوێت کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی بکات و کارەکەی لە بەرژەوەندیی تایبەتی چەند کەسێکدا نەبێت، هەوڵی دژایەتیکردنی دەدەن**



## کریستیانۆ نیگەرانە

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی پۆرتوگالی یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی سەبارەت بە داهاتووی خۆی لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی لەگەڵ خۆرخێ میندێزی بەڕێوەبەری کارەکانی کردووە.

هەندێك سەرچاوەی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا باس لەوە دەکەن، کە میندێز گەشتی بەریتانیای کردووە بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی دڵەڕاوکێ و ترسی ڕۆناڵدۆ لەوەی خەونەکەی بە گەڕانەوە بۆ ئۆلترافۆرد بە کارەساتێك تەواو ببێت.

بە گوێرەی ئەوە سەرچاوانە، کریستیانۆ لە کۆی ٢٩ گۆڵی مانچستەر یۆنایتد لە هەموو خول و پاڵەوانێتییەکانی ئەم وەرزەدا، ١٤ گۆڵی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەستێرە پۆرتوگالییەکە بەهۆی ئاست و ئەنجامەکانی یانەکەی تووشی بێئومێدی و ڕەشبینی بووە.

وەك ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن، ڕۆناڵدۆ بێزار و بێئومێدە لەو پلان و شێوازی یاریکردنەی ڕالف ڕانگنیکی ڕاهێنەری نوێی یانەکەی پەیڕەوی دەکات و دەڵێن: کریستیانۆ پێیوایە شێوازی یاریکردنی ڕالف گونجاو نییە و ناتوانن بەو ڕاهێنەرەوە ململانێ لە سەر هیچ نازناوێك بکەن.

سەرچاوەیەکی نزیك لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئاشکرای کردووە، کە کریستیانۆ زۆر نیگەرانە سەبارەت بەوەی لە مانچستەر یۆنایتد ڕوودەدات، چونکە یانەکە ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستە دەکرێت و کریسیش دەزانێت، کە ئەو یەکێکە لە سەرکردەکانی تیپەکە بۆیە ڕەخنەکان ئەویش دەگرنەوە.

دەشڵێت: کریس زۆر حەزدەکات گەڕانەوەی بۆ مانچستەر یۆنایتد سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئیدی هەستی بەوە کردووە، کە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بردنەوەی نازناوەکان زۆر زەحمەت دەبێت.

سەرچاوەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە ڕۆناڵدۆ و میندێز ماوەیەك پێکەوە گفتوگۆیان لەسەر دۆخی ئێستای مانچستەر یۆنایتد کردووە و باسیان لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان کردووە و دەڵێن:کریستیانۆ و میندێز هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو دەگرن و دەکرێت هەر شتێك ڕووبدات.



## دۆرتمۆند بۆچوونی خۆی لەسەر دوارۆژی ئەستێرەیەکی ئاشکرا کرد

یانەی برووسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ڕایگەیاند، ئەستێرەی یانەکە هالاند لە داهاتوویەکی نزیکدا لە بارەی داهاتووی خۆی بڕیار دەدات.

سێباستیان کیل، بەڕێوەبەری موڵەتپێدان لە یانەی برووسیا دۆرتمۆند دەڵێت: هالاند لە داهاتوویەکی نزیکدا دوای کۆبوونەوە لەگەڵ یانەکە بڕیاری خۆی دەدات و داهاتووی یەکلادەکاتەوە.

ئەو بەڕێوەبەرەی برووسیا دۆرتمۆند گوتی: بە هیچ شێوەیەك شتێکم لە بارەی وادەیەکی دیاریکراو بۆ یەکلاکردنەوەی داهاتووی یاریزانەکە ئاشکرا نەکردووە.

سێباستیان زیاتر دەڵێت: بۆ بۆندسلیگا زۆرباش دەبێت ئەگەر هالاند لەگەڵ ئێمە بمێنێتەوە، بەڵام بڕیارەکە لەدەست خۆیەتی.

کیل لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: یانەی برووسیا دۆرتمۆند لەگەڵ ئەستێرە نەرویژییەکە کۆدەبێتەوە، بۆ ئەوەی ویستی یاریزانەکە بزانێت، بەڵام کاتی ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیە ئاشکرا ناکەین.

هالاند، گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٤ لەگەڵ یانەی برووسیا دۆرتمۆند تەواو دەبێت، بەڵام لە هاوینی داهاتوو مەرجی هەڵوەشاندنەوەی یاریزانەکە دەبێتە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ، ئەمەش ئەرکی یانە گەورەکان ئاسان دەکات بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ یاریزانەکە بکەن.

ناوی هێرشبەرە نەرویژییەکە ماوەیەکی زۆرە بە یانە گەورەکانی ئەورووپاوە بەستراوەتەوە، بەتایبەت ڕیاڵ مەدرید، بەرشلۆنە، بایرن میونیخ و مانچستەر سیتی، بەڵام هێشتا بەتەواوی داهاتووی یاریزانەکە دیار نییە.

میدیای ئیسپانیا دەڵێت: مینۆ ڕایۆلا بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانەکە بە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ڕاگەیاندووە، ئەگەر یانەکە لە توانایدا هەبێت یاریزانەکە بکڕێت، دەتوانن هاوکار بن بۆ ئەوەی گرێبەستەکە بکرێت.




# بەرشلۆنە نزیکە لە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانێکی ڕیال مەدرید

بەرشلۆنە لەگەڵ ئیسکۆ گەیشتووەتە ڕێککەوتنی سەرەتایی بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەم وەرزە پەیوەندی بە ڕیزەکانی یانە کەتەلۆنییەکە بکات.

بەپێی بەرنامەی ئێلچێرینگیتۆی ئیسپانی چاڤی هێرناندێز ڕاهێنەری بەرشلۆنە پەیوەندی بە ئیسکۆی ناوەڕاستکاری ڕیال مەدرید کردووە بۆ پەیوەندیکردنی یاریزانە ئیسپانییەکە بە ڕیزەکانی بەرشلۆنە لە وەرزی داهاتوو.

سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوەش کردووە، بارسا گەیشتووەتە ڕێککەوتنی سەرەتایی و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئیسکۆ لە وەرزی داهاتوو یاری بۆ بەرشلۆنە دەکات، بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئەم یاریزانە لە پلانەکانی کارلۆ ئانچیلۆتی نییە و تا ئێستاش گرێبەستەکەی لەگەڵ مێرەنگی نوێ نەکردووەتەوە.

پێشتریش چەند سەرچاوەیەك ئاماژەیان بەوە دابوو کارگێری ڕیال مەدرید سوورە لەسەر دەستبەرداربوون لە ئیسکۆ لە بازاڕی گواستنەوەی زستانە، یان ئەو کاتەی گرێبەستەکەی تەواو دەبێت و بە سەربەستی لە یانەکە دەڕوات.

ئیسکۆی تەمەن ٢٩ساڵ لە یانەی ڤالنسیا پێگەیشتووە، دواتر ڕووی کردە یانەی مالاگا و لە ساڵی ٢٠١٣ بە باشترین یاریزانی لاوی جیهان دیاری کرا، لە هەمان ساڵ پەیوەندی بە یانەی ڕیال مەدرید کرد لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی لە یانەی ڕیال مەدرید یاری دەکات، بەشداری لە ٣٤٦ یاری کردووە و ٥٢ گۆڵ و ٥٦ ئاسیستی کردووە و چوار نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید بەدەستهێناوە.

# ڕەواندز دەیەوێت سەربکەوێت بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ڕەواندز ئەم وەرزە بەشدارە لە یارییەکانی خولی پلە دووەکانی کوردستان، یانەکە چاوی لەوەیە بتوانێت لە کۆمەڵەی پارێزگای هەولێر، خۆی بگەیەنێتە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی یانەکە ستافی ڕاهێنەری تازە و کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزی گواستووەتەوە ڕیزی یانەکەی، لەم بارەشەوە فەرهەنگ تەها یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی ڕەواندز، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەی ئەمساڵمان جیاوازە لە چاو ساڵانی پێشوو و کۆمەڵێك یاریزانی باشمان لە ئیدارەی سۆران و یانەی هەڵۆ گواستووەتەوە یانەکە، بە شێوەیەکی باش خۆمان ئامادە کردووە، تەنیا گرفتی هێڵی پێشەوەمان هەیە، ئەویش دەتوانین بە یاریزانی ئاست بەرز شوێنی پڕ بکەینەوە، ئامانجی ئێمە سەرکەوتنە بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، پشت بەخودای گەورە ئامادەشین بۆ ئەم سەرکەوتنە»، فەرهەنگ گوتیشی: « هیچ لە یانەکەماندا کێشە و گرفتێکمان نییە و چەند یارییەکی دۆستانەشمان ئەنجامداوە و ئەنجامەکان دڵخۆشکەرن، بە شێوەیەکی گشتی یاریزانەکانمان ئامادەن بۆ یارییەکان، وەکو ستافی ڕاهێنەرانیش متمانەی تەواومان بەخۆمان هەیە کە بتوانین کارێکی باش بکەین بۆ یانەی ڕەواندز، بۆ ئەوەی تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر و سەربکەوین بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کە ئەوەش هیوای ئێمە و ئیدارەی یانە و هاندەرانی شارەکەیە.

## یانەی ئافرەتانی هەولێر چ

تیپی تۆپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر ئەم وەرزە بە ستافێکی ڕاهێنەری تازە و یاریزانانی ئاست بەرزەوە، چوونەتە نێو کەشوهەوای یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، یانەکەش لە کۆمەڵەکەیدا لە پێشەنگی یانەکان دێت و ئاست و ئەنجامی لە ئێستاوە دڵخۆشکەرە، بۆ ئەوەی بتوانن زەنگی پاڵەوان بوون لێ بدەن، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا پشوومان بە





## ـــــــاوی لە زەنگی بوون بە پاڵەوانە

یاریزانەکانمان داوە، چونکە سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانن، لای ئێمە خوێندن گرنگترە و یاریزانەکانمان سەرپشك کردووە بۆ ئەوەی باشترین ئامادەکارییەکانیان بکەن بۆ ڕۆژانی تاقیکردنەوەکان، دوای تاقیکردنەوەکان دەست بە مەشقەکان دەکەینەوە، ئەنجامەکانیشمان تا ئێستا دڵخۆشکەرە و چاومان لەوەیە ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی داهاتوودا بەدەست بهێنین و لە ئەنجامە باشەکانمان بەردەوام بین»، سەبارەت بە بارودوخی یانەکەشیان مەز محەمەد گوتی: «سوپاس بۆ هەموو لایەك هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە ڕیزی یانەکەماندا و لەوپەری ئامادەباشیداین، چاومان لەوەیە ئەم وەرزە نازناوی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بگەڕێنینەوە هەولێری پایتەختی کوردستان، متمانەی تەواویشمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامان باشتر بکەین لە یارییەکانی داهاتوو ئامانجی ئێمە نازناوەکەیە پشت بە خوای گەورە».

## یانەی هەلۆ قەرزارە و بۆ وەرزی نوێش دەیەوێت بەشداری لە خولەکاندا بکات

هەر چەندە قەیرانی دارایی ڕێگەی بە یانەی هەلۆی دەڤەری بارزان نەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکەش بە ناچاری بڕیارە قورسەکەی دا و، هاندەرانی ناوچەکەی لە بەردەوامی دان بۆ بەشداری لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بێهیوا کرد، ئێستاش ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە ڕیزی یانەکەیان جێهێشتووە و گرێبەستیان لەگەڵ یانەکانی دیکەی کوردستان مۆرکردووە، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەلۆ، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا یانەکەمان بڕی زیاتر لە ٢١میلۆن دینار قەرزارە و چاومان لەوەیە دەزگایەك، یان بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش هاوکاریمان بکات بۆ دانەوە قەرزەکان، بڕیاریشە یانەکە بۆ ساڵی داهاتوو بەشداری لە یارییەکانی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستاندا بکات و، جارێکی دیکە هەوڵی ئەوە بدەن یانەکە بە بارودۆخێکی تازەوە هەنگاو بۆ خولی نایابی کوردستان بهاوێت، لەئێستادا ژمارەیەك یاریزانی یانەکەمان چوونەتە یانەکانی دیکە، بەڵام زیاتر لە ١٥یاریزانیش لە یانەکەدا ماون» سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەلۆ گوتیشی: «هێشتا مووچەی بەشێك لە یاریزانانمان لەسەر شان و پێیان دەدەین، چاوەڕوانی ئەوەشین بزانین کێ یارمەتی یانەکە دەدات بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان هەستێنینەوە، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی تیپەکە باش بکەینەوە و بۆ وەرزی نوێ بە تیپێکی تازەوە بەشداربین لە خولەکاندا بکەین.



# بۆچی بەردەوام هەست بە برسیبوون دەکەیت؟



برسیبوون Hunger لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سەرئێشە لەگەڵ نارەحەتی و کەمبوونی توانای تەرکیزکردن. خواردنی سێ ژەمی تەواو و خۆراکی هاوسەنگ، هاندەرە بۆ هەست نەکردن بە برسیبوون لە ماوەی نێوان ژەمەکاندا. گەلێك هۆکار لە هەندێك کەسدا هاندەرن بۆ بەردەوام هەستکردن بە برسیبوون، کە بریتین لە: کەمیی پرۆتین لە ژەمە سەرەکییەکاندا، کەمخەوی، خواردنی بڕی زیاد لە خۆراکی کاربۆهیدراتیی سافکراوی وەك هەویرکاریی سپی و شەکر و شیرینی، کەمیی چەوری لە خۆراکی ڕۆژانەدا، چونکە چەوری هەستی تێربوون پەیدادەکات، کەمخواردنەوەی ئاو، یان کەمبوونەوەی شلە لە لەشدا Dehydration، کەمیی ڕیشاڵ Fiber لە خۆراکدا، سەرقاڵبوونی مێشك بە بابەتی دیکە Distraction لە کاتی خواردندا، زیاد ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، بە تایبەتی مەشقی توند، زیاد خواردنەوەی ئەلکهول، زیاد خواردنی خۆراکی شل Liquid foods و زیاد خواردنەوەی شلەمەنییەکان، سترێسی زیاد و بەردەوام، بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، خواردن بە پەلە، هەندێك نەخۆشی وەکو زیادبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن و نەخۆشیی شەکرە، پەککەوتنی گورچیلە، هەروەها پەستی، یان خەمۆکی.



# ئایا هەوای ناو فڕۆکە زیانی تەندروستی هەیە؟

کوالیتیی هەوای ناو فڕۆکە گرفتێکی ڕاستەقینەیە بۆ گەشتیار و ستافی فڕۆکە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی توێژینەوەی ئەمەریکی NRC هاتووە، کە هەوای ناو فڕۆکە هۆکارە بۆ چەند گرفتێکی تەندروستی، یەکێك لەم گرفتانە بریتییە لە زیاد بەرکەوتن بە چینەکانی ئۆزۆن، کەمیی ئۆکسجین، پیسبوونی هەوای ناو فڕۆکە بە دەرهاوێشتەکانی بزوێنەری فڕۆکە وەك زەیتی بزوێنەر، شلەی هایدرۆلیکی، گیراوەکانی دژە بەفر Deicing solutions، هەروەها ئاوێتەکانی دژەمێروو Pesticides کە بەسەر فڕۆکەدا دەڕشێنرێت، بەڵام خۆشبەختانە لەبەر سیستمی فلتەرکردنی هەوای ناو فڕۆکە، توانای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس لە کەمترین ئاستدایە و تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی گواستنەوەی ڤایرۆس بە هۆی هەوای ناو فڕۆکەوە تۆمار نەکراوە، بۆ کەمکردنەوەی ئەم گرفتانە پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکە:

بەکارهێنانی ئامێری کەسی بۆ فلتەرکردنی هەوا Air purifier، بەستنی ماسك، دوورکەوتنەوە لە ئەلکهول و بەکارهێنانی پاراسیتۆل لەکاتی سەفەردا بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی سەر جگەر، زیاد خواردنەوەی ئاوی فلتەرکراو بۆ پاککردنەوەی لەش لە هەر ماددەیەکی زیانبەخش.



# ئایا لە زستاندا بڕی زیاترمان لە ڤیتامین D پێویستە؟؟




ڤیتامین D گرنگیی زۆری بۆ تەندروستی هەیە، تیشکی خۆر بۆ دابینکردنی بڕی تەواو سەرچاوەی سەرەکیی سرووشتیی ئەم ڤیتامینەیە. لە زستاندا، لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرکەوتن بە تیشکی خۆر، ئەگەری کەمیی ڤیتامین D دێتەپێشەوە، کاریگەریی تەندروستی کەمیی ڤیتامین D بریتین لە: کزبوونی سیستمی بەرگریی لەش، کە ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنە ڤایرۆسی و بەکترياييەکان زیاد دەکات، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەك: نەخۆشیی دڵ و چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، لاوازبوونی ئێسك و ئەگەری کەوتن Falls، بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا، کە لەوانەیە ببێتە هۆی شکانی ئێسك. دەستنیشانکردنی کەمیی ڤیتامین D بە پشکنینی خوێن دەکرێت، لێرەدا پێویست بە وەرگرتنی کەپسولی ڤیتامین D دەکات بە ڕێنمایی دکتۆر، کە لەوانەیە بە درێژایی مانگەکانی زستان پێویست بکات. بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ٢٠٠٠ یەکەی جیهانی (٥ مایکرۆگرام) ڤیتامین D3 (کە بە کۆلیکالسیفیرۆل Chlecalciferol) ناسراوە، ڕۆژانە لە پاش ژەمی سەرەکیی خۆراکدا بەسە بۆ کەسێکی پێگەیشتوو.



# شوکولاتەی تاریک حەوت سوودی تەندروستیی

شوکولاتەی تاریک Dark chocolate واتە ڕێژەی کاکاو تیایدا ٧٠٪ یان زیاتر بێت. شوکولاتەی تاریك (تۆخ) سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، چونکە ماددەی خۆراکیی گرنگ و سوودبەخش لەخۆ دەگرێت، وەك: ڕیشاڵی تەواوە، ئاسن، مەگنسیۆم، کۆپەر، مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، زینك، لەگەڵ سیلینیۆم، ڕۆژانە خواردنی تەنیا ٣٠ گرام شوکولاتەی تاریك ئامانجە تەندروستییەکان دەپێکێت. سوودە تەندروستییەکانی شوکولاتەی تاریك بریتییە لە: باشترکردنی هاتووچۆی خوێن و دابەزاندی پەستانی خوێن، بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL و ڕێگرتن لە ئۆکسانی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، پاراستنی پێست لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی خۆر، باشترکردنی فرمانەکانی مێشك بە ڕێگای باشترکردنی لێشاوی خوێن بۆ خانەکانی مێشك و، کاریگەریی ماددەی کافئین و تیۆبرۆمین Theobromine کە لە شوکولاتەدان، هەروەها شوکولاتەی تاریك سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ ماددە دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆل Polyphenols و ڤلاڤانۆل Flavanols و کاتێچینەکان Catechins کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ خۆپاراستن لە: ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، نەخۆشیی دڵ، شێرپەنجە، نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، نەخۆشیی پارکینسۆن، نەخۆشییەکانی چاو.



# ئۆمیکرۆن زۆر بە خێرایی هەوکردن لە کۆئەندامی هەناسەدا دروست دەکات

لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا هاتووە کە لە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆندا، گۆڕانی ئەوتۆ لە نوکە پرۆتینەکانی Spike protein ڤایرۆسی کۆرۆنادا دروستبوون، کە توانای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەی زیاتر کردووە و، تەنانەت دوچاری ئەو کەسانەش دەبێت کە هەموو ژەمەکانی ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرگرتووە و، خێراترە لە هەموو جۆرە گۆڕاوە ناسراوەکانی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەمەش کراوە کە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنس کۆڤید ٧٠ جار خێراتر لە گۆڕدراوی دێلتا و جۆری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرەتای دەستپێکی پەتادا دابەش دەبێت و، هەوکردن لە ڕێڕەوەکانی هەناسەدا دروست دەکات، ئەمە وای لێ کردووە کە زۆر خێرا بڵاو بێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە کەسی تووشبوو بە سەختی نایگرێت و نیشانەکانی سووك دەبن، جەخت لەوەش کراوەتەوە کە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن هەوکردن لە بەشی خوارەوەی سییەکاندا دروست دەکات، هەروەها لە توانایدایە کە تا ڕادەیەکی کەم بەرگریی لەشی دروستبوو بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا پاش وەرگرتنی ڤاکسین، یان تووشبوون بە کۆڤید١٩ بگرێت، هەر بۆیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO گرنگیی تایبەتی بە گۆڕاوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا داوە.

# خراپترین چەوری لە لەشی مرۆڤدا

چەوریی هەناو Visceral fat لە شوێنە قووڵەکانی سکدا خەزن دەکرێت و، لە نزیك ئەو خوێنهێنەرەدا کۆدەبێتەوە کە خوێن لە گەدە و پەنکریاس و سپڵەوە بۆ جگەر دەگوازێتەوە Portal vein، واتە لە دەوری ئەندامەکانی هەناو، کە جگەر و ڕیخۆڵەش دەگرێتەوە.

چەوریی هەناو تەنیا ١٠٪ی هەموو چەوریی خەزنکراوی لەش پێك دەهێنێت، بەشە زۆرەکەی دیکەی چەوریی لەش لەژێر پێستدا خەزن دەکرێت. چەوریی هەناو کە بە چەوریی شاراوە Hidden fat ناوزەد دەکرێت بەشێکە لە چەوریی ورگ، کە بە خراپترین چەوریی لەش دادەنرێت، چونکە لە چەوریی بەشەکانی دیکەی لەش چالاکترە بۆ دروستکردنی ماددە کیمیاییەکانی هەوکردن Inflammatory chemicals و چەند هۆرمۆنێك، بەمەش ئەگەری تووشبوون بە گەلێك نەخۆشی زیاد دەکات وەك: زیادبوونی چەوریی جگەر Fatty liver، نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، پەیدابوونی بەرگری بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، کە ئەگەری تووشبوون تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو زیاد دەکات. هۆکارەکانی زیادبوونی چەوریی هەناو بریتییە لە: هۆکاری بۆماوەیی، زیاد خواردنەوەی ئەلکهول و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، کەم خەوی، کەمیی چالاکیی جەستەیی و مەشقی هەوایی.



# ئامێرێکی گرنگ بۆ تەندروستی

بەهۆی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای سەردەم، ئامێرە پزیشکییەکانیش پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە دیوە، ئەو ئامێرانەی کە پێشتر تەنیا لە نەخۆشخانەکان دەبیندران، ئێستا لە ماڵەوەش دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت.

ئامێری HealthyU، ئامێرێکی زیرەکە و لە راستیدا جۆکەرە، چونکە بە تەنیا هەر کارێك ئەنجام نادا.

لەو کاتەوە پەتای کرۆنا گشتگیر بوو، جیهان کەرەنتینە کرا. خەڵك بۆ چوون بۆ نەخۆشخانەکان خۆیان دەپاراست. هەربۆیە لەو کاتەدا پسپۆرانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ ئامێری HealthyU بەرهەم هێنا.

ئامێرەکە زۆر ئەرك ئەنجام دەدا، وەك تا پێو، کاردیۆگرام بۆ کرداری دڵ و سییەکان، گرتنی زەختی خوێن. ئامێرەکە داتاکانی نەخۆش کۆدەکاتەوەو بۆ دکتۆری تایبەتی دەنێرێ. هەروەها مایکێکی تایبەتی لەسەرە و نەخۆش هەر ئەوکات دەتوانێ بەهۆیەوە قسە لەگەڵ دکتۆرەکەی بکا.





# پێشانگای ساڵانەی CESی ئـ

پێشانگای CES گەورەترین پێشانگای ساڵانەی تەکنەلۆژییە، کە لە مانگی یەکی هەموو ساڵێك لە شاری لاس ڤیگاسی ئەمەریکا بەڕێوە دەچێ. ئەم پێشانگایە لە ساڵی ١٩٦٧ وە بەردەوام ساڵانە هەبووە، لە سەرەتادا دوو جار لە ساڵێکدا کراوەتەوە و وەرزی هاوینەو وەرزی زستانە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥وە وەرزی هاوینە لابرا و لەم ساڵەوە بەدواوە تەنیا پێشانگا لە وەرزی زستاندا دەکرێتەوە.

ساڵانە لەم پێشانگایەدا گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیا بەشداری تێدا دەکەن و نوێترین تەکنەلۆژیاکانی خۆیان دەخەنەڕوو.












# ئامێرێک بۆ چاودێری ئافرەتانی دووگیان

یەکێك لەو ئامێرە تەکنەلۆژیە گرنگانەی کە ساڵی رابردوو لە ریزی دەستەبژێرەکاندا داندرا، ئامێرێکی شێوە کاتژمێری بوو بۆ چاودێریی تەندروستیی ئافرەتانی دوو گیان.

«شۆن رەوان» لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی ڤێرجینیا ئامێرێکی گرنگی داهێنا. زۆربەی ژنانی دووگیان لەکاتی دووگیانیدا ئاگاداری تەندروستیی خۆیان نین و زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام ئەو کاتژمێرە دەتوانێ زانیاریی پێویست بەو ئافرەتانە ببەخشێ کە دووگیانن.

ئامێری WHOOP دەتوانی زانیاریی گرنگی وەك چۆنییەتی هەناسەدان، زانیاریی لەباری خەوتن، لێدانی دڵ و زۆر زانیاری دیکەش کۆبکاتەوە.








# ئەمساڵ گەرم و گوڕ نەبوو

**بەهۆی پەتای کرۆناوە سێ ساڵە ئەو گەرموگوڕییەی جارانی نەماوە، بەتایبەتی ئەمساڵ کە لە رۆژی ٥ هەتا ٧ی مانگ کرایەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (ئۆمیکرۆن) لە هەموو مێژووی خۆیدا ئەوەندە بە ساردی بەڕێوە نەچووە. چونکە هەر زۆر زوو کۆمپانیا گەورەکانی وەك ئامازۆن، مایکرۆسۆفت، سامسۆنگ، گوگل...تاد لە پێشانگاکەدا کشانەوە و بەشداریان نەکرد. زۆریان لە رێگای ئۆنلاینەوە بەرهەمەکانی خۆیان خستەڕوو، بەڵام بەو حاڵەوەش ٢٢٠٠ ژوور بۆ کۆمپانیاکانی بەشدار کرانەوە کە خۆیان لە ١٤٣ کۆمپانیای مەزن دەدا.. لە ژمارەکانی داهاتووی فایلی ئایتی (گوڵان)دا زیاتر لە بەرهەمە نوێیەکانی ئەمساڵ باس دەکەین.**








# تەلەڤزیۆنێک شەحن دەکرێتەوە

زۆربەی ئامێرە دیجیتالییەکان بارگاوی دەکرێن و لەکاتی کوژانەوەی کارەبادا کێشەیەکیان بۆ نایەتە پێش، بۆ نموونە لاپتۆپ و مۆبایل و پرۆژکتەر و ...تاد. تەلەڤزیۆن تا ئێستا بۆ کەڵك وەرگرتن لێی پێویستی بە وزەی کارەبایە.

کۆمپانیای LG تەلەڤزیۆنێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە بە جۆری StanbyME ناسراوە. تیڤیەکە مێزێکی تایبەتی نییە، بەڵکو وەك کامێرایەکی وێنەگرتن لەسەر ستاندێك دادەنرێ.

تیڤیەکە ٢٧ ئینجە و هەرکاتێك بارگاوی کرایێتەوە هەتا ٣ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. دەکرێت فیلمێك یان دوو فیلم بەتەواوی سەیر بکەی. ڕەنگە بۆ هەرێمی ئێمە زۆر گونجاو بێ کە کارەبا بەردەوام دێت و دەڕوا. شاشەی تیڤییەکە لەمسیە و زیرەکە، ئاپەکانی وەك نێتفلێکس و ئامازۆن و یۆتیوب دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت پەیامێك کە لە ئینستاگرامدا بۆ کەسێکم ناردووە بیسڕمەوە؟ واتە لە ئینستاگرامی کەسەکەشدا نەمێنێ.**

خوێنەری بەڕێز زۆرجاران کە پەیامێك بۆ کەسێك دەنێرن لە ئینستادا، پێیان وایە ئەگەر کەسەکە بلۆك بکەن، یان بیسڕنەوە ئەوە پەیامەکانیش دەسڕێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. بۆ ئەوەی کە پەیامەکان لە هەردوولادا بسڕێنەوە. دەبێت لە شوێنی چاتکردن لەگەڵ کەسەکە لەسەر ئەو پەیامەی مەبەستە بسڕێتەوە، دەست دابگرە ئەوکات بۆکسێك دەردەکەوێ، بەشی Unsend massage هەڵبژێرە، دوای ئەوە ئەو پەیامە هەم لەلایەن خۆت و هەم لەلای لایەنی دیکە دەسڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر پەیامەکە خوێندرابێتەوەش.



# تەلەسکۆپی زیرەک

سەردەمی خۆی تەلەسکۆپ تەنیا لە تاقیگە گەورەکان، یان ئەو شوێنانەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەر هەسارەناسی دەکرد گیر دەکەوت. ئێستاکە ئەویش وەك ئامێرێکی تایبەتی لێهاتووە و هەرکەس دەتوانێ تەلەسکۆپی تایبەت بەخۆی هەبێ و تەنانەت تەلەسکۆپ بۆ منداڵانیش بەرهەم هاتووە.

تەلەسکۆپی زیرەکی Vaonis Vespera یەکێکە لەو تەلەسکۆپانە کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ. هەمیشە دیمەنی هەسارە و ئەستێرەکان لەسەر شاشەی مۆبایلی بەکارهێنەرەکەی دەبیندرێ. تەلەسکۆپی ناوبراو هەتا ٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. تەنانەت ئەگەر ئەوکاتەی بەکارهێنەر لە خەویشدایە، وێنە و دیمەنەکانی ئاسمان دەگرێ و بۆ مۆبایلەکەی بەڕێ دەکا.



## ماڵپەڕێک تایبەت بە زانیاریی گشتی

ڕەنگە ئەوەت نەزانیبێ کە لە ڕۆژی لەدایك بووندا نزیکەی ١٦٠ هەزار کەس لە جیهاندا دەمرن. ئەگەر پەتایەکی وەك کرۆناش هەبێ ئەوە ڕێژەکە زیاتریشە.

یان ڕەنگە نەزانی هیچ پڵنگێك لە ئەفریقادا نییە، ئەوەی هەیە لە ئاسیادایە! یان ئەوەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ٩ ملیۆن شەڕکەر و ٧ ملیۆن کەسی سڤیل کوژران! یان ئەوەی کە ١٥٪ی ترافیکی ئینتەرنێت لە جیهاندا سایتی نێتفلێکس داگیری کردووە و ئەو زانیارییانە و بە ملیۆنان زانیاری دیکە.. لە ماڵپەڕی https://www.factslides.com/ سەیر بکە. لەم ماڵپەڕەدا هەموو زانیارییەکان بەشێوەی سلایدن و دەتوانی ڕاستەوخۆ شێریان بکەی و هەروەها دەتوانی دەستت بە سەرچاوەی زانیارییەکەش ڕابگا.


# پرۆگرامێکی ئەندازیاری بۆ ڕێگاوبان و شارسازی

لە سایەی تەکنەلۆژیای نوێ و پرۆگرام و ئەپی تایبەت بە هەر بوارێك زۆربەی ئەرکەکان ئاسان بوونەتەوە.. بەتایبەتی لە بواری ئەندازیاری و بیناسازی و شارسازی و ڕێگاوباندا.

پرۆگرامی Autodesk InfraWorks یەکێکە لەو پرۆگرامانە. کە تایبەتە بۆ خوێندکارانی بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە، بیناسازی، شارسازی و ئەوەی پەیوەندی بەو بوارەوە هەیە.

هەندێك لەتایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای ناسینی هەموو لایەنەکانی سروشت و کارکردن لەسەریان بەپێی ستاندەری جیهانی.
- توانای دروستکردنی پرۆژەی سێ ڕەهەندی ڕێگاوبانەکان، ڕێگای ئاوی و ڕێگای ئاسن.
- توانای دانانی ڕووبارەکان لە پرۆژەکاندا.
- توانای دانانی پرد لە پرۆژەکاندا. سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی پرۆگرامی ئۆتۆکاد.
- بەکارهێنەر کاتێك کار بە پرۆگرامەکە دەکات گەلێك تایبەتمەندی بۆ دەردەکەون کە باسکردنیان لەم چەند دێڕەدا ناگونجێ.






# ئایفۆنەکەت بکە بە کامێرایەکی پانۆرامایی

ئایفۆن بەتایبەتی دوا ڤێرژنی لە بواری کامێراوە زۆر بەهێزە و پێویستی بەکامێرای لاوەکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیایەك هەوڵیداوە کامێرایەکی لاوەکی نوێ بۆ ئایفۆن بەرهەم بهێنێ. کامێرای جۆری Insta360 Nano S لە ڕاستیدا ئایفۆنەکە دەکات بە کامێرایەکی پانۆرامایی واتە ٣٦٠ پلەیی. ڕاستەوخۆ بە شوێنی کێبڵی مۆبایلەکەوە پەیوەند دەدرێ. بە کوالیتی 4k و بە شێوەی ٣٦٠ پلە وێنە دەگرێت. لەگەڵ گشت جۆرەکانی ئایفۆن دەگونجێت. بەدانانی ئاوێنەیەك لە پێشەوە و یەکێکی دیکە لە پشتەوە، وێنەکان پێکەوە پەیوەند دەدا و بەشێوەیەکی خۆکار دەبێتە وێنەیەکی پانۆرامایی. نە تەنیا بۆ وێنە بەڵکو فیلمیش بەم شێوەیە دەگرێت. هەروەها بۆ چاتکردنی ڤیدیۆیی بە شێوەی ٣٦٠ پلەیش بەکار دێت.





# کراسی لەتکراوی بووک Cut Out

مۆدی کراسی خانمانی بووک لە ساڵی تازەدا گۆڕانکارییەکی تازەی بە خۆوە بینیوە، کە مۆدێکی نوێ و جیاوازتر لە شێوازەکانی پێشوودا دەردەکەوێت، ئەو شێوازە بە کراسی لەتکراو cut out ناسراوە، واتە دوو شێوە لە خۆ دەگرێت، یەکێکیان لووس و بەدی و جەستە دەگرێت، بەبێ نەخش و نیگار و ئێکسسوارە، ئەوەی دیکە پێچەوانەیە، کە پەڕپەڕ و نەخش و لەتکردنی پێوە دیارە. مارکەی ڤیکتۆر ئەند ڕۆلف، Viktor &Rolf کراسە تازەکانی لە دوو کەرت ئامادە کردووە، کە بەشی سەرەوەی لووس و بەبێ نەخشە، بەشی خوارەوەش لە پەڕپەڕی لاکێشەی ستوونی دروست کراوە، بەشی سەرەوەی کراوە و داخراوی هەیە، کە بە open shoulder ناسراوە، بۆ ئەوانەی کە مەبەستیانە شانەکانیان بە دەرەوە بێت، دەتوانن ئەو کراسە هەڵبژێرە کە بەشی سەرەوەی کراوەیە و تاوەکو سەر کەمەر بەدی و لووسە و سادەیە، بەشی خوارەوەشی دەبێتە نەخش و لەت کراو، بۆ ئەوانەی کە نایانەوێت شانەکانیان بە دەرەوە بێت، دەتوانن کراسی بووکێنی سەرەوە تاوەکو کەمەر بە نەخش و ڕازێنراو هەڵبژێرن، ئەو شێوازە لە لایەن دیزاینەری جیهانی (ئیزابێل سانچێز) ئامادە کراوە، گرێیەکی لە قوماشی ساتان تێدایە و بەشی خوارەوەش لە شێوەی تەنوورەی شێوەی پیتی Aی ئینگلیزی نەخشێنراوە.



# ئەتەکێت و پرۆتۆکۆلی کەسایەتیت لە کاتی خواردن و خواردنەوەدا

ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵ بۆ هەموو مرۆڤێك گرنگە، بە تایبەت بۆخانمان لەو کاتەی لە دەرەوە دەبن، شێوازی کەسایەتی و هەڵسوکەوتی گونجاو و شیاو مانای ئەتەکێتت پێ دەدات، هەروەها شارەزایی و زانین دەبێتە پرۆتۆکۆڵی کەسایەتیت. پسپۆری ئەتەکێت (هەدیر حوسێن) دەڵێت: خانمان ئەگەر هێندەی شاجوانێك جوان بن، بەڵام کاتێك لە شوێنێکی گشتی دەبن، بە تایبەت لە کاتی خواردن و خواردنەوەدا، پێویستە جوانترین کەسایەتی و ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵیان هەبێت، ئەو پسپۆڕە هەروەها دەڵێت: نابێت بە فووی دەم خواردن و خواردنەوەی گەرم سارد بکەیتەوە، چونکە شێوازێکی نا ڕێکە، بە تایبەت لە شوێنی گشتی و میوانداریدا، بەڵکو وا چاکترە چاوەڕێ بکەیت تا ماوەیەکی کورت و پەلە نەکەی لە خواردن و خواردنەوەکە، لە کاتی بەکارهێنانی کەوچك، هەوڵ دە کەرمترین دەنگی لێوە بێت و، نەبێتە هۆی بێزاریی کەسانی دەوروبەر، مەهێڵە پاشماوەی خواردن بەسەر لێو و گەردن و ڕوخسارتەوە بێت، ئەوەش لە ڕێگەی زۆر بەکارهێنانی کلینیکس لە کاتی خواردن و خواردنەوەدا، هاوکات لە کاتی ساردکردنەوەی خواردن و خواردنەوەدا بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکان بکە، چونکە بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی پیسبوونی جلوبەرگ و جەستەت.



# شێوازە تازەکانی قژ بڕین



مۆدەکانی تازەی قژ بڕین لە ماوەیەکی کەمدا چەندین شێوازی تازە و نوێیان بۆ کراوە، کە زۆربەیان بە پێی کار و دەرچوون و ژیانی ڕۆژانە ئامادە کراوە، واتە ئەو خانمەی زۆرترین ماوە لە ڕۆژێکدا بەسەری دەبات، لە دەوام بێت یان لەماڵەوە، یان شوێنی دیکە، بەپێی کار و شێوازی ژیان قژ بڕینەکەی بۆ هەڵدەبژێدرێت، ئەو هەنگاوە بە پێی داواکارییە و فەرز نییە. ئەوانەی کە ڕۆژانە کار و دەوامیان هەیە، پێویستیان بە جۆرە قژێکە کە لە کاتی کاری ڕۆژانەدا بە زووترین کات ببەسترێت و بێزاریان نەکات، شێوازەکانیش بریتیین لە: قژی کورت، بۆ ئەو خانمانە گونجاوە کە دەوامی فەرمیان هەیە، یان لە زانکۆن، یانیش کاری مەیدانییان هەیە. شێوازی قژی درێژ و کراوە، بۆ ئەوانەیە کە زۆرترین ماوە لە ماڵن، یان ڕۆژانەی ژیانیان لە شوێنێك بەسەر دەبەن کە زیاتر دادەنیشن، ئە شێوازە ئافرەتانی دیکەش دەبێت، بەڵام دەبێتە مایەی ماندووبوون و خزمەتکردنی زیاتر و گرنگیپێدانی زۆری دەوێت. شێوازی سێیەم کە قژ بڕینی کارییە، ئەو شێوازە دوو جۆری هەیە، کاریی کورت و درێژ، کە بۆ گەشت و دەرچوون و کاری مەیدانی و کاروباری ماڵ گونجاوە، بێ ئەوەی ماندووت بکات، هەروەها شووشتنیشی ئاسانە و سادەیە.

# کڵاوێکی سەربازی دەبێتە جلی مۆدە



مـۆدی جـل و بـەرگ لـە جیهانـدا زیاتـر لەلایـەن پسـپۆران و مارکەکانـی جیهـان ئامـادە دەکرێـن و پاشـان دەخرێنـە بـازاڕەوە، هـەر جلێـك بـەر لـە دەرچوونـی لێکۆڵینـەوە و پشـکنین و تاقیکردنـەوە لەسـەر نەخـش و شـێواز و سـتایلەکەی لەسـەر دەکرێـت، بـەم دواییـە کڵاوێکـی سـەر کـە سـەر و ملیـش دادەپۆشـێت لـە زۆربـەی وڵاتـان بۆتـە مۆدێکـی سـەردەم، کڵاوەکـە سـەربازییە بـۆ ئەوانەیـە لـە کاتـی مەشـق و ڕاهێنـان و ئەرکدا لەسـەر دەکەن تاوەکو پارێـزراو بـن لـە سـەرما و گـەرما و هەروەهـا نەناسـینەوە، کڵاوەکـە نـاوی (بالاکلاڤا)یـە، ئێسـتا لـە کاتـی ئاسـایی و دەرچـوون و تەنانـەت بۆنـە و سەردانیشـدا لەسـەر دەکرێـت، تـا ئێسـتا (٢٤٨) هـەزار پارچـەی لێـی فرۆشـراوە، تـا سـەرەتای ساڵـی تـازەدا لـە ٥٠٠٠٪ی زیاتـر داوکاری لەسـەر کراوەکـە زیـادی کـردووە، سـەرەتا لەلایـەن مارکـەی ZARA دیزایـن و نمایـش و دابـەش کـرا، جسـێکا بایـن، بەڕێوەبـەری پێنترێسـت ئامـاژەی بـەوەدا کـە خواسـتێکی سـەیر لەسـەر کڵاوەکـە سەربازییەکەدا هەیـە، بـەو پێیـەی خەڵکـی سیڤیل و ئاسـایی وەك کەرەسـتەیەکی جـوان و جوانـکاری لەسـەری دەکـەن.

## وێنە و شاکاری هـ

سەردەمانێك داوو بزماریان بۆ وێنەکێشان لە نێو فەرش و مافووردا بۆ ڕستن و چنین بەکار هێناوە، کە ئەوەش وەك زانستێکی فیکری و دەستی کار بووە، تەنانەت هەندێك لەوانەی ئەو کارەیان کردووە، خوێندەوارییشیان نەبووە، بەم دواییە کۆمپانیای سەلوا ستۆدیۆ کە لە هەردوو وڵاتی ئیمارات و تورکیا کار دەکات، هەستاوەن بە زیندووکردنەوەی ئەو دەسترەنگینییە کۆنە، پرۆژەکەشیان بریتییە لە دروست کردنی وێنە و تابلۆ و شاکاری هونەری لە داو و بزمار، تا ئێستا لە کارەکەیاندا سەرکەوتووبوون، بۆ هەر وێنەیەك پێنج کیلۆمەتر (دەزو) داویان بەکارهێناوە، ئەو پرۆژەیە







# نەخش و نیگاری سەر دەست و دەموچاو داواكاریی زۆری لەسەرە

نەخش و نیگاری سەر دەست و مەچەك و ڕوخسار، جاران وەك نەریتێكی باوی نێو ئافرەتان بە گشتی هەبوو و، پیاوانیش بەشێكی جەستەیان بە خاڵكوتین و نەخش و نیگار بەهۆی خەنەوە دەڕازاندەوە، كە ئەوەش بە بەكارهێنانی دەرزی و كلی چاوان دروست دەكرا، دواتر نیشانەكە، یان نەخشەكە بە ڕەنگێكی سەوز خۆی نیشان دەدا، ئێستا ئەو نەریتە كۆنە بووەتە تاتۆ، كە بەشێك لە گەنجان بۆ جوانی پەنا دەبەنە بەر تاتۆ، جگە لەوەش هونەرێكی دیكەی دەستڕەنگینی ئافرەتان هەیە، كە نەخش و نیگارە لەسەر دەست و ڕوخسار و جەستە.

خاتوو (مەهاباد مووەفەق) كە دەرچووی كۆلیژی هونەرەجوانەكان بەشی دیزاینە دەڵێت: نەخشی سەر دەست و مەچەك و ڕوخسار بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە و جوانكاری بەكار دێت، كە شتێكی ناسكە لە جوانیدا، ئەوانەی كە زیاتر خولیای نەخش و نیگارن، ئەوانەن كە بەهرەیان هەیە، من وەك خولیا و حەزێك ئەو كارە دەكەم، ئەو ماددەیەی بەكاری دەهێنم بۆ نەخشكردن (خەنە)یە، كە بۆ ماوەی هەفتەیەك لەسەر پێست، چ ڕوخسار یان دەست و مەچەك دەمێنێتەوە، جیاوازیی ئەو نەخشە لەگەڵ تاتۆ ئەوەیە كە هەمیشەیی نییە، بەڵام تاتۆ بۆ ماوەیەكی زۆرە و لاناچێت، ڕەنگە هەبێت لێی پەشیمان بێتەوە، بەڵام ناتوانێت، ئەم جۆرە نەخشە كە بە خەنە دەكرێت جەماوەرێكی زۆری هەیە و لە تاتۆ زیاتر باوترە، چونكە شتێكی ناسكە و ئاساییە، خەڵكیش زیاتر داوای نەخشی گوڵ و شێوەی ئەستێرە و مانگ و باڵندە و گیانداران دەكەن، تا لەسەر دەست و مەچەكیان بنەخشێندرێت.



# ونەری لە داو و بزمار

ماوەی پێنج ساڵە ئامادەكاری بۆ دەكرێت، كە چۆن بتوانن لە داو و بزمار وێنەی كەسایەتییە ناودارەكانی جیهان، یان وێنەی هەر كەسێكی ئاسایی چێ بكەن، بیرۆكەكە لە ناوەڕاستی پرۆژەیەكەوە دەست پێ دەكات، كە سەرەتا بە داو دەچێنرێت، پاشان بە بزمار كاری ڕستنی بۆ دەكرێت، تا ئەو كاتەی شاكارەكە تەواو دەبێت.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆرۆنا دەکرێت و، پێی دەگوترێت: لەگەڵ کۆرۆنا هاوپەیمانین بۆ لەناوبردنی مرۆڤ، کە ئەوەش بۆسەیەکە کۆرۆنا لە ڕێگەی ڤاکسینەکانەوە پەکی کەوتووە.



# بووکەخان جلی خۆی دەدووڕێت

ئەو کچە هیندستانییە ناوی (کریشا باجاج زاڤیری)یە تەمەنی (٢٦) ساڵە، دوای ئەوەی لە ماوەی دەستگیرانیدا زۆر ماندوو دەبێ لە گەڕان بە دوای کراسێکی بووکێنی لە ڕەنگی (سپی و زێڕین)دا، بەڵام دەستی ناکەوێت، بە تایبەت ئەوەی خۆی بە دڵیەتی، هەر بۆیە ماوەی دوو مانگ هاوسەرگیرییەکەی دواخست، تا کراسێکی جوانی بۆ خۆی نەخشاند، بیرۆکەکەشی لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بە ناوی (Real Housewives of Beverly Hills)، وەرگرتووە، خەون و ئاواتەکەی هێنایە دی و چاوی لە دەستی کەسی دیکەش نەبوو، لە ڕۆژی ئاهەنگەکەشیدا، بە جوانترین شێوە و وەك بووکێکی جوان دەرکەوت.

## فیلم

## بەدواداچوون مەکە - Don›t Look Up



یەکێکە لە فیلمە بەهێزە تازەکان، کە باس لە دوو بۆشاییناس دەکات، تا بچنە نێو تاوەرێکی گەورەی گەیاندن وچاودێری، بۆ دەستخستنی زانیاری لەسەر هاتنی نەیزەکێك کە بەرەو زەوی دێت و کاولی دەکات، فیلمەکە لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٢١ تەواو کراوە لە ٢٠٢٢ بڵاودەکرێتەوە، لە دەرهێنانی ئەدام ماکاییە، بودجەی فیلمەکە ٧٥ ملیۆن دۆلارە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٢٥ خولەکە، لە نواندنی (لیناردۆ دیکاپریۆ، جینیڤەر لۆرینز، کەیت بلانشێت، تیمۆتی چالامێت)ـە.

## نوکتە

بە کەسێك دەڵێن تەمەنت چەند ساڵە؟
ئەویش دەڵێت: بیست ساڵم.
دوای دە ساڵی دیکە لێی دەپرسنەوە چەندساڵیت؟
ئەویش دەڵێتەوە: هەر بیست ساڵم. ئەوانیش دەڵێن ئەوە چۆن دەبێت ئەی گەورە نەبوویت، خۆ دەساڵ لەمەوبەر وتت بیست ساڵم؟
ئەویش دەڵێت: ئاخر عەیبە پیاو لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئێستا کاتێکی باشە بۆئەوەی بە شێوەیەکی ئەرێنی دەست بە کارێکی نوێ بکەیت، کارەکانت بۆ ماوەیەکی کاتی بوەستێنە، ئەگەر دەزانیت ناتوانیت سەرنجت لە سەر تەواوی ئەرکەکانت بێت، ئەوا بۆ ماوەیەکی کاتی پشوو وەربگرە، لەبیری مەکە کەسانێکی زۆر هەن لە ئەرکەکانتدا پشتگیریت دەکەن.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێکجار شتەکان بەپێی ئەو پلانە بەڕێوە ناچن کە تۆ داتناوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە ئەگەر خۆت بتوانیت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەیت، کاتێك ڕووبەڕووی چەند سەختییەك دەبیتەوە، وا باشترە کەمتەرخەم نەبیت، چونکە ڕووبەڕووی گرفتی گەورە تر دەبیتەوە، هەوڵی پەیداکردنی هاوڕێیەك بدە، بۆ تەواوی ژیانت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

چارەنوس یاریت لەگەڵدا دەکات، هەوڵبدە خۆت بدۆزیتەوە و ڕێگە مەدە بارودۆخە سەختەکان تێکت بشکێنێت، لە ژیانی تایبەتیتدا شتەکان بەو شێوەیە نین کە خۆت دەتەوێت، وابیر دەکەیتەوە هیچ کەسێك نایەوێت بە ئامانجەکانت بگەیت، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕەنگە بە کاتێکی سەختدا تێپەڕیت و فشارێکی زۆری دەرونیت لەسەر دروست ببێت، پێویستە حۆڕاگر بیت، لەلایەنی پیشەییەوە، سود لە دەرفەتە بچوکەکان ببینە بۆئەوەی زیاتر بەرەو پێش بچیت و، چاوەڕێ مەکە کەسێك بێت و دەستت بگرێت، تەنیا پشت بەخۆت ببەستە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەم ماوەیە وزەیەکی زۆرت هەیە و ئارەزوو دەکەیت کاری جۆراوجۆر و جیاواز تاقی بکەیتەوە، وا باشترە پلانەکانت دابڕێژیتەوە، ئێستا کاتێکی باش نییە بۆئەوەی لە کارەکەت دوور بکەویتەوە، چونکە ڕەنگە گرفتت بۆ دروست ببێت، کاتێك دابنێ بۆئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕازی دڵتان بۆ یەکتر باس بکەن.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی ئەوەیە کە میزاجت باش نییە و زووزوو هەڵدەچیت، ناتوانیت کۆنترۆڵی بارودۆخەکان بکەیت، هیچ کەسێك نازانێت چی لە ناختدا هەیە، تەنانەت هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیشت، هەربۆیە ڕێگە بدە زانیاریی زیاترت لە بارەوە بەدەست بهێنن، ئەمەش یارمەتیتان دەدات زیاتر لەیەکتر تێبگەن.



## پەند و وتە

ئاین ڕاند ناوی تەواوی ئەلیسا زینیفینا ڕۆزنباوم، نووسەری شانۆیی و فەیلەسوف و ڕۆماننووسی ڕووسی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٠٥ لە ڕووسیا لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هێز و بیر ئیتیک دەڵێ: کاتێك هێز و بیرکردنەوە جیاواز دەبن، ئەو کاتە ئیتیک نامێنێت و چەك بەکاردەهێنرێت.



## یاری وێنە

ئـەم وێنەیـە بـە دوو دیمـەن خـۆی نیشـان دەدات، یەکێکیـان سـەری کەسـێکە، ئـەوەی دیکە دیمەنـی دەشـتودەرە، هـەوڵ بـدە هـەردوو دیمەنەکـە لـە وێنەکـەدا بدۆزیتـەوە.

## بۆ زانیاریت

# هێڵی گرینویچ



(کات بە گرینیچ - GMT) یان، ناوی (Greenwich) گوندێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیایە و ئێستا ئەو ناوچەیە بەشێکە لەو شارە، ناوچەی (گرینیچ) پێوەری هەموو کاتەکانی جیهانی لەسەر ڕێك دەخرێت و، بە ( مەرجەعی کات ) دادەنرێت، هەروەها ئەو ناوچەیە بەهێڵێك جیهان دابەش دەکات بۆ دوو بەش و، پێی دەگوترێت (هێڵی گرینیچ)، گرینیچ کە ستاندەرێکە بۆ دابەشکردنی کاتی جیهانی دیاریکراوە، شوێنی ئەم شارە دەستنیشانکراوە بە هێڵی سفری پلەکانی جیهانی، واتە گۆی زەوی کەوەك بازنەیەکە، پێکهاتووە لە (٣٦٠) پلە، هەر لەسەر ئەو پێوانەیە جیهانیش دابەشکراوە بە (١٨٠) هێڵی درێژی و، هێڵی یەکەمیش بە گرینیچدا تێپەریوە، بەجۆرێك کە نێوان هێڵێك و هێڵێکی دیکە (١٥) پلەیە و، خۆریش ئەو ماوەیە واتە (نێوان دوو هێڵ ) بە چوار خولەك دەبڕێت، بەو جۆرەش کاتی جیهانی دیاری کراوە، بۆ نموونە: ئەگەر لە لەندەن کاتژمێر شەش بێت، ئەوا لە کوردستان کاتژمێر نۆ یە، چونکە کوردستان کەوتۆتە سەر هێڵی درێژیی ٤٥ی خۆرهەڵات، کەواتە جیاوازیی کات لە نێوان لەندەن و کوردستان سێ کاتژمێرە بە کاتی جیهانی.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر لە ژیانی تایبەتیتدا شتەکان بە باشی بەڕێوە نەچوو،ن نیگەران مەبە، چونکە بە زوویی دەگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان، پرسیارێکی زۆر لە مێشکتدا هەیە و بە دوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێیت، وا باشترە خۆتیان پێوە سەرقاڵ نەکەیت، بە تێپەڕبونی کات وەڵامەکانت بۆ ڕون دەبێتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسانێك هەن کە هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی گرفتت بکەنەوە، ئەگەر زیاتر وریا نەبیت، باردودۆخەکەت لە دەست دەر دەچێت، گومان لە تواناکانی خۆت مەکە، زۆر لەوە بەهێزتریت کە بیری لێ دەکەیتەوە، بە هیواوە بژی و چێژ لە ڕۆژەکانی ژیانت ببینە، هێندە سەرنجت لەسەر خاڵە نەرێنییەکان نەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کاتێکی کەمت تەرخان کردووە بۆ ژیانی خۆت و، زۆربەی کاتەکانت بۆ کەسانی دیکە تەرخان کردووە، پێویستت بەوەیە هەندێك بایەخ بە خۆت بدەیت، چاوەڕێ مەکە کەسانی دیکە گرنگیت پێ بدەن و کارەکاننت بە کەس مەسپێرە، لەلایەنی تەندروستییەوە سیستمی خۆراکییت ڕێك بخە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لە لایەنی سۆزدارییەوە کاتێك ڕووبەڕووی گرفتێك دەبیتەوە، خۆت تووشی سەر لێشێوان مەکە، زۆر جار چارەسەرەکان لەوە نزیکترن کە بیری لێ دەکەیتەوە، ئەم ماوەیە دووبارەبوونەوەی ڕۆتینی ڕۆژانەت بێزاری کردوویت، ئەنجامدانی هەندێك گۆڕانکاری لە ڕووی دەروونییەوە سوودی گرنگی دەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەندێك لە بەرپرسیارێتی دوور بکەوەرەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووی فشاری زۆر نەرێنیی دەروونی و جەستەیی ببیتەوە و کاریگەریت لەسەر دروست بکات، وا یر دەکەیتەوە کە لە بارودۆخەدا هیچ بەرهەمێکت نابێت، هەندێك خۆشی لە ژیانی تایبەتیت ببینە و گەشتێکی کورت ئەنجام بدە، زیاتر بواری بیرکردنەوەت دەبێت.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەگەڵ ئەوەی فشارێکی زۆری کارکردنت لەسەر شانە، بەڵام ڕێگە مەدە کارەکانت لێ تێکەڵ ببێت، پلانێکی ورد دابنێ و مەترسە لەوەی کە داوای یارمەتی لە کەسانی دیکە بکەیت، زۆر بیری ژیانی تایبەتیت دەکەیت، وا باشترە لەگەڵ کارەکەشتدا کات بۆ هاوڕێ و خێزانەکەت تەرخان بکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulan-media.com

www.gulan-media.com

Weekly Gulan January 17, 2022 Issue,No.1301


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626